ئەنوەر قادر رەشید

# پۆست مۆدێرنە
## و چەند بابەتێکی شانۆیی



# ناوەرۆک


شانۆی پۆست مۆدێرنە (پاش نوێگەری)................................ ٥
بنەمای کاری گرۆتۆڤسکی............................................. ١٧
شانۆی ئەلبێر کامۆ.................................................... ٢٥
شانۆی کوردی لەنێوان بوون‌و بنیادناندا.............................. ٣٧
ناسنامەو خۆناساندنی شانۆ.......................................... ٧١
نمایشی (رۆژێک لێرە)و ئەزموونێکی نوێ............................... ٨٣
نمایشی شانۆیی‌و تەکنیکی ئەکتەری کورد.............................. ٩١
رەخنەی شانۆیی پەیوەستە بەداهێنانی شانۆییەوە................... ٩٧
دوو کتێب لەیەک بەرگدا.............................................. ١٠٧
پەیامی رۆژی شانۆی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٠٩........................ ١١٩
کەرنەڤاڵی خوێن لەشانۆیی (ماکبێس)دا............................. ١٢٤
شانۆگەری (زنە)و شێوازی دەربڕین.................................. ١٣١
شانۆ وەک شێوازێکی خەبات لەکوردستان............................ ١٤١
کارگەی خەون........................................................ ١٥٥



# شانۆی
# پۆست مۆدێرنە
# (پاش نوێگەریی)

لەراستیدا ئێمە کاتێک باس لە ڕێبازێک، یان شێوازێک لە دەربڕینی هونەری دەکەین و مێژووی ئەو شێوازە دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، مانای ئەوە نییە لەگەڵ ئەو لایەنەین و هەموو شێوازەکانی دی ڕەت دەکەینەوە، چونکە جوانیی هونەر لە جیاوازیی شێوازەکانیایە و هەر ئەو ڕەنگا و ڕەنگیەشە کە باخچە ی هونەر جوان دەکا و لە یەک قاڵبدا نایبەستێتەوە .دیارە کتێبخانەی کوردیشمان لەلایەنی کتێبی هونەرییەوە (بە تایبەت شانۆ) ئەوەندە لاوازە کە دەبێ هەموو تواناکانمان بخەینەکار بۆ پڕکردنەوەی هەندێک لەو کەلێنانەی کە پێویستیان بەبەسەرکردنەوەیە، دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە شانۆ لە مێژووی درێژی خۆیدا زۆر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەوە چەندین گۆڕانکاریی بنەڕەتیی تیا ڕوودواوە کە بەشێکیان ئەوەندە بنەڕەتی و وەرچەرخان بوون کە پێویستیان بە مشتومڕی زۆر و لێکدانەوە و شیکردنەوەی زۆر هەیە بەپێی بیر و بۆچوونی خۆمان و نزیک خستنەوەی شیاو بۆ

پارسەنگ کردنی لەگەڵ کۆمەڵگاکەمان، لەهەمان کاتیشدا بەو نیازەی نەکرێنە مەتەڵ و بەسـەقەتی بسەپێنرێن بەسەر ئەو شانۆیەماندا کە هێشـتا جێگیر نەبووە و پێویسـتی زۆری بە توێژینەوە و باسکردنی هەموو شـێوازە هونەرییەکان هەیە. بۆیە کاتێک باس لە شـێوازێکی هونەری دەکەین ئیدی ئەگەر فیکری بێت یان فەلسەفی یان هونەری، دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ کە هیچ شێوازێکی هونەری لەخۆڕا پەیدا نەبووە، بەڵکو پێش خۆی بە چەندین شێوازی تر ڕێی بۆ خۆشکراوە و چەندیـن بیریار یان نووسـەر و هونەرمەندی تر بەشـێوەیەک لە شـێوەکان قاڵبـی کۆنتریان شـکاندووە و زەمینەیان بۆ شـێوازێکی جیـاواز خۆڵقاندووە، بۆیـە بەدڵنیاییەوە دەڵێـم لای ئێمەش باس لە شانۆی پاش نوێگەریی کراوە (ئەگەر بە خودی زاراوەکەش نەبووبێ) هـەر کاری لەسـەر کراوە، ئەگەر نـا چۆن توانیومانە لـە فاگنەر و کریـچ و ئاپیـا و ئارتۆ و پیتەر برۆک و گرۆتۆڤسـکی و مایرهۆڵدو یۆجینـۆ باربا..تاد تێبگەین، ئایا هەر یەکێک لەوانە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان لە دەسەڵاتی زمانی ئەدەبییان کەم نەکردوەتەوە، کە لای پاش نوێگەری خوازان بە سـەپاندنی زمانی (من) یان (ئایدۆلۆژیای) نووسـەر نـاوزەدی دەکـەن و دەیکەنـە بنەمای هەڵوەشـاندنەوەو لێکترازانـی تاکڕەوی لەژیانی کۆمەڵایەتیماندا؟. کەواتە ئەم شـێوازە نوێیـە کارکردنـی فیکـری و خەیاڵی هونەری پێویسـتە کـە ڕەنگە تێگەیشتن لە شێوازەکە زۆر ئاسانتر بێ لە کارکردن لەسەری..

دیارە لەدنیای ئیمڕۆی شانۆدا جۆرەها گفتوگۆی فەلسەفی و فیکری و هونەریی هەیە و بەردەوام ئاخافتنەکانیش گەرمتر دەبن و شـانۆ زیاتر هەنگاو بەرەو پرۆفشـناڵ بوونـی لایەنە هونەریەکاندا دەنێ و زیاتریش باسـەکان تاو وتـوێ دەکرێن دەخرێنـەوە قاڵبی پراکتیک و دیسـانەوە لێـی دەکۆڵرێتەوە و هەردەم لە سـنوور دەرباز دەبێ و باسـێکی نوێ دێتـە کایەوە، بۆ نموونە ئێسـتا کاری دراماتۆرگی (Dramaturgie) بووە بە سەرەکیترین لایەنی نمایش (لەدەرفەتێکی تـردا باس لە ئـەرک و کارەکانی دەکەیـن) ، هەروەها چەندین باس

و گفتوگۆ لەسـەر لایەنە فیکری و هونەری و فەلسـەفییەکانی شانۆ دەکـریێ، دیـارە لەناو ئەوانەشـدا ئەو لایەنانەی پۆسـت مۆدێرنیزم پشـتیان پێ دەبەسـتێ لە هەندێ نیوەندی رۆشـنبیریدا مشـتومڕی بەردەوامیان لەسەرە.
لەراستیدا تا ئێستا پێناسەیەکی تەواوی کۆنکریتی بۆ پۆست مۆدێرنە نەکراوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو خودی بیریاران و پاڵپشتانی پۆست مۆدێرنـەوە کۆک نین لەسـەر ئەوەی ئایا فەلسـەفەیە یان رەخنەی کۆمەڵایەتی،یان دیاردەیەکی زانستیی کۆمەڵایەتی.
بنەمـای فەلسـەفە یان دیاردەی پۆسـت مۆدێرنە لەسـەر گومان و هەڵوەشـاندنەوە بنیادنراوە، بە تایبەت گومان لە دەسەڵاتی مۆدێرنە و دژ بەسـەپاندنی بیـر و بۆچوونـی تاکڕەوی لە رێـی تەکنەلۆژیی زانیارگـەری Information) (و ئـەو گڵۆبالیزمـەی هەمـوو دنیای تەنیوەو کولتووری تاکڕەویی رۆژئاواییمان بەسـەردا دەسـەپێنێ و مۆنۆپۆلکردنی بازاری تەکنەلۆژی جیهانی ( نموونەی مایکرۆسۆفت و ئای بی ئێم) و سەپاندنی کۆلۆنیالی کولتووری (خواردەمەنی سەرپێیی مێکدۆنالـدسMc Donalds و جلوبەرگـی جینـس و خواردنەوەی کۆکاکۆلا ... تاد). لەگەڵ جۆرەها کالا و تەنانەت بیناسازیی رۆژاواییش کـە لەرێی میدیاکانەوە دەکرێنە پێویسـتی ژیانـی رۆژانە و مۆدەی سـەردەم کە ئەمانە هەموو بەرهەمی مۆدێرنەن و وزەی مرۆڤی پێ سـنووردار دەکەن و دەیکەنەوە بە کۆیلە. هـەر بۆیە لای بیریارانی پاش نوێگەری مەرگ و لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی سەپاندنی (من) بەسـەر (ئەوی دی) دا دەبێتە سەرەتای بنیادنانەوەی پەیوەندییەکی نوێ لەسەر لۆژیک و بە مانایەکی دی، دیارە مەسەلەی مەرگیش لە (مەرگـی خواوەند) و بنیادنانی مرۆڤی مەزنی(نیچە Nietzsche)وە کـە لە (زەردەشـت ئـاوا دوا) دا بانگەشـەی بۆ کرد، سـەرچاوەی گرتـووە کـە بە تونـدی رەخنەی لە ئاینی کریسـتی گرتـووە و بەو مانایەی گەردوون نەسەرەتای هەیە و نە کۆتایی، بەڵکو بەردەوام لە نوێبوونەوەی بەردەوامدایە، هەروەها ئەو ئاینە بە مۆراڵ (رەوشـت)

ی کۆیلەکان لە قەڵەم دەدا و دەڵێ ناکرێ مرۆڤی مەزن لەو کۆیلانە پێک بێن کە ناتوانن مانا بە جیهان و ژیان ببەخشن. هەر دوابەدوای ئەو بۆچوونانە مەرگی زمانی ئەدەبی و ئاوابوونی راستی و کۆتایی مێژوو و مەرگی فەلسەفە کەوتنە مەیدانی توێژینەوە و سەر لەنوێ بنیادنانەوەی لۆژیکێکی نوێ بۆ سەرجەم ژیانی مرۆڤایەتی. چونکە لەراستیدا (نیچە) دەخرێتە خاڵی دەستپێک و بنەمایەکی فەلسەفی بۆ پۆست مۆدێرنیزمەکان، بەو واتایەی کە تاکڕەوی رەتدەکاتەوە و شێوازی تەقلیدی دەخاتە مۆزەخانە، هەر وەک چۆن لە کولتووردا ڤاگنەر بە پرۆمتیۆس دەشوبهێنێ و دەڵێ ئەگەر پرۆمتیۆس رۆشنایی لەخواوەندەکان بۆ مرۆڤایەتی دزیبێ ئەوە ڤاگنەریش مۆسیقای بۆ مرۆڤایەتی هێناوە( دیارە ڤاگنەریش بەناوبانگترین داهێنەری ئۆپێرایە کە مۆسیقا دەکاتە بنەما و ئۆپێرا دەخاتەوە قاڵبی میللی).

بیریارانی بونیادگەری (Structuralism) هەر خۆیانن کە بانگەشەی لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو کەلەپوور و کولتوورە دەکەن کە مۆدێرنە بەسەر جیهانیدا سەپاندووە، هەرچەندە(فۆکۆ Foucault) بەرگری لە بونیادگەری نەبوونی خۆی دەکات و لە لایەکی ترەوە روونی کردووەتەوە کە( چۆن لەگەڵ سەرهەڵدانی مەعریفەی مۆدێرنەدا زانین و دەسەڵات پشتگیری یەکتریان کردووە، هەر ئاواش بنەماکانی ناو زانینی مۆدێرنە دەبنە هۆی تێکشکانی مرۆڤ و خودی مەعریفەی نوێی رۆژئاوا).

( ئەو جەختەی پۆست مۆدێرنیزم لەسەر مۆدێرنیزم دەیکا لایەنێکی هۆشدارییە لەسەر ئەو فەلسەفەیەی کە بە مانای مێژووی گشت شارستانی نوێی کۆمەڵگەی رۆژئاوایە و دواتر ئەو مێژووە دەسەپێنرێ بەسەر گشت کۆمەڵگاکانی تردا). کەواتە ئەم فۆرمەی مۆدێرنیزم کە بە یەکترلکێنراو و داخراو دەژمێررێ، بەرامبەرەکەی یان چاکتر بڵێین دژەکەی ئەنتی فۆرمە و کە لێکدابڕاو و کراوەیە. هەر بۆیە پۆست مۆدێرنیزم هەڵوەشاندنەوەی هەموو بنەما کۆمەڵایەتی و زانستی و فەلسەفی و کولتوورییەکەی مۆدێرنە بە ئەرکی خۆی

دەزانێ و سەرجەمی سیستەمەکە دەخاتە ژێر گومانەوە.
پۆست مۆدێرنیزم بیروباوەڕ و فەلسەفە ی میتافیزکیەکانی هەردوو لایانەکەی ئیدیالیزم (هیگل) و ماتریالیزم(مارکس) رەت دەکەنەوە* و لە دیدی (دریدا Derrida) وە بۆچوونەکان یەکلایەنەن و سنوور تەسکن و ئەنجامەکانی مرۆڤ بێدەسەڵات و پاشکۆ دەکەن، بۆیە دەچنە خانەی میتافیزیک(لەودیو سروشتەوە) و هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانیان دەبێتە ئەرکێکی هەنووکەیی، هەرچەندە ئەمان سەرەدەزووی گومانیان لە مارکس و نیچەوە وەرگرتووە بۆ بنیادنانەوەی دیدێکی نوێ.
کەواتە بنەمای سەرهەڵدانی پۆست مۆدێرنیزم کە بانگەشەی ئەوە دەکا بەهای تەواو بۆ مرۆڤایەتی بگەڕێنێتەوە و ئەو کۆلۆنیاڵکردنە هەمەلایەنە لە دەسەڵاتی سنووردارکەرانی وزەی مرۆڤایەتی بسێنێتەوە بۆیە سەرەتا دژەگێڕانەوەی مۆدێرنیزمە و ئەمیان زیاتر بایەخ بە زمانە ناوچەگەرییەکان دەدا لەو زمان بە جیهانی کردنەی مۆدێرنە لە رێی ئەو زمانە تەکنەلۆژیایەی ناتوانێ زانین بکاتە زمانی هەمووان، بەڵکو دەبێتە گەمەیەکی زمان و دەسەپێنێ بەسەر هەموو جیهاندا، هەر لێرەشەوە ئەو راستیانە لە گرژبوون و کەمبوونەوەدان کە مۆدێرنەکان دەیانەوێ لەرێی میدیاکانەوە چاو چەواشە بکەن و بیروڕای خۆیان وەک راستی سەلماندن بسەپێنن، کەواتە لێرەوە دەبێ ئەو مێژووەش کۆتایی پێ بێت کە دەستەباڵاکان دەینووسنەوە و بانگەشەی بۆ دەکەن، هەر لەگەڵ ئەو مەرگەشدا هەمان فەلسەفە دەپووکێتەوە کە یەکلایەنی دیاردەکان باس دەکات. کەواتە هەڵوەشاندنەوەی ( تێکستە فەلسەفی و ئەدەبییەکان ) لای (دریدا) دەبنە بنەمای سەرهەڵدانی تێڕوانینێکی نوێ بۆ پۆست مۆدێرنیزم . ئەمە بێجگە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگەی دەسەڵاتی پیاوە و بە جۆرەها شێواز زەبروزەنگ لەگەڵ رەگەزی مێدا بەکار دەهێنێ و هەر لەو بارەیەوە هەندێ لە نووسەرانی فێمینیزم لەو بڕوایەدان کە پێویستە ئەدەبێکی تایبەت بە

مێینە بخوڵقێنرێ کە داهێنەرەکانی ئافرەت بن نەک پیاو.
وەک بینیمان بانگەشەی پۆست مۆدێرنیزمەکان هەمەلایەنەیە و کاردانەوەشی لەسەر زۆر لایەنی زانستی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە، بۆیە ئاساییە کە رەنگدانەوەی لەسەر شانۆش هەبێ کە زوربەی شیوازە هونەرییەکان لەخۆ دەگرێ و راستەوخۆ پەیوەندیی بە جەماوەرەوە هەیە. پێشەکی دیالۆگ بەشێوازە بەربڵاوەکەی لەشانۆدا لای پۆست مۆدێرنیزمەکان سەپاندنی رای نووسەرەکەیەتی، چونکە نووسەری شانۆ ئایدۆلۆژی و تێڕوانینی خۆی دەخاتە چواچێوەی دەقەوە و دەیەوێ هەمان بیرو بۆچوون بە بینەر بگەیەنێ، ئەویش زیاتر لە ڕێی دیالۆگەوە کە بنەماکەی زمانی ئەدەبیە و زمانی نووسینیش لە ناخی (خود)ی نووسەرەوە هەڵدەقوڵێ و جێی بۆچوون و مەودای بیرکردنەوەی (ئەوی دی) بەرتەسک دەکا و دەرفەتی شیکردنەوەی تری پێ نادا، چونکە هەر خۆی پرسیارەکان دەوروژێنێ و هەر خۆشی وەڵامی ئامادەی پێیە کە لە ڕێی دیالۆگەوە دەیگەیەنێ، هەر بۆیە پۆست مۆدێرنیستەکان هەڵوەشاندنەوەی ئەو شێوازە نووسینە رەت دەکەنەوە و وەک چۆن (ئارتۆ) واقیع لەسەر شانۆ رەت دەکاتەوە و بانگەشەی بنەمایەکی داهێنەرانەی دی دەکا کە داهێنانی بینین و گرێدانەوەی شانۆیە بە خەونەوە، چونکە لای ئارتۆ( شانۆ ئەو هونەرەیە کە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێ بە ئاگا بین و خەون ببینین، شانۆیەکیش کە ئەو لایەنە گرنگ و بناغەییە رەچاو نەکا شانۆ نییە) هەر وەک دریداش دەڵێ: دەنگ لە ناو (من) دا پەنگی خواردوەتەوەو، جێی ئەوی تری تیا نابێتەوە. کەواتە سەرەتای بانگەشەی پۆست مۆدێرنیستەکان بۆ شانۆ، یان روونتر بڵێین ئەو شانۆکارانەی وابەستەی پۆست مۆدێرنیزمن بەر لە هەموو شتێک تێکستی ئەدەبی رەت دەکەنەوە، کەواتە دەبێ شێوازێکی تر هەبێ کە جێی ئەو (دەقە داخراوی کە لە (من) ی نووسەرەوە هەڵقوڵاوە دەکەوێتە سنوورێکی تەسکی داهێنانەوە و کەواتە دەبێ کار لەسەر دەقێکی وێنەیی بکرێ

کــە پانتاییەک بــە (ئەوی دی) ببەخشــێ و لە بینەرێکــی وەرگرەوە بیکاتــە بینەرێکــی کارا. کە دەوتــرێ دەقی وێنەیی ئەوە ســەرچاوە بنەڕەتییەکەی لــە ئەکتەر و جووڵەی ئەکتەرەوە وەر دەگرێ چونکە دەق هەڵدەوەشێتەوە و چۆن (بارت) دەڵێ خوێندنەوە تێکست بەرهەم دەهێنــێ دەتوانیــن لەهەمان دیــدەوە بڵێین بینین شــانۆ دەخوڵقێنێ، لێرەدا شــانۆکاری پۆســت مۆدێرنیزم دیالــۆگ رەت ناکاتەوە بەڵکو زمانــی ئەدەبــی رەت دەکاتەوە و لێکی دەترازێنــێ و لەجێی ئەوەی ریزیان بکاتەوە، بە شــیوازێکی تر بەیەکیانەوە دەلکێنێتەوە و دەبێتە بەشــێک لە پرۆســەی زمانی دەربڕینی شــانۆیەک کە جەستە تیایدا سەروەرە. کەواتە جەستەی ئەکتەر دەبێتە ئەو وزە لەبن نەهاتووەی لەجێــی بەرجەســتەی کاراکتەرێکــی دەقی ئەدەبــی، دەبێتە هەڵگری جەستەیەکی بەتوانای گەیشتن بە ئاخافتنی جەستەیی لەگەڵ بینەر.

کەواتــە جووڵــە دەبێتە زمــان و بنەمای ئەو نمایشــە وێنەییەی پێی دەوترێ شــانۆی پۆســت مۆدێرنیــزم و دەرفەت بــۆ خوێندنەوەی فرەلایەنــەی جیــاواز دەخوڵقێنــێ، دیــارە ئەمە مانای ئــەوە نییە کە لایەنگرانــی ئەم شــێوازەی شــانۆ زمانی ئاخافتن بە تــەواوی رەت دەکەنــەوە، بەڵکــو ئەوان ئــەو شــێوازە ئاخافتنە ئەدەبیە پشــتگوێ دەخەن کە تەنیا یەک شــێوە مانای هەیە و بواری بینەر یان خوێنەر نــادات خوێندنەوەی تری بۆ بکا، هەر بۆیە لەپاڵ لکاندنەوەی زماندا، زمانی جەستە و ئاخافتن بەجەستە و هێمای جووڵە بایەخێکی زۆری پێ دراوە،چونکە توانایەکی بێ سنووری تێگەیاندنی هەیە، هەندێ لە دەروونناسان وای بۆ دەچن لەسەدا شەستی ئاخافتن لەرێی هێما و ئاماژەوەیــە و دەوترێ یەک چارەکەملیۆن جووڵەی دیاریکراو هەیە کە مانابەخشن، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو هەندێک زیادەڕۆییش دەکەن و پێیان وایە ســێ چارەکە ملیۆن ئاماژەی بــە مانا هەن، بەهەرحاڵ ئێمــە دەزانین کە کەڕولاڵەکان زمانێکــی تایبەتی خۆیان هەیە و پێی دەئاخفــن، زمانی جەســتە زمانــی کۆمەڵگەی ســەرەتای مرۆڤایەتی بــووە، دیارە ئەو زمانەش بە پێی شــوێن و ناوچــە و تەنانەت تیرە

و خێزانیش دەگۆڕرێ، کەواتە زمانی جەستەش بە شێوەیەک لە شێوەکان سنووردار و زمانی لۆکال (ناوچەیی) ە. زمانی جەستە لە شانۆدا زۆر نوێ نییە هەر وەک چۆن دەبینین لە هەندێ شێوازی شانۆی رۆژهەلاتیدا (هند و چین و ژاپۆن) زمانی جەستە بەکار هاتووە. کەواتە جوولە وزەیەکی لەبن نەهاتووە بۆ ئاخافتن و ئەوەی بە وشە ناوترێ دەکرێ بە جەستە بوترێ. ئێمە دەتوانین بۆ توانای بێ سنووری جەستە نموونەی جوولەی کیروگرافی، یان بالیە یان پانتۆمایم بهێنینەوە(دیارە بالیە و پانتۆمایمی ئاسایی ناچنە سنووری دەربڕینی پۆست مۆدێرنەوە)، دەبینین جەستە چۆن دەتوانێ هەستمان بجوولێنێ و کار لە هزر و سۆزمان بکا. ئەو هونەرەی بانگەشەی بۆ دەکرێ جیاوازی لە نێوان جەستەو هونەردا ناهێلێ، لەو هونەرەدا من یان جەستەی (من) دەبێتە ناسنامە کە زیاتر لە سەمادا بەدی دەکرێ، چونکە لە سەمادا سنووری نێوان جەستە و نمایش نامێنێ. کەواتە جەستەی ئەکتەر لە شانۆی پۆست مۆدێرنیزمدا کە فیگوورە نەک کاراکتەر، دەبێتە ئامرازێکی سەرەکی نمایش بەو مانایەی کە جەستە توانای بیرکردنەوە و گەیاندنی زانیاری جوانکاریی هەیە بەو پارسەنگەی لەگەڵ واقیع و لەگەڵ ناخدا دەیکاتە ئاماژە نەک سەپاندنی بیر و سەلماندنی رای تاکڕەوی.

ئایا ئەگەر ئەمە وزەی بێ سنووری دەربڕینی جەستەی ئەکتەر بێ بۆ نمایشی پۆست مۆدێرنیزم، ئەی دەبێ ئەو ئەکتەرە کێ بێ کە بتوانێ ئەو ئەرکە هەمەلایەنە بخاتە ئەستۆی خۆی؟ ئێمە دەزانین کە جوولەی جەستە میراتیەکی کۆمەلایەتیە و بە پێی داب و نەریت و شوێن کات دەگۆڕرێ، ئەکتەری کوردیش ئەوەندە ناخ و جەستەی بە داب و نەریت لە مێخ دراوە کە توانای ئەوەی نەبێ بە ئاسانی جەستەی لەو هەموو گرێ و تۆزە ئازاد بکا، چونکە لەراستیدا مەشقی جەستە تەنیا ئەوەندەی لە توانادایە کە وەک وەرزشەوانێک خۆی ئامادە بکا یان ئامادە بکرێ لە چاکترین حاڵەتدا وەک یاریزانێکی ئەکرۆباتیک لە سێرکدا، بەڵام ئایا ئەو شێوە جەستەیە توانای ئەوەی

هەیــە زانیاری و بیرکردنەوەو جوانکاریی بخەملێنێ و لە بۆشــاییدا بیتەقێنێتــەوە تــا بینــەری کارا دەرفەتی ئەوەی هەبــێ خوێندنەوەی خــۆی بۆ بکا؟ ئارتۆ لەوباوەڕەدا بوو ( لەمەڕ پاککردنەوەی مرۆڤ و دووبــارە بنیادنانــەوەی مرۆڤــی نوێ، دەبێ، ســەرەتا ناپاکیەکان بشــۆرێنەوە و دواجــار زۆر بێ رەحمانە ســەرجەم پاســەوانەکانی ناپاکــی کــە میکرۆبەکانــی ئیمان و کولتوری خێــڵ و داب و نەریتی باپیــران و مەرامی دامــەزراوە کۆمەڵایەتیەکانن، تێک بشــکێنرێن) .
ئایا ئەگەر ئەمە بۆ مرۆڤێکی ئاســایی(نوێ) راســت بێ ئەی چۆن بۆ ئەو ئەکتەرەی کە دەبێ (بەپێی بانگەشــەی پۆســت مۆدێرنیزمەکان) ســرووتێکی ئەفسووناوی برەخســێنێ و لەگەڵ (خۆی) بینەری کارا بخاتــە ئــەو بازنە مەزنــەی مرۆڤی نوێــی تیا بنیاد بنرێتــەوە. وەک دەزانیــن بینین یــان بەرفراوانتر بڵێیــن ئاخافتنی جەســتە و مامەڵە لەگەڵ پانتایی دەبێتە بنەمای ئەم شــانۆیە ،کە لە ســەر تێکشکاندن و بنیادنانەوە، هەڵوەشــاندنەوە و دروستکردنەوە بنیادنراوە. کەواتە دەبێ ئەو جەســتە و رۆحە مەزنە کامە بێ کە بتوانێ ئەو کەرنەڤاڵە ســرووت بەخشە بەرپا بکا؟ کام جەســتە و گیانە بێ گەرد و گرێیە دەتوانێ ئەو جوانکارییە هارمۆنیە ببەخشێتە بینەری کارا و ئاوێتەی نمایشــی بکا؟ ئەی ئــەو بینەرە کارا و کارامەیــە کامەیە کە دەتوانێ لەگەڵ ئەو جووڵەو جەســتەیە هاوســەنگ و بێ بتوانێ خوێندنەوەی خۆی بۆ بکا؟.
دیــارە هەموو ئەو توانای دەربڕینە بە مەشــقکردنێکی جەســتەیی و رۆحی سەخت ئەنجام دەدرێن بە شێوەیەک کە بەتەواوی لە گرێکانی نــاخ رزگاری بێ و بتوانێ بە جەســتەیەکی ئــازادەوە توانا و وزەی لەبــن نەهاتووی جەســتە بکاتە ئامرازی ئاخافتنــی وێنەیی و لەگەڵ پانتاییدا ســرووتێکی دەروێشــانە برەخسێنێ و بتوانێ خەیاڵی بینەر بووروژێنێ و دیالۆگ لەگەڵ هزر و هەستیا بکاو بیکاتە کەرنەڤاڵێکی هونەریی.
ئەگەر مەشــق تەنیا مەشــقی جەســتە بێ ئەوە دەبێتە وەرزش و لە

باشترین حاڵەتدا ئەو کەسە دەبێتە یاریزانێکی ئەکرۆبات و کەڵکی بۆ سـێرک زیاتر دەبێ لە شانۆ. کەواتە مەشقی جەستەو ڕۆح پێویستی بەخەیاڵێکـی بەریـن و جەسـارەتێکی ئازایانــە و ڕۆشـنبیرییەکی هەمەلایەنەی قووڵ هەیە تا بتوانی خۆت لەو هەموو قۆرت و گرێیانە قوتـار بکەیت کە بــە درێژایی مێژوو لەناخماندا کەڵەکە بووە و نەوە دوای نەوە پێوەی دەتلێینەوە.

* دیارە ئەگەر لێرەدا باس لەلایەنە فەلسەفییەکەی بکەین، جێی ڕامان و هەڵوێسـتە لەسەر کردنە کە ماتریالیزم بخرێتە خانەی میتافیزیک، بەڵام لێرەدا مەبەسـت لە مانــا مەجازیەکەیە کە ماتریالیزمیش وەک ئایدیالیزم وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لە دیدی خۆیەوە پێیە.

**سەرچاوەکان**


١- بیری پۆست مۆدێرنیزم، نووسینی: ئازاد حەمە، بەشی یەکەم (سوید٢٠٠١)

٢- Nietzsche und Postmodernism , Dave Robinson, 1999

٣- Ursprung des postmodernen Denken, Peter Buerger, Velbrueck Verlag 2000

٤- فنون الاداو المسرحی، د. محمد حسین حبیب ( لە ئینتەرنێتەوە)

٥- ئانتۆنین ئارتۆ و شانۆی توندوتیژی،نووسینی:جەلال ستاری وەرگێڕانی: پێشڕەو حسێن.

٦- Foucault, Taschenbuch von, Gilles Deleuze 1992


بنەمای
کاری گرۆتۆڤسکی

ئێمە لەکوردستان کەم یازۆر شتێک دەربارەی بلیمەتی شانۆی جیهانی جیرزی گرۆتۆڤسکی (Jerzy Grotowski) دەزانین، بەتایبەت لەرێی کتێبە نایابەکەیەوە کە ١٩٦٧ – ١٩٦٨ بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە و لە هەشتاکاندا بەئێمە گەیشتووە بەناوی (شانۆی هەژار)، دیارە ئەوەش دەزانین کە خاوەنی چەندین لابور بووە لە پۆڵۆنیا و فەرەنسا و ئیتالیا و بیرۆکەی هەوڵەکانی خۆی بەپراکتیک بەئەنجام گەیاندوە.

زانیاریەکانی ئێمە دەربارەی گرۆتۆڤسکی بەشێوەیەکی گشتی لە (شانۆی هەژار)ەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرباری هەندێ وتار و نووسین لێرە و لەوێ کە نەتوانراوە ببێتە بنەمایەکی پتەو بۆ تێگەیشتنی تەواوی گرۆتۆڤسکی، چونکە لەماوەی دەرچوونی ئەو کتێبە و کۆچی دوایی گرۆتۆڤسکی (ناوەڕاستی مانگی یەکی ١٩٩٩) زیاد لەسی (٣٠) ساڵە، لەو ماوەیەشدا ئەو وەک بلیمەتێکی ئەکتیڤ زیاتر ئەزموونی کەڵەکە بووە و زیاتر پەلی هاویشتووە بۆ لایەنە رۆحی و سایکۆلۆژیەکە لەپاڵ مەشقی جەستەدا. چونکە لەساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابوردوودا بوو بوە دیاردەیەکی رۆشن لەدنیای شانۆی جیهانیدا بەتایبەت پاش گەشتە هونەرەیەکەی بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا.

گرۆتۆڤسکی ساڵی ١٩٣٣ هاتووەتە دنیاوە و لە زانکۆی کراکا و (krakau) و مۆسکۆ، نمایش و دەرهێنانی خوێندوە و پرۆژەکانی فاوست (Faust)ی مارلۆ و هاملێتی شکسپیر بووە، ئەمە مانای شارەزاییەکی تەواوە لە قۆناغی رۆشنی شانۆ (قۆناغی ئەلیزابیتی).
گرۆتۆڤسکی لە لابورەکانیدا تەنیا مەشقی جەستەیی نەکردوە، بەڵکو ویستوویەتی لەرێی مەشقی سایکۆلۆژی پەیوەست بەوزەی ناوەوە.
ئەکتەر بکاتە گرنگترین (هەندێ جار) تەنیا فاکتەری دەربڕین، هەروەک خۆی دەڵێ:
(ئەوەی پیاو دەیەوێ لەشانۆدا بەرجەستەی بکا، دەتوانێ تەنیا بەجەستەی مرۆڤ بەدەستی بهێنێ).
من دەمەوێ لەم نووسینەدا ئەو راستیە بسەلمێنین کە گرۆتۆڤسکی چەند وابەستەی ئەفسانە هندیەکان و سۆفیە هندۆسیەکان بووە و چۆن باس لە رامانا Ramana دەکا. بۆیە ئێمە لێرەدا بەپێویستی دەزانین باس لەو سیمینارە بکەین کە لە مانگی یەکی ١٩٩٨ (تەواو یەک ساڵ پێش کۆچی دوایی) لە فەرەنسا بۆی گێراوە و ئیڤان ستانیڤ وەک راپۆرتێک بۆ گۆڤاری (Theaterheute) ی ئەڵمانی ناردوە.
لەو سیمینارەدا گرۆتۆڤسکی باس لەبنەمای داستان و رەچەڵەکی هندۆسی و توانا و وزەی رامانا دەکا. بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم راپۆرتەکەی ستانیڤ وەک خۆی وەرگێرم، چونکە زۆر جوان باس لە گرۆتۆڤسکی دەکا و قسەکانی گرۆتۆڤسکیش وەک خۆی دەگەیەنێ.
لێرە بەدواوە راپۆرتەی ستانیڤەو ناو کەوانە گەورەکانیش قسەکانی گرۆتۆڤسکین:
لای راستی تەختەی شانۆوە کورسیەکە، مێزێک و پەرداخێک ئاو بۆ قسەکەر. مامۆستا لای چەپەوە هات، هەنگاوی هێواش، پێشکەش کردنێکی ئاسایی بۆ شانۆکار. بەهەیبەتێکی بێدەنگی، ڤژێکی ژاکاوی سپی، ریشێکی درێژی ماش و برنج، چاویلکەیەکی ئەستوور و شێوەی نەژادی، پرۆفیسۆری فەرەنسایی و پەروەردەی پۆلۆنیا. ئەوەی لە

ئیتالیا (شارۆچکەی پۆنتیدێرا Pontedera) بە شێوەیەکی سنوردار کاری کردووە. کۆتێکی زەردی میلداری لەبەردا بوو. گرۆتۆڤسکی بەفەرەنسیەکی رەوان و ئاسان قسەی دەکرد، بێ ئەوەی لەکنە سلۆڤینیەکەی پشتگوێ بخا. (من ئیمرۆ چیرۆکێکی پیرۆزتان بۆ دەگێرمەوە. رامانا (Ramana)ی هندی (١٨٧٩ – ١٩٥٠)، لاڵێک لە خێزانێکی دینداری هندۆسیدا پەروەردە بووە. قوتابیەکی مامناوەندی بوو، لاوێکی لەڕولاواز و نەخۆش. لەحەڤدە ساڵیەوە بیری مردن بەسەریدا زاڵ بوو، مردن بۆ ئەو، بەلایەکی ناگەهان بوو کە ناتوانێ لەدەستی دەرچێت، بەردەوامیی ژیانی بێ هودەیە، چەندین سەعات وەک مردوو خۆی رەق دەکرد، ماڵی باوانی بەجێ هێشت و رووی کردە رۆژهەلاتی خوارووی (مادراس Madras) بۆ چیای پیرۆزی (ئەروناکالا Arunachala) کەماناکەی (سووری بەیانی)ە).
گرۆتۆڤسکی پرسی (یەکێک دەناسن بێهۆش و بێدەنگ، پیاوێکی بەراستی گەورە و مەزن؟ (رامانا خۆی خستە دامێنی چیا و دۆزەخەوە، سەرتای بێدەنگی درێژخایەنی بوو.
ئەو بەلاڵی و بێ جووڵە بەردەوام بوو، هیچی نەدەوت و کەمی دەخوارد، خواردنی لەخێرە و مەندانەوە بوو، دایکی ویستی بیجولێنێ و بیباتەوە بۆ ماڵەوە، بەلام ئەو بێدەنگیەکەی خۆی نەشکاند، پارچەیەک کاغەزی هێناو لەسەری نووسی (ئەوەی دەبێ رووبدا، ئەگەر بەخواستی تۆش نەبێ هەر روو دەدا، ئەوی رووش نەدا، چەند حەزیش بکەیت روونادا، بۆیە باشترین شت کە لەتوانامان‌دا بێ بیکەین.. بێدەنگیە.))

## رەگەزی من هندیە

گرۆتۆڤسکی بەدەنگێکی لەسەرخۆ دەدوا (جەستە و شێوەی دەموچاوی وەک بەبەردکرابێ وابوو، بەهێواشی دەبزوا وەک لەنوێژدابێ، دوای چەند ساڵێک رامانا بووبە بەناوبانگترین زاهیدی هندستان، دیسان کەوتەوە قسەکردن، زۆری نەدەوت، هەندێ جار شتێکی دەوت،وشەی بێ مانا، ئینجا ئاماژەی دەکرد بۆ گروپی مێرد

منداڵان و بێدەنگەکان، کەبەناخی خۆیاندا ڕۆچن، پرۆسێسی ئەوانەی هیچ ناکەن و هیچ ناڵێن، گەشتی لاڵی بۆ ناو خودی خۆت. تەنانەت هندیە جەسوورەکانی ڕۆژئاواش وردە وردە رامانایان پەسەند دەکرد، پاول برنتۆن Paul Brunton کە ئینگلیزە، کتێبێکی دەربارەی نووسیوە و دوای ١٩٣٥ کورتە فیلمێکیش دەرباری وێنەگیراوە).

لەئەورووپا جەنگی جیهانی دووەم هەڵگیرسا. لەساڵی ١٩٤٢ دا گرۆتۆڤسکی نۆساڵان بوو، زۆر ئازاری دەچێژا، پیاوێکی بەساڵاچوو ئەوەندە رق و کینە لەدڵیدا ببزوێنێ. بەردەوام بۆمباران. سەربازانی نازی لە وڵاتە داگیرکراوەکەیاندا ئەو منداڵەیان لە ڕۆژهەڵاتی خواروی پۆلۆنیا لە رزیزۆڤ Rzezow خستە ترسی مەرگەوە. هاوڕێکانی گاڵتەیان پێ دەکرد کەئەوەندە گۆشەگیر ولاوازە. ترس و مەرگەساتی بەردەوام لە وەزەیدا نەمابوو، ڕۆژێکیان، پاش هێرشێکی زۆر بەربڵاو و خراپ، دایکی گرۆتۆڤسکی چوو بۆ شارۆچکەیەکی دراوسێیان، بۆ ئەوەی لە کتێبخانەی گشتی شتێک بهێنێ بۆ خوێندنەوە لەگەڕانیدا وەرچەرخا و کتێبەکەی برونتۆنی بەدی کرد کە لەسەر رامانا نووسیبووی و وەرگێڕابووە سەر زمانی پۆلۆنی. گرۆتۆڤسکی بچکۆلە کتێبەکەی خوێندەوە و بەردەوام دەیخوێندەوە، کەوتە داوی ئەو هندیەوە، ئیدی دوودڵ نەبوو لەگەشت بۆناخی خۆی. لەو کاتەدا دەنگی قسەکەر بەرزبووەوە. (بەردەوام خەڵکی وادەزانن لەکارەکانمدا بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕەچەڵەکێکی کاسۆلیکی پۆلۆنیان تێدایە. بەڵام ڕەگەزی من هندیە. یان وەک رامانا وتوویەتی ( لەخودی خۆی رزگاری دەبێ، وەک چۆن (گا) لە عەرەبانەکەی دەردەچێ، ژیان تونێلێکە، پیاو هەتابێ زیاتر تیا نوقوم دەبێ، بەردەوامیش تاریکتر دەبێ، پیاو دەبێ (گا)یەکە بەزۆر وەرچەرخێنێ، تا خودی خۆی بدۆزێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ خۆی، بۆ دەمی توونێلەکە. تەنیا ئەوێ ڕۆشنە).

پاشان گرۆتۆڤسکی وازی لەگێڕانەوە هێنا و کۆنە فیلمێکی تۆماریی نیشاندابن، پیاوێکی پیر، رامانا، جەستەیەکی وەک ئافرەت،

قۆڵەکانی بێ ماسولکە، شانی دەرپەڕیو، سنگ و مەمکۆڵەی جوان، کەللەسەرێکی رووتاوە، سەرێکی بەردەوام بەریتمێک لەرزۆک، نیگایەک کە ئامادەنیە بەربەرەکانی تاریکی بکا، وەرچەرخا، دەیڕوانی و نەیدەدی. قەرەباڵغیەک چاوەڕوانی بوو کە پێی خۆش نەبوو، رامانا هەستی بەوان نەکرد و بەردەوام بوو، بەپێی پەتی، بەشی سەرەوەی جەستەی رووت، لەناو قەدیەوە بەدەستە سرێکی سپی بەسترابوو.
ئێستا مانگایەک بەرەو پیری دێت، بروسکەیەکی هاوڕێیەتی گەیاندن لەو چاوانەوە کەنەدەبینران. دەستێکی میهرەبانی بەسەردا هێنا، ئەو چی پێ وت؟ فیلمی بێدەنگ، دەنگ تۆمار ناکا،گرۆتۆڤسکیش چەند جارێک فیلمەکەی هەڵکردەوە و لێیدایەوە، چونکە ئەو بەدەنگ فیلمەکەی باس دەکرد. رامانا وتی چی، ئەو دەم جوڵاندنە مانای چی بوو؟. پسپۆرانی زمانی هندی پاش تەماشاکردنی چەند جارێکی فیلمەکە وای بۆچوون وتوویە (موتی Mutti) (مانای دایە)، ئاوای بەئاژەڵە پیرۆزەکە وتووە، گرۆتۆڤسکی روونی کردەوە: ئەو خۆشی بەمرۆڤ نەهاتووە، بەڵام لەگەڵ گیانەوەراندا وانەبووە.
پاشان فیلمێک لێدرا کە برونتون Brunton ساڵی ١٩٤٢ بەرهەمی هێنابوو. دێیەکی هندی، بۆمباکانی ئەوروپا بەسەریاندا دەهاتنە خوارێ. برونتۆن دەبینرا کە یەکێک بوو لە سیاسی و سەرمایەدارە خێرخوازەکان، رامانا لەناوەراستیاندا. لێرەدا گرۆتۆڤسکی لەتاریکیەکەدا هەستی پێکرد و چرپانی. ئەو رۆڵگێڕانە (ئەکتەرانە) چۆن لە دڵەڕاوکێدان، چۆن سەرلێ شێواون، تەصەنوع دەکەن، چۆن بەردەوام لەجێی خۆیان دەجووڵێن، رۆڵەکانیان دەبینن؟. رامانا رۆڵ نابینێ، ئەو هەر ئەوەیە کە هەیە. سەری بەتۆڕی (خودی خۆم) دا هەڵواسراوە. سەرنج راکێشێکی بێ جووڵە.
هەست دەکرێ کە فیلم گرتنی رامانا بەو لالیە و لەو حاڵەتەدا رێگە پێ نەدراوە. لەکۆتایی فیلمەکەدا لەسەر قەنەفەیەک راکشاوە و وەک هندیەک چاو بەرۆژنامەیەکدا دەخشێنێ، (Times تایمس) دیارە ئەوە بەناوبانگترین رۆژنامەی ئینگلیزیە. دەبێ چی تیابێ بێجگە

لەهەواڵی جەنگ. رۆژنامەکە لەنێوان پەنجەکانیەوە دەخزێ. لەرزۆکی سەری زیادی دەکرد. چاوی هەڵبڕی و لەئێمەی روانی. بەهێواشی گرۆتۆڤسکی چرپانی (ئەوە ئاوایە) ئینجا پۆلۆنیەکە لە پاریس بەترس و خەمێکی زۆرەوە لەخۆی راما.

**سەرچاوە**

-Theaterheute NR.6 Juni 1998 (Grotowekis Grund) beobachtet von hvan Stanev


شانۆی
ئەلبێر کامۆ

جێـی خۆیەتـی بە بۆنـەی تێپەڕبوونی پەنجا سـاڵ بەسـەر کۆچی ناوادەی نووسـەر و بیریاری مرۆڤایەتی ئەلبێـر کامۆ (١٩١٣/١١/٧ – ١٩٦٠/١/٤) وە، ئەو بیرمەندە مەزنە بەسەر بکەینەوە و لایەنێکی گەشـاوەی بخەینە بەر ڕۆشنایی و لە قۆناغێکی هەستیاری داهێنانی بدوێین.

کامۆ لە شـاری مەندوفی جەزائیر لەباوکێکی فەرەنسـی و دایکێکی ئیسـپانی هاتووەتە دنیاوە و یەکێ لە قوربانیەکانی جەنگی جیهانیی یەکـەم بـووە. پـاش کوشـتنی باوکـی، خانەوادەکەی لـە جەزائیر دەگیرسێنەوە و بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان، دایکی وەک کرێکار لە کارگە و پاککەرەوە کاری کردووە. ساڵی ١٩٣٠ کامۆ دواناوەندی لە جەزائیر تەواو کردووە و لە هەمان ساڵدا گیرۆدەی نەخۆشی سیل بووە و لەسـاڵی ١٩٣٢ لە بەشـی فەلسـەفە لەزانکۆ هەر لە جەزائیر دەستی بە خوێندن کردووە.

١٩٣٤ خێزانی پێکەوەناوە و ١٩٤٠ جیابوونەتەوە، ساڵی ١٩٣٥ بووە بە ئەندامی پارتی کۆمۆنیست و پاش ساڵێک دەستبەرداریان بووە، هەر لەوساڵەدا(١٩٣٥) لە ئیستگەیەکی رادیۆی جەزائیر دەکەوێتە کار و لەگەڵ چەرمەسەری ژیان و نەخۆشی و بەربڵاویی بیری فاشیزم و نازیزمی جیهانی لەکەدارکردنی مرۆڤایەتیدا، نووسینی داهێنانی فکری و فەلسەفی و ئەدەبی دەکاتە چەکی دەستی و قۆناغی داهێنانی دەست پێ دەکا.

کەم داهێنەر هەیە کە توانیبێتی وەک ئەلبێر کامۆ لە نووسینەکانیدا، فەلسەفەی لە قاڵبی ئەدەبیدا دەربڕیبێ و ئەدەبیشی لە روانگەی فەلسەفیەوە نووسیبێ . دیارە نووسینەکانی کامۆ لەهەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوە و رۆمان و شانۆدا ، جێی هەڵوێستە و تیاڕامانن و خوێندنەوەی جۆراوجۆریان بۆ دەکرێ ، ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە تیڕوانینی ئەو نووسەرە مەزنەیە لە شانۆدا ، بۆ ئەو مەبەستەش دوو شانۆنامەی بەناوبانگی دەهێنینەوە کە ویستوویەتی لە رووی هەڵبژاردنی بابەتەکانیانەوە باوەڕە فەلسەفی و کۆمەڵایەتیەکانی بە شێوازی جیاواز دەربڕێ ، ئەو دوو شانۆنامەیەش (کالیگۆلا) و (بەدحاڵیبوون)ن .

دیارە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی ئەو کەڵەنووسەرەی خاوەن خەڵاتی نۆبڵ(١٩٥٧)، دەبێ لە شێوازی بیرکردنەوەی تێبگەین کە بە دوو قۆناغی زۆر گرنگدا تێدەپەڕێ ئەویش نائومێدی و بێهودەیی ژیانە کە لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) بڵاو کراوەتەوە و لە دوتوێی رۆمانی (نامۆ) و هەردوو شانۆنامەی (کالیگۆلا و بەدحاڵیبوون)دا گوزارشی لێدەکا و پاشان و لێکۆڵینەوەی (مرۆڤی یاخی) کە باس لە یاخیبوونی مرۆڤ دەکا لە سەرجەمی ژیان و دەوروبەر.

ئەلبێر کامۆ لەساڵی ١٩٤٢ دا داستانی سیزیفی نووسیوە و تیایدا بێهوودەیی ژیان تاووتوێ دەکا و پرسیارە فەلسەفیەکەی دەوروژێنێ (ئایا ژیان شایستەی ئەوەیە تیایدا بژین؟) بۆیە گرفتی خۆکوژی دەکاتە بنەما و هەموو لایەنەکانی شیدەکاتەوە.

ڕەنگــە کەس نەیتوانیبــێ بە ئەنــدازەی کامۆ دەربــارەی بێپەروایی Absurdity (وەک فەلســەفە) لێکۆڵینــەوەو بەدواداچوونــی کردبێ، بــەڵام کە دێتە ســەر شــانۆ و شــانۆی بێهــوودە(Absurd) کەمتر باس لە شــانۆی کامۆ و دیدی کامۆ بۆ ژیان دەکرێ، کە سەرجەمی تێڕوانینەکانــی پەیوەســتن بــەو شــێوازی بیرکردنەوەیــە، دەبینین هەندێک لە ڕەخنەگــر و لێکۆڵەرەوانی جیهانی کامۆ لەو ریزبەندیەدا دەخەنە کۆتایی، چونکە پێشڕەوانی ئەو ڕێبازە کە لەپێش هەموویانەوە بێکیتــی ئێرلەندی و یۆنســکۆی ڕۆمانی و ئادامۆفی روســی و جان جینێەی فەرەنســی هــەر لە وڵاتی فەرەنســاوە ویســتوویانە لەڕێی یاخیبوون لە یەکەکانی ئەرستۆ خۆیان دەرباز بکەن و هەر یەکەیان بــە میتــۆدی تایبەتــی خۆیــان پانتایــی کات و شــوێن و کــردار دەخەنە پێگەیەکی بەربڵاوی مرۆڤایەتی و لە یەک کۆمەڵگە و بانتایی جوگرافیدا سنورداری ناکەن و بێهوودەیی دەکەنە پێوەر بۆ تەواوی مرۆڤایەتی لە هەر جێ و شوێنێک.

ئێمــە لێــرەدا هەوڵ دەدەیــن قۆناغی یەکەمی داڕشــتنی بیری کامۆ لە میانەی بابەت و کاراکتەرەکانی (شــانۆنامەی کالیگۆلا Caligula کــە ســاڵی ١٩٣٨ نووســیویەتی و ســاڵی ١٩٤٥ پیاداچووەتەوە) و (بەدحاڵیبوون Das Missverständnis کە ساڵی ١٩٤٤ نوسراوە) بەراورد بکەین لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی خۆی.

لــەم دوو شــانۆنامەیە و ڕۆمانــی نامــۆدا بەرەنگابوونەوەیەکــی ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ قەدەر و هزر و لۆژیکدا بــەدی دەکرێ، بەڵام لە مەوقیعی جیاواز و درکپێکردنی جیاوازەوە.

کامۆ لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیدا زیاتر هەوڵیداوە دیدە فەلســەفیەکانی بخاتە قاڵبی هونەری و بۆچوونەکانی خۆی بسەلمێنێ. بۆیە دەبینین لە هەندێ حاڵەتدا لایەنی جوانکاری ،کە بنەمای کاری هونەریە، فەرامۆش کردووە. لەگەڵ ئەوەشــدا ئەوەی سەرنجراکێشە لە دەقەکانیدا بینای کاراکتەرەکانێتی بەو شــێوازەی بتوانــێ ڕوداوە تراژیدیەکان بخاتە قاڵبی نیمچە کلاســیکی و وابەســتەی هەندێ لایەنی بینای درامی بێ

لەپاڵ جەختكردنی لەسەر ئەوەی، كە ئەگەر لە تراژیدیای كلاسیكدا خواوەند یان پاڵەوانەكان چارەنووس دروست بكەن، ئەوە لای كامۆ مرۆڤ بە خواستی خۆی چارەنووسی كارەساتئامێزی خۆی دەسنیشان دەكات، چونكە ژیان لای كامۆ كۆمەڵێك كارەساتەو بەو مەرگە كۆتایی دێ كە مرۆڤ لەرۆژی لەدایكبوونییەوە بەسەریدا سەپێنراوە.
هەر لەو روانگەیەوە كە پابەندی چنینی كلاسیك و وابەستەی هەندێ لە بنەمای بۆچوونەكانی ئەریستۆیە لە كتێبی (هونەری شیعر)، دەبینین رەچاوی یەكەی كردار و كات و شوێنی تا رادەیەك كردووە، بۆ نموونە شوێنی رووداو لە شانۆنامەی (بەدحاڵیبوون) دا لە پەنسوێنێكدا روودەدا و كاتەكەشی لە شەو و رۆژێك تێناپەڕێ، هەروەها رووداو لە شانۆنامەی (كالیگۆلا)شدا لەكۆی چوار پەردەدا سیانیان لە كۆشكی كالیگۆلایە و تەنیا پەردەی دووەم لەماڵی شیریا درێژەی هەیە و كاتی رووداویش لە سەرەتاوە تا كۆتایی سێ ساڵە، دیارە كامۆ دەیەوێ جەخت لەسەر كارەساتی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی بكاتەوە، بۆیە تراژیدیای كردووەتە كرۆكی بەرهەمەكانی و لادانی كاراكتەرەكانیشی بە یاخیبوونێك دەژمێررێ كە گەڕانەوە لێی مەحاڵە، هەر وەك پاشان خۆی لە مرۆڤی یاخیدا دەڵێ (یاخیبوون لەلایەكەوە بەرپەرچدانەوەیە و لەلایەكی تریشەوە دەستبەردارنەبوونە لە هەڵوێستێكی دیاریكراو) . بۆیە دەبینین كالیگۆلای لاو لە ترۆپكی دەسەڵاتەوە دەیەوێ واقیع بگۆڕێ ،دەیەوێ بەوپەڕی چاوقایمی و بەئاشكرا كار بۆ مەرامەكانی خۆی بكا و بە كەڵك وەرگرتن لەو دەسەڵاتەی وەك ئیمپراتۆری رۆما پێی بەخشراوە، ببێتە دەسەڵاتدارێكی دیكتاتۆر و دزیكردن بۆ خەزێنەی دەوڵەت كە لەراستیدا خەزێنەی خۆیەتی، هەروەها دەست ناپاراستنی لە ئابڕووبردن و كوشتن و زەلیلكردنی هەموو ئەوانەی خوار خۆی، تا دەگاتە برسیكردنی سەرجەمی گەلەكەی. ئەو بە ئاشكرا بە رۆمانیەكان دەڵێ: (من رقم لێتانە چونكە ئازادنین،

لەهەموو ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا تەنیا کەسی ئازاد منم).
لە سەرەتای ئەم شانۆنامەیەدا دەبینین کالیگۆلا پاش مردنی ئیسمین Ismene ی خوشکی کەپەیوەندیەکی ناشەرعیشی لەگەڵدا هەبووە، بۆ چەند رۆژێک دیارنامێنێ و، ئەنجومەنی پیران و هاورێیانی کالیگۆلا و هەموو کاگێڕ و دانیشتوانی کۆشک عەودالی دۆزینەوەین و بە ئاشکرا دڵەڕاوکێ و ترسیان پێوە دیارە کە دەترسن کالیگۆلا کارەساتێکی بەسەر هاتبێ، ئەمە بەو مانایەی کالیگۆلا ئیمپراتۆرێکی خۆشەویستە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنەوەی گۆڕانکاریەکی تەواوی بەسەردا هاتووە و عەودالی ئەو شتانەیە کە پێی نەگەیشتووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە داوای مانگ دەکا.
ئەمە سەرەتای وەرچەرخانی بیر و کرداری کالیگۆلایە و دەبێتە کاکڵەی سەرهەڵدانی یاخیبوونی دوودیوی، لەلایەک خودی خۆی لە نەریت و باو یاخی دەبێ و لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی نارەزایی دەوروپشت پاشان یاخی بوونیان . کامۆ دەڵێ (گشت هەوڵەکانی یاخیبوون لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە ئەگەر توانی بەو ناکۆکیە بنەمای یەکسانی جێگیر بکا و ئەگەر ناچاریش بوو ئەوە قۆناغی ستەم بچەسپێنێ). کەواتە کالیگۆلا ئەو یاسا ستەمکاریە دەکاتە یاسا و تا دوا هەناسەی بەرگری لێ دەکا.
کالیگۆلا لە داواکاریە نالۆژیکیەکەیەوە(پەردەی یەک- دیمەنی٣) دا گلەیی لە هیلیکۆنی هاورێی دەکا لەوەی کە مانگی نییە و ئەمیش بۆی نەهێناوە(ئەم دنیایە بەم شێوەیەی کە هەیە تەحەمول ناکرێ بۆیە پێویستم بە مانگ یان بەهەشت یان نەمرییە) ئیدی لێرەوە پەنا دەباتە بەر ئاوەژووکردنی سەرجەم یاسا و رێساکان و بەو وتەیەی بە رۆمانیەکان دەڵێ (رقم لێتانە چوکە ئازاد نین، لە هەموو ئیمپراتۆریەتی رۆمنیدا من تەنیا کەسی ئازادم) پلەو پایە و دەسەڵاتی خۆی بەکار دەهێنێ بۆ ستەمکاری و لە هاورێ و ئەنجوومەنی پیران و پیاوماقوڵان و بازرگان و ساماندارەکانی وڵاتەوە دەست پێ دەکا. سەرەتا هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پیران و ساماندارانی وڵات

ناچار دەکا میراتیان بۆ خەزێنەی دەوڵەت بنووسن ،کە لەراستیدا خەزنەی خودی کالیگۆلایە و بەو پێیەش میراتگرانی خۆیان لە سامانەکانیان بێبەری بکەن (کە خەزنەی پارە بایەخدار بێ، مانای ژیانی مرۆڤایەتی بێ بایەخە). ئیدی کالیگۆلا هیچ ناشارێتەوە و بەئاشکرا دەدزێ، بەئاشکرا پەیوەندی ناشەرعی دەکا و دەکوژێ میلەتەکەی تووشی برسێتی و نەهامەتی دەکا، ئەو دەزانێ زۆردارە، بەڵام لەدەرەوەی ناخی خۆی هیچی دی بەلاوە مەبەست نییە. دەزانێ ترس و هەڕەشە، سنووری یاخیبوون بەرتەسک دەکاتەوە.

کاتێ رادەکا و وەرزش دەکا، دەبێ ئەنجومەنی پیرانیش لەتەکیدا رابکەن. بەردەوام فشارەکانی لەسەر دەوروبەری زیاد دەکا و دەرفەتی خۆ ئامادەکردنیان نادا بیر لە خۆڕزگارکردن بکەنەوە، هەر وەک دەبینین لە پەردەی دووەمدا هەموو ئەشرافەکان لەماڵی شیریا کۆبوونەتەوە بە مەبەستی نەخشەکێشانیان بۆ ئازادکردنی وڵات لە جەور و ستەمی کالیگۆلا، بەڵام کاتێ ئیمپراتۆر خۆی دەکا باژووردا،بە بڕیارێکی جەرگبڕی تر هەموو نەخشەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە (خەزێنەی دەوڵەت جێگیرە، بەڵام من بەچاکم زانی گرووپی خزمەتکار و کارگەرانی کۆشک کەم بکەمەوە، هەر بۆ ئەوەش و لەرووی قوربانیدانەوە هەندێ کۆیلەم ئازاد کرد و بڕیارمدا ئێوە جێیان بگرنەوە)، هەر لەوێوە هیلکۆنی هاوڕێ و هاوڕای کالیگۆلا بۆ پاساوی ئەو کارە دەڵێ (دابەزین لەپلەی کۆمەڵایەتیەوە ئاسانترە لە سەرکەوتن).

ئەو ستەمەی کالیگۆلا بەسەر دانیشتوانی ئیپراتۆریەکەیدا دەسەپێنێ تەواو لەسنووری ماقووڵ دەردەچێ و زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ ئەو یاخیبوونەی کە کامۆ لە مرۆڤی یاخیدا پێناسەی دەکا (نەء مانای /مەسەلەکان زیاد لە پێویست درێژەی کێشا/ تا ئەو رادەیە قوبووڵ دەکرا، بەڵام ئیدی قابیلی قوبووڵ نییە/ سنوورێک هەیە ناکرێ بیبەزێنین/ تۆ زیادەڕۆییت کرد). لەدیدی کالیگۆلاشەوە کەس ناتوانێ لەو وڵاتەدا بتوانێ یاخی بێ، چونکە ئازاد نین. وەک کامۆش دەڵێ

(بۆیــە مــرۆڤ یاخی دەبێ، چونکە ســەرنەوی ناکا بــۆ ئەو بوونەی بەســەریدا سەپێنراوە). بەڵام لای کالیگۆلا هەموو خەڵکی دەستەمۆن و ترس بە ئاســانی دەیانکاتە کۆیلە. بۆیە کە ســیبۆنی شــاعیر پاش زمانبڕین و لەناوبردنی باوکی شێوەیەک لە نارەزایی خۆی دەردەبڕێ و باس لە کوشــتنی ئیمپراتۆر دەکا، کالیگۆلا دەمی دەیگاتێ و لەپاڵ تۆقاندن هەڕەشــەی حەشــاردراو و بــە لۆژیــک و تیڕوانینی خۆی لەگەڵیدا دەدوێ و دەستەمۆی دەکاتەوە و لەو هەڵوێستەی پەشیمان دەبێتەوە.

کالیگۆلا بەردەوام دەبێ لە فشــار و ســتەم تــا دەگاتە ئەو رادەیەی ســایلۆکانی گەنــم بــەڕووی میللەتــدا دابخــا و هەموو دانیشــتوان رووبەڕووی برســیەتی و نەهامەتی بکاتەوە و بەوەشەوە نەوەستێ بڕیارێکــی نالۆژیکــی تــر دەر بکا کــە (هەر کەســێک زۆرترین جار ســەردانی ماڵە ســۆزانیەکان بکا و بلیت ببڕێ نیشانی پاڵەوانێتی پێ دەبەخشــرێ و ئەوی لە دوانزە مانگدا نیشــان وەرنەگرێ یان دوور دەخرێتەوە یان لە سێدارە دەدرێ).

هەر ئەو ســتەم و زۆرداریە بێ ئەندازەیەش دەبێتە هاندەر بۆ یاخی بوون و پاشان لەناوبردنی ئەو دیکتاتۆرەی، هەرگیز دوودڵ نەبووە و لــە هیچ کارێکی نالۆژیک و بەدەرە لە مۆراڵ و نەریت. هەرچەندە ئــەو هەڵســووکەوتانەی لەو ســنوورەدا بــوون کە لەناخــی خۆیدا نەخشانوویەتی و بەوپەڕی هۆشداریەوە کاری لەسەر کردووە.

ئەگەر بەوردی دیقەتی ئەم شــانۆنامەیە بدەین دەبینین کامۆ لایەنی ئــەو یاخیبوونــەی کە خــۆی بانگەشــەی بۆ کــردووە، بەرتەســک کردووەتــەوە و لەجیاتــی ئەوەی بەژیــان و بــوون و نەبوونەوەی ببەستێ، گرێیداوە بە بوونی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژی وەک کالیگۆلاوە، ئەوەش لەبۆچوونەکانــی خۆی دووری دەخاتەوە کە وای بۆ دەچێ یاخیبــوون یەکێکــە لە لایەنە جوانەکانی مــرۆڤ و وەک خۆی دەڵێ (یاخیبوون وا دەر دەکەوێ نێگەتیف بێ چونکە هیچ بەرهەم ناهێنێ، بەڵام لایەنێکی پۆزەتیڤی هەیە کە ئە خوسڵەتەی مرۆڤ دەردەخا کە

دەبێ بەردەوام بەرگری لێ بکرێ). کەواتە دەتوانین بڵێین کالیگۆلا لەم شانۆنامەیەدا لەلایەکەوە خۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ یاخیوون و لەلایەکی تریشەوە خۆی لە نەریت و باو یاخی دەبێ و لە میانەی پایەو دەسەڵاتەوە یاسا و راسایەکی تایبەت بەخۆی پەیڕەو دەکا و بەکارەساتی دەگەیەنێ و لەکۆتاییدا ئەم تراژیدیایە بە کوشتنی خۆشی تەواو دەبێ.

دەبینین هەر یاخیبوون لە رۆمانی (نامۆ) دا شێوازێکی تر لەخۆ دەگرێ و نزیک دەبێتەوە لە وتەی خودی کامۆ لە (داستانی سیزیف) دا کە دەڵێ (بابەتی ئەم کتێبە پەیوەندی نێوان بێپەروایی و خۆکوژییە)، دیارە ئەو وتەیەش لە رۆمانەکەدا دەخاتە قاڵبێکی ترەوە، ئەویش بەوەی پاڵەوانی رۆمانەکە (میرسو) وەک کاراکتەرێکی دەرەوەی خودی خۆی رووداو و یاخیبوونەکان دەگێڕێتەوە و بە ئاسایی لە سنوورەکان دەردەچێ و ناهوشیارانە هەڵسوکەوت دەکا و ئەویش ژیانی بەهەمان کارەسات کۆتایی دێ بە دادگایی کردن و بڕیاری لە سێدارەدانی کە زیاتر لە بێباکی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە و تا نزیک بوونەوەی لە سێدارەدانیشی وەک کەسی دووەم باس لەخۆی دەکا، بۆیە دەتوانین بڵێین بە هۆشدارییەوە هەڵسوکەوت ناکا و قەدەر گەمەی پێ دەکا، دیارە لێرەدا پاڵەوانەکە بەدەستی خۆی خۆی ناکوژێ، بەڵام بێباکی لە نەریت بۆ ناشتنی تەرمی دایکی و کوشتنی کەسێک بێ پەشیمان بوونەوە بەرەو ئەو چارەنووسەی دەبا.

لە شانۆنامەی (بەدحاڵی بوون)دا کارەسات بە شێوازێکی تر خۆی دەنوێنێ: دایکێک و مارتای کچی میوانخانەیەکیان لە شارۆچکەیەکی خامۆش و غەمگین و پەراوێزخراودا هەیە. هەموو ئاواتی مارتا ئەوەیە پارەیەکی باش کۆبکاتەوە و لەشارێکی خۆرئامێز و گەرموگوڕ و لەکەناری دەریاماڵێکی پۆشتەوپەرداغی هەبێ ژیانی تیا بەسەر ببا. دایکی نائومێدیشی بۆ ئەو مەبەستە پشتگیری دەکا.

دیارە لە میوانخانەیەکی چەپەکی شارۆچکەیەکی خامۆشدا ، ئاواتی

وا بە ڕێی ئاسـایی نایەتەدی و هەردەبێ بە پێوەرەکەی میکاڤیللی و لەڕێی نائاساییەوە بە ئامانج بگەن. بۆ ئەو مەبەستەش روو لە تاوانێک دەکـەن بـە ویژدانێکی ئارامــەوە میوانەکان دەکـوژن و پارەکانیان دەبەن، بەڵام رۆژگار نەخشەیەکی تری بۆ دیاری کردوون.

(جان) برای مارتا و کوڕی ماڵە، بەڵام بیست ساڵە بەجێی هێشتوون و لەگەڵ ماریای هاوسەریدا بەمەبەستی یاریدەدانی دایک و خوشکەکەی دەگەڕێتەوە و دەیەوێ گەمەیەکیان لەگەڵدا بکا و خۆی ئاشـکرا نەکا تـا بزانێ ژیان و گوزەرانیان چۆنە، هەرچەندە هاوسـەرەکەی تکای لێ دەکا خۆی ئاشکرا بکا، بەڵام ئەو سـوورە لەسـەر ئەو کارە و دەبێتــە میوانــی میوانخانەکە و شــەو مارتای خوشـکی (چا) یەکی ژەهــراوی دەداتــێ و لاشەکەشــی فڕێدەدەنە رووبارەوە و پاشــان بەهۆی پاسـپۆرتەکەیەوە دەزانن کێیان کوشتووە و چۆن کارەسات بەرەوڕوویــان دەبێتــەوە، بۆیە دایکەکە بەهۆش خـۆی دێتەوەو بۆ یەکەمجـار هەسـت بە سـۆزی دایکایەتـی دەکا و لەپەشـیمانی ئەو تاوانــەدا خـۆی فڕێدەداتە هەمــان رووبار و (مارتـا)ش کە ئەوەندە گوێ بەکوشـتنی براکەی نادا، بەڵام خۆکوشـتنی دایکی و هەناسەی ساردی براژنەکەی دەچێ خۆی هەڵواسێ.

ئەگەر بەوردی دیقەتی ئەم شـانۆنامەیە بدەین، دەبینین خۆکوژی بە ئاقارێکـی ترا دەڕواو لە زوربەی بۆچـوون ۆ بیریاریەکانی کامۆوە نزیک دەبێتــەوە، یان دەتوانین روونتر بڵێین ئەم داهێنانەی بە باڵای بیـر و بۆچوونەکانـی خۆیدا بڕیوە وەک (مرۆڤ قوربانیی دەسـتی راسـتیەکانێتی، بــەڵام کاتێ لێشـی نزیـک دەبێتەوە، ئیـدی ناتوانێ خـۆی لێ دەرباز بـکا) یان (کاتێـک پەنا دەبەیتە خۆکـوژی، درکت بــەوە کردووە کە ژیان ئاسـان نییە و ناچاریشـیت بــەردەوام بیت لەو نمایشــەی پێت سـپێرراوە) بۆیە لێرەدا دەبینین مارتا لە ژیانێکی تاڵــدا دەژی و بــە پێی بیرکردنــەوەی تاوانکارانەی خـۆی، کە تەنیا رێگای گەیشـتنێتی بە خەونەکانی، قەدەر دەکەوێتە بەینەوە و بەرەو کارەسـاتی براکـوژی وخۆکوژی دەکاتەوە. ئـەم یاخیبوونەی مارتا

كە وتەیەكی خودی كامۆوە سەرچاوەی گرتووە كە دەڵێ (مرۆڤ بۆیە یاخی دەبێ چونكە سەر دانانەوێنێ بۆ ئەو بوونەی بەسەریدا سەپێنراوە).
هەروەها كاراكتەرێكی سەرەكی تری بەدحاڵیبوون خزمەتكارەكەیە كە دەتوانین بڵێین دەوری قەدەر یان رۆژگار نمایش دەكا و هەر لەیەكەمین دەركەوتنیەوە دەستی لەهەموو رووداوەكاندا هەیە و لە دەرخستنی كوشتنی (جان)یشدا ئەو پاسپۆرتەكە دەهێنێ و لەگەڵ بایەخنەدانی مارتاشدا بۆ خوێندنەوەی، ئەم هەر سوورە لەسەر ئاشكرا كردنی ئەو تاوانەی مارتا و دایكی بەرامبەر جان كردوویانە و رووبەڕووی چارەنووسێكی نووتەكیان دەكاتەوە. ئەم كاراكتەرە بێدەنگە وا دەردەكەوێ كەڕولاڵ بێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قفڵی شانۆگەریەكە لای ئەمە، كە ماریای كۆست كەوتووی بێوەژنكراو زۆر بە نائومێدیەوە لێی دەپرسێ دەتوانی یارمەتیم بدەی؟ ئەو وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ (نەء).

## سەرچاوەكان


1-Dieterwanderlich.de/Albert Camus.htm
2-Hamburger-bildungsverber.de/camus/index.htm
3-De.wikipedia.org

٤-كاليجولا ترجمة يوسف ابراهيم الجهماني دار حوران للنشر
٥- دراسات فی المسرح المعاصر تاليف عبدالمسيح ثروت / مكتبه النهضه ١٩٧٢
٦-الانسان المتمرد ترجمة نهاد رضا منشورات عويدات ١٩٨٣
٧-اسطوره سيزيف ترجمه انيس زكی حسن منشورات دار مكتبة الحياة بيروت/لبنان ١٩٨٣
٨-الغريب المكتبه الثقافية بيروت/لبنان ١٩٨٢
٩- اللامعقول تاليف ارنۆلد پ. هينچليف ترجمه د. عبدالرحمن لؤلؤة المؤسسة العربية للنشر بيروت/ لبنان ١٩٨٣

10- Theaterheute Nr.5 Mai 1998 S.18- 21
11- Theaterheute Heft 1 Januar 1978 S.4- 5

١٢- رۆمانی نامۆ و لێكدانەوەیەك (بەدحاڵی بوون) و (دادپەروەران) لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ٢٠٠٣ وەرگێڕانی حەمەكەریم عارف



# شانۆی کوردی لەنێوان بوون و بنیادناندا*

دەمەوێت پێش ئەوەی باسی گەشەکردنی شانۆی کوردی بکەین، لەخۆمان بپرسین:

ئایا شانۆی کوردیمان هەیە؟ ئەگەر هەمانە لەچ رادەیەکدایەو ئەگەر نیشمانە چۆن بنیاتی بنێین؟ ئایا ئەزموونگەریمان تا کوێ بڕیکردووەو لەکوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە؟

لەڕاستیدا ئەمانە هەندێک پرسیاری گرنگن و پێویستیان بەوەڵامی راستەوخۆو زانستییانە هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت پێشەکی ئەو هەلومەرجانە بزانین کەبوونەتە هۆی سەرهەڵدانی شانۆو پاشان ئەو کۆسپ و رێبەستانەی لەقۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا شانۆی جیهانییان تووشی نەهات کردووەو سەرلەنوێ لەسەر چ بنەمایەک نەشونمای کردووەو جێی شیاوی خۆی گرتووەتەوە.

هونەر بەگشتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بلیخانۆف وتەنی (ئاوێنەی کۆمەڵە)، بێگومان هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش

پێویست بەڕێخۆشکردن و پێداویستییەکانی سەرهەڵدانێتی، ئەمەش بەپێی قۆناغە جۆربەجۆرەکان دێتە کایەوەو بەشێوەیەک لەگەڵ سەردەمەکەیدا یەکەوگیر دەبێت، کەنەتوانین بەئاسانی لەمێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و رۆشنبیریی و ئابووریی جیای بکەینەوەو دوور لەوان پەلی بۆ بهاویژین و یەکالای بکەینەوە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم زۆر بەکورتی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆو شکست و کۆسپەکانی رێگای باس بکەین و لەو روانگەیەوە بڕوانینە شانۆی کوردی و پێداویستییەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەستنیشان بکەین.

هەرچەندە چەند هەوڵێکی زانستییانە دراوە بۆ سەلماندنی بوونی شانۆ پێش شانۆی گریکی وەک دەقی شانۆی بابلی و هەندێک دیاردەی شانۆیی فیرعەونی و .. هتد، بەڵام ئەوەی هیچ گومانی تیادا نییەو سەلمینراوە، ئەوەیە کەشانۆ (وەک دیاردە) لای گریکەکان سەریهەڵداوەو جێگیر بووە.

بەپێی ئەو دەق و دۆکیۆمێنتانەی پێمانگەیشتوون، لەسەدەی پێنجەمینی پێش کریستدا شانۆی گریکی بەتەواوی چەسپاوەو بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری تایبەتی خۆی هەبووە.

دامەزراوە ئاینییەکان، وەک پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی پاڵپشت و هاندەری نمایشی دیترام (Dithyrambe) بوون و تێسپس (Thespis) لەدەوروبەری سالانی ٥٥٠ پ.ز یەکێک بووە لەکەڵە ئەکتەرەکانی ئەو هونەرەو لەساڵی ٥٣٥ ی.ز خەڵاتی چاکترین ئەکتەری پێبەخشراوە. تێسپس بەرلەوەی بەرەو شارە گەورەکان بچێت، بەگالیسکەکەیەوە دێ بەدێ گەڕاوەو بەند (Band)یان وەک عەرەب دڵێن (جۆقە)ی لەدانیشتووانی گوندەکان هەڵبژاردووەو پێویستییەکانی نمایشەکانیشی هەر لەگالیسکەکەیدا بوون. پاشان لەرێی دامەرزاوەی پێشبڕکێوە، کەدامەزراوەیەکی شارستانی بووە لەئەسیناو بەرپرسیاری فێستیڤاڵی دیۆنیس بووە، لەو فێستیڤاڵەدا جێگیر بوەو رۆژانی یەکەم و دووەمی جەژنی دیۆنیسی بۆ

تەرخانكراوە.
دیتیـرام یان وەک عەرەب دەڵێن (الامدوحە) بریتی بووە لەدرامایەک بەگۆرانییەوە یان داستانێكی شیعری پڕسۆزو حەماس، بابەتەكانیشی وەک بابەتـی تراژیدیـا، میتۆلـۆژی Mythologyو مێژوویـی بـوون، بـەڵام بەند لێـرەدا كەبریتیی بـوون لەپەنجا كـەس روویان نەكردووەتە جەماوەرو وەک تراژیدیاش دەمامک و بەرگی شانۆییان بەكارنەهیناوە.
لەساڵی ٥٣٨پ.ز تراژیدیاش خراوەتە ناو فێستیڤاڵی دیۆنیس و بەپێی پێویسـت بناغەی داكوتاوە، پاشـان هەر لەجێی فێسـتیڤاڵەكە بینای شانۆشی بۆ دامەزرێنراوە.
لەڕاسـتیدا فێسـتیڤاڵی دیۆنیس Dionysien جەژنێكی ئاینیی بووە بۆ (دیۆنیس) خواوەندی مەی تەرخانكراوە، بۆیە بابەتی دراماكانیش ئایینی و ئەدەبی بوون، بەڵام شانۆیەک كەعەودالی وەڵامی پرسیارە نەمرەكانـی مرۆڤایەتییە، بەوەڵامی ئامادەی میتۆلۆژیا رازی نابێت و زیاتر پەل دەهاوێت و فەلسەفەی زانستی دەكاتە بابەت و دەستبەرداری شێوەی دەربڕین نابێت و لەمیشیاندا نوێگەریی رەچاو دەكات. هەربۆیە دەبینین كرۆكی بابەتەكانی (ئەسخیلۆس)ی جەنگاوەرو خاوەن موڵک كەساڵانی (٥٢٥-٤٥٦پ.ز) ژیاوە دەربارەی خواوەندەكان بووەو لای سـۆفۆكلیس (٤٩٦-٤٠٦پ.ز) پاڵەوان بووەتە سەرباسی بابەتەكانی، بەڵام یۆربیدس-ی كوڕە جوتیار (٤٨٤-٤٠٦پ.ز) وەرچەرخاوەتەوە لای مرۆڤی ئاسـایی. بەمشـێوەیە دەبینین وردە وردە بابەتی دنیایی و ئەدەبـی بەسـەر ئاینـدا زاڵ بـووەو تێڕوانینی كەڵە نووسـەرانی گریكیش دەربارەی میتۆلۆژیا شێوەیەكی تری وەرگرتووە. بەتایبەت لای كەڵەنووسـەری كۆمیدی گریک ئەریستۆفانیش (٤٥٠-٣٨٨پ.ز) كەدەسـتی نەپاراسـتووە لەهێرشكردنە سـەر جەنگ و جەنگاوەران و شـاعیرە مەزنـەكان و تەنانـەت خواوەندەكانیش، بەشـێوەیەكی كۆمیـدی و بەئوسـلوبی گاڵتەجـاڕی، ئـەوەی لێرەدا مەبەسـتمانە ئەوەیـە كەفێسـتیڤاڵە جەماوەرییەكانـی گریک بووبوونـە هاندەرو

ڕێخۆشکەر بۆ هەموو داهێنانێک، هۆی سەرەکی ئەو گەشەکردن و سنوور بەزاندنەی کەڵەنووسەرانیش جێگیربوونی دەوڵەت و یاساو رژێمی مەدەنی دیموکراتی و سەرهەڵدانی فەلسەفەو زانستی مێژوو بووە. گەشەکردنی کاری هونەری و زانستیش پێویستی تەواویان بەئازادیی و دەستتێوەرنەدانی کاریان هەیە. هەرئەوەش بووە هۆی کاڵبوونەوەی مۆرکی ئایینی لەکاری هونەریدا، لەکاتێکدا کەفێستیڤاڵی دیۆنیس زادەی کاری داهێنانی گریکی بووەو ناوەڕۆک و سەرهەڵدانیشی هەر ئاینی بووە، بەڵام قۆناغ بەقۆناغ بەهۆی بیری نوێ و سەرهەڵدانی زانستیی مێژووەوە، پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤ زیاتر هاتوونەتە گۆڕێ و بەوەڵامە ئامادەکانی باوەڕی ئاینیی و میتۆلۆژیا قایل نەبوون و دەبوو فەلسەفەو زانست جێیان بگرنەوە.

ئەگەر ئێمە لایەنی ژیانی دیموکراتی گریک بکەینە پێوەر، دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێ ئەو سیستەمە دیموکراتییە نەبووە کەئەمڕۆ دەیزانین، بەڵکو دیموکراتییەکی ئەرستۆکراتی بووەو کۆیلەو بیانی بەهاونیشتمانی لەقەڵەم نەدراون و هەقی هەڵبژاردنیان نەبووە، بۆ نموونە دانیشتووانی ئەتیکا چوار سەد هەزار کەس بوون، بەڵام تەنیا چل هەزاریان مافی هەڵبژاردنیان هەبووەو بەهاووڵاتی دانراون، لەو ژمارەیەشدا هەزارو دووسەد کەسیان خاوەن ماڵ و موڵک بوون و هەندێکیان لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە هەڵبژێردراون بۆ سەرپەرشتیکردنی فێستیڤاڵی دیۆنیس و هەموو مەسەلە داراییەکانیشیان لەئەستۆ بووە، پاشان لیژنەی هەڵسەنگاندن لەلایەن ئەنجومەنی گەلەوە هەڵبژێردراون. بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین دامەزراوێکی مەدەنی هەبووە، سەرپەرشتی فێستیڤاڵ بکات و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات. قۆناغی زێڕینی شانۆی گریکی تاسەدەی چوارهەمی پێش زاین بووەو پاش لەق بوونی ژیانی ئاسوودە، شانۆش نوشوستی هێناوەو لەو قۆناغانەی دواییدا میناندەر (٣٤٢-٢٩٢پ.ز) بەدوا بلیمەتی شانۆی گریکی دەژمێردرێ.

ئیمپراتۆریەتی رۆمانیش بەجەنگ و بەربڵاوبوون و هێرش و بەرگریکردن و پەلهاویشتن بنیادنراوەو بەهیچ شێوەیەک جێی دیموکراتی و بیری ئازادیی تیایدا نەبووەتەوەو بووەتە هۆی سەرەکی نوشست و دواکەوتنی شانۆو، لەجێی ئەو پاڵەوانبازیی و کەڵەکەبازیی و جادووگەریی و شەڕو بەیەکدادان و زۆرانبازیی بوونەتە سەردەست و چالاکی بەربڵاوو شانۆیان ناچارکردووە بەشێوەیەکی ساکار بکەوێتە کۆڵانان و بەدیمەنی پێکەنیناوی گاڵتەجاڕو بێ ناوەڕۆک روو لەخەڵکی بکات، هەر ئەو لاپەڕە رەشەی مێژووش بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاینی کریست بۆ داکۆکیکردن لەبێدەسەڵات و هەژارو لێقەوماوان.

لەم چەرخی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەو لەو ململانێیەدا ئاینی نوێ جێگیربوو، بەرەنگاری هەموو چالاکییەکان بووەو هەموویانی بەچاک و خراپەوە بەکاری شەیتان لەقەڵەم داوە، بۆیە دەبینین لەو قۆناغە پڕگۆڕانکاریی و ئاڵۆزەدا تەنیا سینیکا (٤-٦٥پ.ز) وەک کەڵە تراژیدیانووسێک دەناسرێت و ئەویش ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی گریکی بوون و خۆی نەداوە لەبابەتی رۆمانی.

پاشان ئەو ئاینە نوێیە بووە هێزێکی بێ سنوورو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بووە سەرکەوتکەری هەموو داهێنان و زانستێک و بەهۆی دادگا بەدناوەکانی پشکنینەوە بووە مۆتەکەی ترسێنەرو وەڵامی ئامادەی بۆ هەموو پرسیارە مرۆڤایەتییەکان دەستنیشانکردو سنوورێکی تەسکی بۆ داهێنان نەخشاندو شانۆشی لەبەرهەمی داهێنانی مرۆڤایەتییەوە کردە ئامرازی تۆقاندن و دەستەمۆکردن و لەناو کەنیسەدا تەلبەندی کرد. پاش ئەوە بابەتی شانۆ بووە چیرۆکی سەرهەڵدان و لەخاچدانی عیسا پێغەمبەرو تاوانی دایکە حەواو.. هتد، هەروەها زمانی باوی پیاوانی ئایینی و رۆشنبیرانیش بووە لاتینی و بەو هەنگاوە دوا دەزووی پێککەیشتنیان لەگەڵ جەماوەردا پچڕاندو دیوارێکیان لەنێواندا بنیادناو خۆیان لەخەڵکی ئاسایی جیاکردەوە.

پاش ئەوەی تاوانی دادگاکانی پشکنین گەیشتنە ترۆپک و دژایەتیکردنی

زانست و داهێنان و سووکایەتیکردن و سووتاندن و زیندانیکردنی زاناو هونەرمەندان بووە پیشەی ڕۆژانەیان و ئەوی لەئامۆژگاریی و تەعالیمی کەنیسە دەرچوایە بەزەندیق و کافر لەقەڵەم دەدراو دەوترا سنووری پساندووەو بەسزایان دەگەیاند، بەڵام گالیلۆ وتەنی: قایل بن و قایل نەبن، زەوی هەر دەسووڕێتەوە.
دوای زیاتر لەهەزار ساڵ چەوساندنەوە و کپکردن، زریانی شۆڕشی پیشەسازیی و بەرەوپێشەوەچوونی بیرو سەرهەڵدانی چینی بۆرژوا، باوەڕی زۆربەی خەڵکی بەوەڵامە ئامادەکانی کەنیسە لەق کردو پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤایەتی خستەوەگەڕو جارێکی دی هونەر بەگشتی ڕوویکردەوە مرۆڤ و بەهەمووان شۆڕشێکی مەزنیان بەرپاکردو توانیان جێی ئایین و کەنیسە لەدەوڵەتدا لەق بکەن و لەیەکتریان جیابکەنەوەو کۆمەڵ و داهێنان و زانست رزگاربکەن لەپابەندی و پاشکۆیی بەئایدیۆلۆژی کەنیسەی کاتۆلیکەوەو شانۆش وەکو هەموو لقەکانی تری هونەر لەسەرانسەری ئەوروپادا گەشەی کردو چووەوە جێی شیاوی خۆی.
دەبینین لەڕێنسانسدا پیشەکی زانست سەرقافڵە بوو، یان با بڵێین کاری تیۆری کۆمەڵەکەیان شڵەقاندو توانییان ڕووبکەنەوە مرۆڤ و سروشت و پاشان داهێنانی هونەریش هاوتەریب کەوتەوەگەڕو دەسەڵاتی یاساییان لەچنگ کەنیسە دەرهێنایەوەو تاڕادەیەکی چاک کەرامەت و ئازادییان بۆ مرۆڤ گەڕانەوە. دیارە شانۆش وەک دیاردەیەکی پێویستی کۆمەڵایەتی سەریهەڵدایەوەو بەچەند تیپێکی ئارەزوومەندان لەباوەشی زانکۆکان و هەندێ کۆشکدا لەئینگلتەرەوە سەریهەڵدا، پاشان بەرهەمەکانی سینیکا لەناوەڕاستی سەدەی شانزەدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و زۆربەی نووسەران لەژێر کارتێکردنی ئەودا دەستیاندایەوە خامەو بابەتە مرۆڤایەتییەکانیان زیندووکردەوە. لەوڵاتانی تری ئەوروپاش رووکرایەوە شانۆو بەکلاسیک و کلاسیکی نوێ دەستپێکرایەوە، پاش جێگیربوونی تەواوی شانۆ چەندین ڕێبازی تر سەریانهەڵداو شانۆ خرایەوە جێی

شیاوی خۆی.
شانۆی جیهانی (کەهونەرێکی مرۆڤایەتییە) هۆکارو پێداویستی بووە بۆ سەرهەڵدان و گەشـەکردنی، هەروەها تووش نوشت و نەهاتیش هاتووەو سەرلەنوێ ژیاوەتەوەو بناغەی پتەوتری داکوتاوەتەوە.
بۆیـە دەبێـت لێـرەدا بپرسـین ئایـا شـانۆی کوردیمـان لەکوێـوە سـەریهەڵداوەو بەرەوکـوێ چـووە؟ ئایـا وەک پێداویسـتییەکی کۆمەڵگەکەمان هاتووەتە گۆڕێ؟ تا چ رادەیەک کەڵکی لەشانۆی جیهانی وەرگرتـووەو تاچەند توانیویەتی مۆرکـی نەتەوەیی و ناوچەگەریی بپارێـزێ؟ تاکـوێ توانیویەتی کەڵک لەداسـتان و بەیت و کلتووری کوردەواریی وەرگرێ؟ پاشان چ ئەرکێکی لەئەستۆگیراوە؟
من لەو بـاوەڕەدام ئەگەر بمانەوێ شـانۆی کوردیمان جێگیربکەین و هەوڵی پێشـەوەچوونی بدەیـن، دەبێت ریالیسـتانە بیربکەینەوەو بەمەبەستی پاکەوە دەست لەسەر برینەکانی دانێین و کەموکوڕییەکانی بخەینـەڕوو، دیـارە شانبەشـانی ئەوانەش دەبێت لایەنی رۆشـن و هەوڵی هونەرمەندانی کوردیش دەستنیشان بکەین.

## سەرەتای شانۆ

لەسـەرەتای ئـەم سـەدەیەدا، شـانۆ وەک لاسـایی و دیاردەیەکـی شارسـتانی، لەلایەن رۆشـنبیرانی کوردەوە هێنراوەتە کوردسـتانی خـواروو، دیارە پاش ئەوەی شـێخ مەحمودی نەمر لێدراو بەرگریی کەمبووەوەو دەنگی خەباتی چەکداریی لاوازبوو، رۆشنبیرانی کورد کەوتنـە خۆیان و وەک ئەرکێکی پیرۆزی سەرشـانیان روویانکردە هونـەرو زانسـت، قوتابخانـە زیادکـران و رۆژنامـە کەوتنەگـەڕو بەرەوڕووچوونـی زانسـت و هونـەر بوونە دیاردە. هـەر لەو کاتە ناسـکەی کوردسـتاندا سـەرەتا لەقوتابخانـەکان و پاشـان گرووپی تایبەتی بۆ بنیادنراو لێرەولەوێ بەرهەمی شـانۆییان ئەنجامدەدا، بۆ نموونە لەسـەر سـەکۆی ماڵی بەهێ خان-ی دایکی شـێخ باباعەلی شـێخ مەحمود لەسـلێمانی شـانۆگەریی (قارەمانی کورد)و (زوڵم و

ئیستبداد)و (حوجره) لەساڵانی ١٩٢٥و ١٩٢٦دا لەلایەن رۆشنبیران و قوتابیانەوە پێشکەشکراون و دواتر گۆڕەپانی قوتابخانەکان بوونەتە جێی چالاکی نواندن و بەرهەمیان تیادا پێشکەشکراون. لەوە دەچێت سەرەتای شانۆ لەکوردستان چالاکی قوتابیان بووبێت و لەلایەن دەرچووانی زانکۆی بەغداوە کرابێت بەکارێکی کۆمەک و بەرهەمی قوتابیان. دیارە پاش ئەو هەوڵە سەرەتاییانەی (بەپێوەری ئەمڕۆمان ساکارو کاڵ و کرچ) شەرەفی بناغەو سەرهەڵدانی شانۆی کوردییان پێدەبەخشرێ و تەنانەت هەر بیرکردنەوە لەهونەرێکی نامۆو نوێ نەک هەر لەکلتووری کوردیدا بەڵکو لای وڵاتانی دراوسێش هێشتا سەرەتاو بناغە بوون. ئەو هەوڵانە دەبنە مایەی شانازیی و پێشەنگی هونەری شانۆگەریی لەسەرانسەری کوردستاندا. پاش ئەوەی هەر لەسلێمانی لەساڵی ١٩٢٦دا (قوتابخانەی زانستی کوڕان) بەهەوڵی رۆشنبیرانی شار دامەزراو ماڵی جەمیل بەگی بابانی بۆ تەرخانکراو پاش ساڵێک گوێزرایەوە ماڵی مەلا حەکیم لەسابوونکەران، بەرهەمی شانۆیی بوو بەیەکێک لەچالاکییە سەرەکییەکانی و هەر لەیەکەم ساڵی دامەزراندنیدا شانۆگەریی (نیرۆن)ی جۆرج ئەبیەزی نمایشکردووەو لەساڵی ١٩٢٧یشدا شانۆگەریی یۆلیۆس قەیسەر-ی شکسپیریان پێشکەشکردووە.

پاشان شانۆو بەرهەمی شانۆیی بەردەوام بووەو کەڵەنووسەران ئەو سەردەمەش بەشدارییان لەنووسین و وەرگێڕان و ئامادەکردنی بەرهەمەکاندا کردووە، وەک پیرەمێردی شاعیرو گۆرانی لوتکەو مامۆستا ئەبوبەکر هەوری و چەندانی تر. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستماندایە لەوەدەچێت یەکەمین تیشکی هونەری شانۆ لەشاری سلێمانی لەدایک بووبێت و لەقەدپاڵی چیاکانیدا فێری گڕوگاڵ بووبێت و پەروەردە کرابێت و هەر لەوێشەوە کرابێتە دیاری بۆ شارە دێرینەکانی تری کوردستان. دیارە سلێمانی زەمینەیەکی شیاوبووە بۆ بەرهەمهێنانی شانۆ، بەتایبەت کە بەئایین و رەگەزە جیاجیاکانییەوە تەنیا کوردی تیا نیشتەجێیەو دەستی دوژمنانی

هونەریشی پێ نەگەیشتووە، تا جێگیر بووە.
بەپێی ئەو زانیارییە کەمانەی لەبەردەستماندایە، لەشارە دێرینەکەی کوردستان لەهەولێر لەساڵی ١٩٣٨ـەوە شانۆی هونەری بەنمایشکردنی شانۆگەریی سەڵاحەدین دەستیپێکردووەو وادیارە پاش ئەو بەرهەمە سستییەک کەوتبێتە نێوەندی ئەو هونەرەوە.
لەوەدەچێت لەشاری کەرکوکیشدا تا ساڵەکانی پەنجا رێی هونەری شانۆ نەدرابێت و بەهاوکاریی تورکمان و عەرەبی ئەو شارە کوردنیشنە دەستتراوەتە بینە قاقای هونەری کوردیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەشانۆ درەنگ سەریهەڵداوە، دەبینین دەستپێکردنی بەگوڕوتینێکی بابەگوڕگوڕ ئاساوە دەستیپێکردووەو بەکارامەترین و بەتواناترین هونەرمەندی لەبواری شانۆدا، پێشکەشی نەتەوەکەمان کردووەو چ لەکەرکوک و چ لەشارەکانی تری کوردستاندا هەردەم سەرقافڵەی نوێخوازی و داهێنان بوون.
هەروەها دەبینین لەشاری دهۆکیشدا شانۆی کوردیمان درەنگ هاتووەتە ئاراوەو لەسەرەتای حەفتاکاندا رەنگی بۆ رێژراوەو بەهۆی دەرچووانی ئەکادیمیاو پەیمانگەی هونەرە جوانەکانەوە گەیونەتە کاروانی شانۆی کوردی، دیارە دهۆک وەک شارۆچکەیەکی خنجیلانە (بەر لەوەی ببێتە پارێزگا) دەوری بەشارو دێهاتی عەرەب و بەعەرەبکراو گیراوەو تەنانەت رێگاش نەدراون بەکوردی بخوێنن، بۆیە شانۆ تیایدا کەمێ سست بووەو نەیتوانیوە شانبەشانی شارەکانی تر لەکوردستانی باشووردا هەنگابنێت.
پاشان لەشارۆچکەکانی کوردستانیش چالاکی شانۆیی هەبووەو بەردەوامیشە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٣٩دا لەهەڵەبجە شانۆگەریی (دڵداریی و پەیمانپەروەریی) لەنووسینی مامۆستا ئەبوبەکر هەوری پێشکەشکراوەو هەروەها لەکۆیەدا ساڵی ١٩٤٨ ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)یان پێشکەشکردووە کەیەکێکە لەشاکارەکانی گۆرانی لوتکە.
دەتوانم بڵێم بەهیمەتی نووسەرو هونەرمەندانی وەک پیرەمێردی

فەیلەسوف و شاعیرو گۆران و ئەبوبەکر هەوری و عەبدولواحید نوری و فوئاد رەشید بەکرو شێخ سەلامی شاعیرو دەیانی تر بەردی بناغەی شانۆیان داناوەو لەسەردەستی هونەرمەندانی نەوەی دوای ئەوان وەک هونەرمەندی مەزنی شانۆی کوردی رەفیق چالاک و نوری وەشتی و رەئوف یەحیاو کامەران موکری و سالّح دیلان و قادر دیلان و دەیان هونەرمەندی تر شانۆو شانۆگەریی بەجەماوەر ناسێنراوەو لەهونەری لاساییەوە بووەتە هونەرێکی چەسپاوو کاری بۆ کراوەو بەپێی توانا بەردەوام بووە.

لەڕاستیدا سەرهەڵدانی شانۆ لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا ئامادەگییەکی تیۆریی نەبووە، وەک پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی لەناو خودی کۆمەڵگەوە هەڵنەقوڵاوەو نەبووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، هەر لەبەرئەوەش بووە کەهەر لەسەرەتاوە پێناسەی تایبەتی خۆی نەبووەو زیاتر چاولێکردن و لاساییکردنەوە بووە.

ئێمە ناتوانین لاساییکردنەوەی دراوسێکان و سەرهەڵدانی شانۆمان بەکەموکوڕی و هۆکاری سەرەکی سستی شانۆی کوردیی دانێین، چونکە هەمووومان دەزانین لەسەردەمی رێنسانس و دوای ئەو قۆناغەش لەهەموو ئەوروپادا لاسایی سەردەمی گریک دەکرایەوە تا سەدەکانی هەژدەو نۆزدەش هەر بەپێوەری ئەرستۆ شانۆو شانۆگەریی هەڵدەسەنگێنرا، بەڵام دیارە ئەوان بەهۆی ئەو هەموو پشتگیرییەی لەلایەن خۆیان و جەماوەرو دەوڵەتەکانیانەوە دەکران و بەهۆی باری رەخساوی وڵاتەکانیانەوە توانیویانە لەهەموو بوارێکدا هەنگاوی گەورە بنێن و لەهەموو لایەنێکدا پێناسەی خۆیان بدۆزنەوە.

هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی شانۆی کوردیمان دەگەڕێتەوە بۆ باری نالەباری کوردستان و بێ دەوڵەتی و بندەستی و کەساسی نەتەوەکەمان، کەشانۆی ناچارکردووە لەسەنگەری خەباتدا چاو هەڵهێنێ و ئەرکێکی زۆر سەنگینتر لەئەرکی ئاسایی خۆی بگرێتە ئەستۆی و باری ئابووریی دابونەریتی کۆمەڵایەتیش ئەوەندەی تر

مەیدانیان لێ تەسککردووەتەوەو لەپێستی خۆیدا گرێیانداوە.
شانۆی کوردیی ئەوەندە فشاری خراوەتەسەرو بەسیاسەتەوە گرێدراوە، گەیشتووەتە رادەی زیادەڕۆیی لەهەندێ کەسەوە کەپێیانوابووە شانۆ دەتوانێ شۆڕش بەرپابکات، ئێمە لەو باوەڕەداین کەهونەرمەندی کورد هیچ کاتێک لەخەبات لای نەداوەو هەردەم پێشڕەوی کاروانی خەبات بووە، بەڵام بەداخەوە دڵسۆزی گەیشتووەتە ئەو رادەیەی لایەنی جوانکاریی فەرامۆش بکرێت و تەنیا لایەنی مەعریفی مەرام و ئامانج بێت و یان بەدروشم بکرێتە مەیدانی شەڕو ختووکەی سۆزی جەماوەر بدرێت، یان هەندێک کەموکوڕیی و دیاردەی ناجۆری کۆمەڵایەتی وەک باوەژن و دیاردەی جلوبەرگی لاوان و.. هتد بکاتە بابەتی شانۆو لایەنی تازەگەریی و جوانکاریی پشتگوێ بخرێت و تەنانەت لەلایەنە مەعریفییەکەشییەوە خۆی دوورەپەرێز گرتووە لەپرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤایەتی، لەڕاستیشدا ئەو شەڕە گەورەیە لەتوانای شانۆدا نەبووەو نەیتوانیوە (گلگامش)ی نێوەندی میزیۆپۆتامیا بێت لەڕێی مەرگی (ئەنکیدۆ)وە، عەودالّی نەمری بێت، ئەم داوە کەم هاوتایەش گوناهی هونەرمەندانی تیادا نەبووە، چونکە وەکو وتمان شانۆی کوردیمان هەمیشە گرێدراوی سیاسەت بووەو زۆر بەداخەوە سیاسەتیش لای ئێمە زانست نییە، بەڵکو سیاسەت لای ئێمە بەمانای تەسکی حزبایەتی دێ، حزبەکانیش هەندێک پێوەرو خەتیان بۆ هەموو چالاکییەکان کێشاوەو بەپێی ئایدیۆلۆژیای خۆیان یان چاکتر بڵێین بەپێی تاکتیکی رۆژانەیان (کەزۆرجار پەیوەندیی بەستراتیژی حزبەکانی خۆشیانەوە نەبووەو نییە) سنووریان بۆ کاری هونەری کێشاوەو لای رۆشنبیرانی لایەنگرانی خۆشیان بووەتە چوارچێوەیەک و ئەودیوی هێڵەکەیان بەهونەر دانەناوە، لەلایەکی تریشەوە ئایین و نەریت چەند هێڵێکی سووریان کێشاوەو وەڵامی ئامادەی پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤیان لادەستکەوتووە، ئەو پرسیارە فەلسەفییانەی بنەماو کرۆکی شانۆن.
ئیتر ئێمە چۆن دەتوانین داوای بەرهەمی مەزنی هونەری لەو

هونەرمەدانــە بکەین کەخۆیان ئازادنەبــن و لەهەرچوارلاوە مێخیان کێشرابێت؟!.

شانۆی کوردی لەسەرەتای ســەرهەڵدانییەوە هەتا ساڵانی حەفتاش کەنزیکەی نیوســەدە دەکات، نەیتوانیوە لەســەر بنەمایەکی زانســتی کاری ئەکادیمــی بــکات و هونەرمەندانــی شــانۆش تەنیــا بەهــۆی ســەلیقەو بەهــرەی هونەرییانــەوە توانیویانــە بــەردەوام بن و ئەو هونەرە مەزنە بەکۆمەڵ بناسێنن. لەگەڵ ئەوەشدا لێرەو لەوێ کاری هونەریی بەپێزو باڵاش پێشکەشــکراون و کەڵک لەشــانۆی جیهانی وەرگیــراوە. دەتوانین ئەو کارانەش بەبنەمای شــانۆ لەکوردســتان بەردەوامییــان لەخۆنەگرتــووە، بەڵام ئێمەش هەقمانــە بڵێین ئەوانە کاری تەواو ئەکادیمی و بێ عەیب نەبوون، ناشتوانین لەوە زیاتریان لێ چاوەڕوان بکەین.

لەســاڵەکانی حەفتــادا بەهــۆی نیمچــە ئازادییەک و هاتنــە مەیدانی قوتابیانی خوێندنگە هونەرییەکانی وەک ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، شــان بەشــانی ئەو هونەرمەندانەی دەرفەتــی خوێندنی ئەکادیمیان بۆ نەڕەخســابوو، بەڵام توانیبوویان خۆیان پەروەردە بکەن، هەندێک گۆڕانکاریی بەسەر هونەری شانۆدا هات.

ئەمانە خۆیان بەزانســتی شــانۆی جیهانی چەککــردو لەگەڵ کۆمەڵ و تیپــە هونەرییەکاندا هەندێک بەرهەمی شــانۆییان پێشکەشــکردو کەوتنــە چالاکــی هونەریی، بەڵام بەداخــەوە ئەمانیــش کەوتنە ژێر بەرداشــی سیاســەت و هەندێکیان لەمەیدانە بەرینەکەی سیاســەتدا ئەسپەشــەلی خۆیان تاوداو بەدروشمی رامیاریی ختووکەی هەستی خەڵکیــان دەداو هەندێــک لایەنی مەعریفەیان کــردە ئامانج و لایەنی جوانکارییان لاوەخســت، خۆئەگەر ئەم دیاردەیە بەشێکی مەسەلەکە بوایە، ئاســایی دەبوو، دەکــرا هەندێکی دی ڕێبازەکانی تری شــانۆ بگــرن و ڕێیەکــی هونەریی بۆ خۆیــان بدۆزنەوە، بــەڵام مەیدانەکە (هــەروەک مەیدانە سیاســییەکە جێــی کەســی دی تیانەدەبووەوە).

ئێمە نەک هەر دژی ئەوە نین کەهونەر رەنگدانەوەی کۆمەڵ بێت و ئامانج و ئاواتەکانی کۆمەڵگە بخاتەڕوو، بەڵکو بەیەکێک لەئەرکە سەرەکییەکانی هونەریشی دەزانین و هەوڵیشی بۆ دەدەین، بەڵام کاتێک هونەرەکان جێگۆڕکێ دەکەن و شانۆش لەهونەرێکی باڵای مرۆڤایەتییەوە دەکرێت بەئامێرێکی سستی راگەیاندن و پروپاگەندەو دەنگدانەوەی وتارە سیاسییە ناسیاسییەکان، ئەوە ناچار دەبین ئەو شانۆییە بخەینە لیستەی نەخۆشییەکانی شانۆوە.

دیارە لەو ساڵانەدا هەندێک بەرهەمی هونەریی بەتواناش پێشکەشکراون و هونەرمەندانی بەتوانای شانۆ جێ پێی خۆیان کردووەتەوە، بەڵام لایەنی تاقیکردنەوەو هەوڵدان و پەلهاویشتن کەم بووەو نەتوانراوە یان نەهێڵراوە هەوڵی دۆزینەوەی معادەلەیەکی نوێ بدرێت و رێبازو میتۆدە جیاجیاکانی جیهانی شانۆ بخرێنە بەر تاقیکردنەوەو هەوڵی پەیوەندییەکی نوێ بدرێت لەنێوان هونەرمەندو جەماوەردا.

لەو قۆناغەدا هەندێک بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەریی نوێ هاتنە کایەوەو هەندێ رۆشنبیر ویستیان خۆیان لەو کۆتانە قوتار بکەن، بەڵام بەهۆی ئەو خەتانەی کە بۆ رۆشنبیری کێشرابوون و کرابوونە قاڵبی ئامادە، تەنانەت لەهەندێک هونەرمەندیشەوە بوو بوونە پەرستگاو نەدەکرا پێی بەسەردا هەڵهێنرێ، بۆیە دەبینین کۆمیدیاش کرابووە مەیدانی نوکتەو پلارو توانجو لاساییکردنەوەو لایەنی رەخنەی مەزن و نوێکاری تیادا فەرامۆش کرابوو، ئەمیشیان دیسانەوە بەهۆی پێوەری قاڵبکراوی رامیارییەوە کەکرابووە تەنیا پێوەری سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی بەرهەمەکان، چونکە لەڕاستیدا زۆربەی رۆشنبیرانیش لەپەنجەرەی ئاواڵەکراوی رامیارییەوە دەیانڕوانییە بەرهەمەکان و لەبارەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەوە قاڵبێکی داڕێژراوی ئامادەکراوی سیاسی لەبەردەستدا بووەو ئەوی لەو قاڵبە لایدابێت بەرەنگاریی کراوەو سووکایەتی پێکراوە، خۆ ئەگەر جاروبار لێرە یان لەوێ هەوڵێکی تازەگەریی درابێت، ئەوە یان لەچوار

دیـواری قوتابخانە هونەرییەکاندا ماونەتەوە، یان لاسـاییکردنەوەی ئەو بەرهەمانە بوون و پاڵپشتێکی تیۆری و فەلسەفییان نەبووە.
شانۆ وەکو وتمان (ئاوێنەی کۆمەڵە) بۆیە دەبێت پێچەوانەکەشی راست بێت کە کۆمەڵ سـەرچاوەو رەنگدانەوەی هونەری لەئەستۆگرتووەو رادەی پێشـەوەچوونی هونەریش پەیوەندیی راستەوخۆی بەڕادەی شارستانی و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە.
ئایا چۆن دەبێت شـانۆیەکی بێ دەسـەڵات و سەرشـان قورسکراو مۆرکـی نەتەوەیی خۆی پێوەبێت و بیپاریزێـت کە ئەرکی بەرگریی و هێـرش و هۆشـیارکردنەوەو ورە بەرزکردنـەوەو خۆپاراسـتنی لەسـەر شـان بێت، چۆن بتوانیـن داوای تازەگەریـی و نوێخوازیی لـەو هونەرمەندانـە بکەیـن کـە بەنەریـت و دەردی کۆمەڵایەتی و سیاسـەتی چەوتەوە شەتەک دراون و سەرباری ئەوانەش عەودالّی نـان پەیداکـردن و ئەرکی پیـرۆزی نیشـتمانپەروەریی و خەباتیش لەسەروو هەموویانەوە.
مـن لـەو بـاوەڕەدام ئەگـەر عەقڵـی سیاسـی کـوردی ئەوەندەی بڕبکردایـەو بیزانیایـە کەبنیادنانی شـانۆیەکی کـوردی، کەمۆرکی کۆمەڵـی کوردەواریی پێوەبوایە و پێناسـەی تایبەتی خۆی هەبوایە، زۆر مەزنتـر و گەورەتر دەبـوو لەخزمەتی تاکتیکی رۆژانەی ئەوان و دەبـووە هەوێنی خۆناسـین و خۆ بەخەڵک ناسـاندن، چونکە ئەو نەتەوەیەی هونەرو کلتووری نەبێت، خۆیشی لەنرخی نەبووانە، ئێمە لێرەدا باس لەدوو لایەنەی هونەر دەکەین، لایەنی مەعریفی و لایەنی ستاتیکی، هەروەها باس لەئازادیی هونەرمەند دەکەین و مەبەستمانە شانۆ دەوری مەزنی نەتەوەیی خۆی ببینێ و نەبێتە دەهۆڵی ئەم یان ئەوو ئەرکی راگەیاندن و پروپاگەندەی لەئەستۆ نەگیرێ، چونکە هەر بەرهەم و ئامێرێک لەجێی خۆیدا سوود بەخشە، بۆ نموونە دەتوانین هەلوکێـن بەشمشـاڵێک بکەیـن، بەڵام هەمـان کار بەلقـە دارێکیش دەکرێـت و بەمیان ئـاواز دەرنایە، بۆیە دەڵێین هەندێک لەو کارانەی بەشانۆ سپێردرابوون، بەئامێرەکانی تری راگەیاندن ئەنجام دەدران،

بەڵام ئەرکی شانۆ بەوان هەڵناسووڕێ، بەهەرحاڵ ئەوانەی باسمان لێکردن تەنیا لایەنێکی مەسەلەکەن، بەڵام هۆکارو بنیادنەری هەندێک لەکۆسپ و گرفتی تری ڕێی شانۆ هەن، کەپاشان باسیان دەکەین.
لەو ماوەیەیدا کەباسمانکرد لەگەڵ هەموو تەگەرەو ڕێبەستەکانیشدا شانۆ ڕێ پێی خۆی لەکوردستانی خواروودا دۆزییەوەو توانی تاڕادەیەک شانۆ بەجەماوەر بناسێنێ و لەوانەش گرنگتر هاندانی لاوانی تازە پێگەیشتوو بوو بۆ ئەو مەیدانە بەرینەی هونەری. بۆیە دەبینین لەسەرەتای حەفتاکان تا کۆتایی سالانی هەشتا، کۆمەڵێ لاوی دەرچووی پەیمانگاکان و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان قۆڵی چالاکییان لێ هەڵکردو بەگیانێکی نیشتمانپەروەریی و هەست و زانستی هونەرییەوە هاتنە مەیدان و لەناو خودی قوتابخانە هونەرییەکاندا هەندێک بەرهەمی هونەرییان لەبەرگێکی هونەری نوێدا پێشکەشکردو هەوڵیاندا لەو دیوارە ئەستوورەی شانۆی تەقلیدی دەرچن و معادەلەیەکی هونەریی نوێ بدۆزنەوە. بەڵام ئەمانیش پێش ئەوەی ڕێی تەواوی خۆیان بدۆزنەوە چەندین تەگەرەو کۆسپیان خرایەڕێ. لەوانە دەرفەت نەدانیان بۆ نویگەریی و هەنگاونان بۆ شانۆیەکی ئازاد. لەلایەکەوە سانسۆری دەوڵەت دەیجنین و لەلایەکی ترەوە هەندێک لەهونەرمەندانی نەوەکانی پێشووتر، کەباوەڕیان بەتوانای ئەمان نەبوو و ئەو شانۆیەی خۆیانی پێ پەروەردە کرابوون بووە بووە تەوتەمیان و دەیانپەرست و ئاساییترین توانجیان بۆ ئەمان ترسنۆکی و لەواقیع لادان بوو. لێرەدا بەپێویستی دەزانم گرفتێکی کوشندەی تری شانۆی کوردی دەستنیشان بکەم، کەنەبوونی زمانێکی هاوبەشە لەنێوان نەوە جۆربەجۆرەکانماندا بۆ لەیەکتێگەیشتن، ئەوی لەنەوەی پێش خۆیەوە بەرهەڵستی کراوە، کەدەبێتە لێپرسراوێکی هونەریی نەوەکانی دوای خۆی کپ دەکات، نەوەی نوێش لای خۆیەوە خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر بەرهەمەکانی پێشتردا دەهێنێ و دەبنە دووبەرەبەستی ڕێی یەکتر. لەڕاستیدا ناکرێت سنوور بۆ کاری هونەری دابنرێت و کەسیش بۆی نییە خۆی بەمیراتگری

هونەر دابنێ. بۆیە پێویستە هونەرمەند ئازادییەکی تەواوی هەبێت لەتێڕوانینی بۆ ژیان و لەتاقیکردنەوەو نوێگەریدا، هەرچەندە من ناتوانم بڵێم هەموو ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو دەبن، بەڵام پاڵپشت و هاندەردەبن بۆ هەنگاوی نوێترو هونەریتر، دیارە هیچ تیۆرێکی سەر کاغەزیش بێ تاقیکردنەوە نایەتەدی و نابێتە پراکتیک و ناتوانرێت بناغەی زانستی بۆ برێژرێ، هەر وەک چۆن دەزانین کۆمەڵ و تیپ و گروپە شانۆییەکانی خوارووی کوردستان بوونە سەرقافڵەی بنیادنان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شانۆ لەسەرجەمی کوردستانداو هەر لەو ڕێیەشەوە هەنگاونراو هونەرمەندانی نوێ لەو بوارەدا هاتنە کایەو خوێنێکی نوێتریان کرد بەجەستەی شانۆدا، بۆیە دەتوانین ئەو قۆناغە ناوبنێین قۆناغی (سەرهەڵدان) ئیدی لەوە بەدواوە شانۆ جێ پێی خۆی کردەوەو تا رادەیەکیش ڕێ درا بەهونەرمندانی لاوو نوێخواز شانبەشانی هونەرمەندانی شانۆی تەقلیدی چالاکی بنوێنن، بەڵام دیسانەوە هەندێک هۆکاری نادروست شانۆی کۆنی (بەڵام لەبەرگێکی نوێدا) زاڵ کردەوەو ئەزموونگەران و نوێخوازانی کەنار خستەوە. هەرچەندە شانۆی تەقلیدی کۆن تارادەیەکی چاک ماڵئاوایی لێکراو بووە رابردوو، بەڵام زاڵبوونی لایەنی ئایدیۆلۆژی و پشتگوێخستنی لایەنی جوانکاریی و راهێنانی جەماوەر بەختووکەدانی هەست و کارتێکردنی کەم خایەن شانۆیان خستەوە قاڵبی راپۆرت. ئەمە سەرباری سانسۆری ترسناکی دەوڵەت و سانسۆری نەریت و باری کۆمەڵاتی و بەرگریکردنی رۆشنبیران لەمیتۆدە جێگرتووەکان و ناساندنی هەر لادانێک بەکەمتەرخەمی و بێهەڵوێستی، پاشان کەم دەرامەتی هونەرمەندانی نوێخوازیش بووە کۆسپێکی دی. لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کەهەر لەو قۆناغەدا چەندین شانۆگەریی هونەریی بەپێزیش پێشکەشکراون و پارێزەری جێی شیاوی شانۆ بوون و هەوڵی دەربازبوونێکی سنووردراریشیان داوە لەهێنانەکایە یان چاکتر بڵێین دەربازبوون لەهەندێک لایەنی نێگەتیڤی (شانۆی باو). هەرچەندە ئەم قۆناغە بەهەموو لایەنە چاک و خراپەکانیشیەوە

بەقۆناغی زێڕینی شانۆ دادەنرێت لەکوردستانی خواروو، بەڵام زۆر بەداخـەوە ئەوەی نەزۆک مایەوە بەکوردیکردنی شـانۆ یان ڕەوانتر بڵێین بنیادنانی شانۆی کوردی بوو بەپێناسەی نەتەوەیی خۆیەوە.
پاشـان لەناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتادا، هەندێک هونەرمەندی نوێ و بەپشـتگیریکردنی هەندێـک لەهونەرمەندانـی جێگیربـوو توانیان تاڕادەیـەک شـەقڵی شـانۆی باو بشـکێنن و زیاتر روو لەمەسـەلە زانستی و تیۆرییەکان بکەن و پێکەوە تاووتوێی میتۆدە هونەرییەکان بکەن و بگەنە هەندێک ئەنجام، بێگومان ئەمانیش بەڕێیەکی بێ تەنگ و چەڵەمـەدا نەهاتـن، بەڵام کاتەکەی لەبارتر بـوو بۆ داهێنانی نوێ و هەوڵـی گۆڕانکاریـی لەهەموو بوارەکانی هونـەردا. دیارە بەهۆی خۆپەروەردەکردن و مەشقی جەستەو قووڵبوونەوەو شیکردنەوەی هەمەلایەنـەی کاراکتـەرەکان، هەندێکیـان توانیـان بچنـە قووڵایـی برێ مەسـەلەی هونەرییەوەو چەند لایەنێکی لەبیرکراوی شـانۆش بهێننـە ئـاراوە وەک پانتۆمیـم و بالیەو سـەمای درامی. لەڕاسـتیدا ئـەم هونەرمەندانە کێوێـک تاقیکردنـەوەو ئەزموونگەریی جیهانیان لەبەردەستدابوو، بەڵام دیسانەوە بەردەوام بوون کارێکی سەخت و دژوار بوو، چونکە بەهۆی باری نالەباری دەرامەت و ژیانی رۆژانەوە نەیاندەتوانی هەموو کاتی خۆیان بۆ ئەو بوارە تەرخان بکەن.
ئەم قۆناغە دادەنرێـت بەقۆناغی تاقیکردنەوەو هەوڵی داهێنانی نوێ و سـەرەتای ئەزموونگەریی لەشانۆدا، ئەوەی لەم قۆناغەدا بەلایەنی نێگەتیـڤ دادەنرێت، سـووربوونی ئـەم هونەرمەندانە بوو لەسـەر مەشـقی کاراکتەری شـانۆ جیهانییـەکان (بێگومـان بەهۆی لاوازی کاراکتـەری شـانۆی کوردییەوە) هەر ئەوەش پاڵـی بەهەندێکیانەوە نا، باوەڕیان بەکاراکتەری شانۆی کوردیی نەبێت و خۆیان کاراکتەر داتاشن و تێکست بنووسن و ئامادەبکەن، یان وەرگێڕن بەو پێوەرەو ئەندازانەی توانای هونەریی و رادەی پێگەیشـتنی تاقیکردنەوەکانیان بخاتـەڕوو، واتـە زاڵبوونـی دەربڕینـی ئەنجامی مەشـق و توانای دەربڕینی جەستە (بێ پاڵپشتی تیۆری پتەو) بەسەر لایەنی مەعریفی

و لای هەندێکیان لایەنی جوانکاریش پشتگوێ خران و شانۆی کوردیی و بەکوردیکردنی شانۆش بێ پاڵپشتمانەوە.
پاش راپەڕینیش وەک هەموو لایەنەکانی تری هونەر، شانۆش بەنەمانی سانسۆرە بی ڕەوشتە فیکر تەسکیەکەی دەوڵەت، زۆربەی هونەرمەندان ساکان و پێویستیان بەدۆزینەوەی معادەلەیەکی نوێ بوو مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. مەیدانی بەرینی نیمچە ئازادی کتوپڕیش رێخۆشکەر بوو بۆ هەموو بەرهەمێکی کاڵ و کرچ و لەهونەر بێبەریی، شان بەشانی بەرهەمی هونەری بەپێزو سنوور شکێندا، بەڵام ئەم فرسەتە زێڕینە کەوتە ژێر بەرداشی برسێتی و نەبوونی و هونەرمەندانی ناچارکرد عەودالّی نان پەیداکردن بن و کاری داهێنانی هونەرییان ببێتەوە ئارەزوومەندی و بچێتە خانەی دوای نان پەیداکردن، هەندێکی تریان بەخۆهەڵواسین بەلایەنێکی باڵادەستدا ئومێدەواری بەردەوامی بوون لەکاری هونەرییدا، بەڵام ئەوانیش خزێنرانە قوژبنی دەزگا ساکارەکانی راگەیاندن و بەکارێکی دوور لەکاری خۆیان دامەزرێنران و پووکێنرانەوە.
لەڕاستیدا راپەڕین و ئازادیی زەمینەیەکی بەرین و رەخساوبوون بۆ بنیادنانی شانۆی کوردی و پەرەپێدانی، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کزبینی ئەقڵیەتی سیاسی کوردەوە گورزی نەزانی وەشێنراو بەر لەهەموو شتێک کلتووری نەتەوەکەمانی گرتەوە. چونکە لەڕاستیدا دەبوو سیاسەت بەشێک لەڕۆشنبیریی بوایە و تەواوکەری لایەنی رۆشنی هونەری نەتەوەکەمان بوایە، بەڵام بەداخەوە لای ئەوان یان دەبێ دەهۆڵی دەستی راگەیاندن و پابەندی سیاسەتی خۆیان بیت، یان بەدوژمنی کلتووری نەتەوەو بێ هەڵوێست و بێ توانا لەقەڵەم دەدرێی. بەهەرحاڵ کورد وتەنی ئەم هەویرە زۆر ئاو دەکێشێ، لێرەدا بەپێویستی نازانم زۆر لەسەر ئەم باسەیان پێداگرم و ئەو مەسەلەیە پێویستی بەلێدوان و شیکردنەوەی تایبەت هەیە.

## هەوڵی نوێ و ڕێبازی نوێ

خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دواییدا هونەرمەندانی شانۆ چالاكانە عەودالی نوێخوازیی وتاقیكردنەوەی میتۆدە جیاجیاكانی شانۆی جیهانین و سەرقاڵی تاووتوێكردن و دەمەتەقێ و هەوڵی لەبن نەهاتوون بۆ دۆزینەوەی معادەلەیەكی نوێ و مامەڵەیەكی نوێ لەگەڵ شانۆدا، كەئەمە خۆی لەخۆیدا شڵەقاندنی ئەو گۆمە وەستاوەیەو ئەگەر هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت ئومێدی لێدەكرێت ببێتە هەوێنی بنادنانی شانۆیەكی كوردی.

شانۆ وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی و هونەرێكی هەمەلایەنە دەبێت لەهەرهەنگاوێكیدا بیر لەكارتێكردنی جەماوەر بكاتەوەو بتوانێ بوون و بەردەوامی خۆی بەوان بسەلمێنێ، چونكە شانۆی بێ جەماوەر تەنیاو تاك دەستەو هیچی پێ ئەنجام نادرێت، گومان لەوەشدا نییە كەشانۆی قەتیسماوی قاڵبدراویش دەستەوسانە بەرامبەر گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان و هۆكاری پووكانەوەی خۆی لەناوخودی خۆیدایە.

ئێمەش بۆ سەلماندنی پێویستی نوێخوازیی و تازەگەریی و تاقیكردنەوەی نوێ پەنادەبەینەوە بەر تازەگەریی بەردەوامی شانۆی جیهانی و پەیوەستیی ئەو گۆڕانكارییانە بەگۆڕانكاریی سەرجەم سیستەمی ژیانی كۆمەڵایەتییەوە بەهەموو لایەنەكانیەوە، چونكە وەك وتمان شانۆ ژیانەو ژیانیش ئەگەر لەیەك قاڵبدا بمێنێتەوە بێ پەرواو بێ مانا دەمێنێتەوەو كەڕو هەڵدێنێ و دەبێتە بووكەشووشەیەكی بێ گیان.

ئەوەتا دەبینین هەر لەسەرەتای لەدایكبوونی شانۆوە یەكەمین ئەكتەر لای تێسپس بنیادنراوەو ڕۆڵی كاراكتەری پێدراوەو لای ئەسخیلۆسیش بووەتە دوو ئەكتەرو سۆفۆكلیسیش كردوونی بەسیان و تەنانەت لایەنی فیكری شانۆگەرییەكانیش بەپێی قۆناغ و لایەنگری نووسەرەكانیان گۆڕراوەو بەرگێكی تری بەبەردا كراوە، وەك دەبینین كرۆكی شانۆگەرییەكانی ئەسخیلۆس خواوەندەكانن

و سۆفۆکلیس پاڵەوانی مەبەست بووەو یۆربیدسیش هاونیشتمانی ئاسایی لەبەرچاوگرتووە، یان ئەریستۆفانیسی بلیمەتی کۆمیدیا کەڵکی لەئازادیی وەرگرتووەو بەهەموو توانایەوە تەشقەڵەی بەکۆمەڵگەکەی کردووەو بەخواوەندو پاڵەوان و خاوەن فیکرەکانیشەوە هارپونی و ڕەخنەی کردۆتە داردەست، بەڵام شانۆ لەهیچ حاڵەتێکدا پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەر دانەبڕیوەو هەردەم تەواوکەری یەکتر بوون و لای هەمووان ئاشکرابووە کەشانۆی بێ جەماوەر وەک جەستەی بێ گیانە، تەنانەت لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا کەنیسە کەڵکی لەشانۆ وەرگرتووە بۆ مەرامەکانی خۆی و بەردەوامی لەگەڵ جەماوەردا بەکاریهێناوە، پاشان شانۆی ئەلیزابیتی لەئینگلتەراوە مێژووی ڕاستەقینەی کردووە بەبابەت و شێوەی کلاسیکیشی پساندووە.

ئەگەر بەدیقەت چاوێک بەمێژووی شانۆی جیهانیدا بگێڕین، دەبینین نوێکاریی و سەرهەڵدانی ڕێبازی نوێ و داهێنانی نوێ ڕاستەوخۆ گرێ دراون بەهەندێک فاکتەری کاریگەرەوە کەکاریان لەسەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی کردووە، وەک گۆڕانکاریی فیکری و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، دیارە شانۆش بەرهەمێکی داتاشراو نییە و پەیوەندیی تەواوی بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیەو وەک خودی ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستی بەخۆڕزگارکردنە لەقاڵبی پێشووتر کە لەزۆر لایەندا دەبێتە قاڵبێکی تەقلیدی و هەندێک لەکارگەرانی ئەوەندە بەپیرۆزی دەزانن، دەستکاریکردنی دەبێتە کارێکی ناجۆرو لادان لەدابونەریت، هەروەها هاتنەکایەی فیکری نوێ و هێرشکردن و شکاندنی ئەو قاڵبانە دەبنە کرۆکی ململانێ و هەندێک بەرەوڕووی دەبنەوەو هەندێک پشتگیریی لێدەکەن تا جێگیر دەبێت و لەقۆناغێکی گۆڕانکاریی تردا جارێکی تر لەبەرگێکی تردا بەهەمان بازنەدا دەچنەوەو شانۆ بەشێوەیەکی تر خۆی دەنوێنێ، ئێمە دەبینین ڤیکتۆر هۆگۆی کەڵەنووسەری فەرەنسایی لەپێشەکی شانۆگەریی کرۆمۆێڵ ١٨٢٨ شانۆی تەقلیدی ڕەخنەکردووەو پێشنیاری دەربازبوونی لەمەرجەکانی ئەریستۆ بۆ بیناکردنی شانۆگەریی کردووەو، لەزۆر

لایەنەوە پێشـوازیی لەپێشـنیازەکەی کراوە، بەڵام پاش سـێ سـاڵ کەشانۆگەریی (هەرنانی) نووسیووە بەتوانج و پلارو سووکایەتیکردن بەرەنگاری بوونەتەوە، چونکە ئەمجارەیان رەگی کۆمەڵگەکەی لەبن دەرهێنابو و لەنەریتە چەسپاوەکانی کۆمەڵگە لایدابوو، پاشان دەیان داهێنەری تـر رێ پێی ئەویان هەڵگرتووەو داهێنانی نوێ و میتۆدی نوێتریان هێناوەتە کایەوە.
لەکۆتایی سـەدی نۆزدەدا کەڵەنووسەری نەرویجی (هنریک ئەپسن) دەستیداوەتە چەکوشی داهێنان و کۆمەڵگە شووشەییەکانی هاڕیوەو هێـزو توانـای بێ سـنووری خۆی بـۆ نوێکاریـی تەرخانکردووەو کاراکتەری شانۆگەرییەکانی ئەوەندە بەتوندوتۆڵی داڕشتوە کەخۆی وتوویـە: (من تەنیا کاراکتەر دەستنیشـان دەکەم و ئەوان بۆ خۆیان شانۆگەرییەکانم دەنووسن و بەئەنجامی دەگەیەنن) ئیتر نوێکاریی و داهێنان هەر بەردەوام بووەو تەنانەت شانۆگەرییە کلاسیکییەکانیش بەپێـی قۆناغ لەیەکتر جیاوازبوون و ناتوانین (ئەفجینا)ی راسـین و یۆرپیدس بەیەک چاو سەیربکەین. پاشان شڵەقانێکی تری مرۆڤایەتی بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنیو کۆلۆنیاکردنی ئەو وڵاتانەی دەستیان بەسەرداگیراو بوونە بازاڕی بەرهەمی سیستەمی سـەرمایەداریی بەبەرهـەم هەڵاوسـاوی عەودالی سـاغکردنەوەی بەرهەم، لێرەوە رۆشـنبیران و داهێنەرانیش کەوتنە تاووتوێکردن و بنیادنانی جۆرەها میتۆدی وەک ریالیست و ریالیستی سۆسیالیستی و پاشـانیش بەسـەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم و خۆشبوونی ئاگری جەنگی جیهانی دووەم و دابەزینی نرخی مرۆڤ بەرامبەر سیسـتمە چاوچنۆکـەکان و بـێ توانایی تاکەکـەس و زەوتکردنـی مافەکانی، چەندین میتۆدی نوێی شـانۆ سـەریهەڵدا وەک شـانۆی وجودی و ناماقوڵ و تووڕەو.. هتد، زۆربەی ئەم رێبازانەی باسـمان لێوەکردن لایەنی شـێوەو ناوەڕۆکی تێکسـتی شـانۆیی گرتووەتـەوە، چونکە داهێنەرەکانیان بەپلەی یەکەم نووسـەرانی شانۆگەرییەکان بوون و گومان لەوەدانییە کەهونەرمەندانی تریشیان لەپشت بوون.

دیسانەوە لەڕوانگەی ئەو راستییەوە کەشانۆ هونەرێکی هەمەلایەنەیە و کۆمەڵێک هونەری تیا کۆدەبێتەوەو چەندین داهێنەر بەرهەمیدەهێنن و شانۆ لەدووتوێی کتێبدا بێ گیان دەمێنێتەوە. لەسەر ئەو بنەما لۆژیکە دەبێت هەرلایەنەو لەئاستی خۆیەوە هاوتەریب لەگەڵ بەشەکانی تری هونەردا پێشـکەوتن بەخۆیەوە ببینـێ و تەواوکەری لایەنەکانی دی بێت و جێ پەنجەی خۆی لەسەر بەرهەمەکان دیاربێت. وەک دەبینین هونەری دەرهێنان تاسەدەی نۆزدەش دادەنرا بەشیکەرەوەی دەق و پردی نێوان نووسـەرو جەماوەر لەڕێی ئەکتەرەکانیەوە، بەڵام پاش پێشـەکییە نوێخوازەکـەی ڤیکتۆر هۆگۆ بۆ شـانۆگەریی کۆرۆموێل کەتیایدا قاڵبە تەقلیدییەکانی کلاسیکی کۆن و نوێی رەتکردەوەو بووە هەوڵە سـەرەتاییەکانی (نە)و خۆ رزگارکردن لەسـنووری کێشـراو بۆ شـانۆ، لەهەمـان کاتدا خەترێژییەکی کرد بـۆ گرنگیدان بەلایەنی دەرهێنان.

یەکەم کتێبی جوانناسـی شانۆیی لەساڵی ١٨٩٥ دا لەلایەن (ئەدۆڵف ئاپیا- ١٨٦٢-١٩٢٨) هوە نووسراوە بەناونیشانی (دەرهێنانی درامای ڤاگنـەر) دەبینیـن ڤاگنەر لایەنگری بەشـی مۆسـیقاو ریتمی نمایش بووەو، بەڕێ خۆشـکەرو بنیاتنەری (ئۆپێرا) دەناسرێ، ئاپیاش وەک دیکۆریسـتی بەتواناو شەقڵ شکێن و داهێنەری ئەو بوارە دادەنرێ، بۆیە دەستی لەسەر ئەو لایەنە داگرتووەو لەجیاتی دیمەن و نەخشی دەسـتکردی سـاکار، ئەنـدازەی پانتایی و قووڵی و بـەرزی رەچاو کـردووەو زیاتر ئـازادی هەڵـس و کەوتی داوە بەئەکتەرو پاشـان ئەرکـی دەرهێنـەری دیاریکـردووە بەمامەڵە کردن لەگـەڵ هەموو لایەنەکانـی نمایـش و دۆزینەوەی هێڵێکـی هارمۆنی لەدیدی خودی دەرهێنەرەوەو شـان بەشـانی دیکۆرو رووناکی و مۆسیقا یارمەتی ئەکتەر دەدەن، ببێتە پردی نێوان دەق و جەماوەر.

(گـۆردن گریـک)ی ئینگلیزیـش (١٨٧٢-١٩٦٦) شـوێن پێـی ئاپیای هەڵگرتووەو میتۆدی نمایشی ئەوی بەرەو پێش بردووە، لای ئەمیان دەرهێنەر پێشـڕەوو سـەرقافڵەی تـەواوی نمایشـەو دەبێ هەموو

لایەنەکانی دی لەبەر دەستدابێ و جووڵەو ریتمیش باتە بنەماو لەو روانگەیەوە کاری داهێنەرانەی خۆی ئەنجام بدا، هەروەها گریک هەستی بەکەم توانایی و سنووورداری جەستەی ئەکتەر کردووە، بۆیە داوای گەڕانەوەی کردووە بۆ دەمامک.

پسکاتۆر (١٨٩٣-١٩٦٥)یش شانۆی کریکاری هێنایە کایەو ئەکتەری ئارەزوومەندی خستە جێی پرۆفشیۆناڵ و هۆڵی شانۆی بەجێهێشت و فیلمی دیکۆمێنتاری بەکارهێناو بەکۆمەک نووسینی دەقی هێنایە ئاراوەو شانۆی بەسیاسەتەوە گرێدا، دیارە هەمووشمان دەزانین کەبرێشت کەڵکی تەواوی لەپسکاتۆر وەرگرتووە بۆ میتۆدی شانۆی داستانئامێزو (پیتەر برۆک)یش کەڵکی لێوەرگرتووە (داریۆفۆ)ی ئیتاڵیش کەخاوەنی خەڵاتی نۆبڵە، تائێستاش لەسەر ئەو رێبازە دەڕوات، دیارە بەداهێنان و هەوڵی خۆیەوە، ئینجا ستانسلافسکی و باری دەروونی کاراکتەرو توانەوەی ئەکتەر لەو رۆڵەدا کەنمایشی دەکات، هەروەها (بیومیکانیک - Biomechanic) لەبەکارهێنانی دینامی رووناکی و مۆسیقا وەک ئەرکێکی درامی و دیالۆگ و بنیادنانی پەیوەندیی راستەوخۆ لەنێوان هۆڵ و تەختەی شانۆو ئەکتەرو مۆسیقاو بەرگ و دیکۆرو نمایش و بینای شانۆ لای مایەرهۆڵد (١٨٧٤-١٩٤٠).

ئەم هەموو میتۆدو رێبازە جیاوازانە شانۆیان دەوڵەمەندتر کردووەو نەک هەر نەبوونەتە بەربەستی یەکتر، بەڵکو هاندەرو تەواوکەری یەکتربوون و هەمیشە پەیوەندییان لەگەڵ جەماوەردا بەهێزتر کردووەو عەوداڵی دەربڕینێکی نوێ و کاریگەر بوون، بەو شێوەیەی لەگەڵ ئەم چەرخەدا بگونجێ، بۆیە دەبینین ستانسلافسکی رووسی بانگهێشتی کریجی ئینگلیزی دەکات، شانۆگەریی هاملێت لە (شانۆی هونەری مۆسکۆ)دا بەرهەمبهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەشێوەی دەربڕینیان زۆر لەیەکتر جیاوازە، یان مایرهۆڵدی قوتابی یاخی لەستانسلافسکی مامۆستای، ریگا دەدرێ تاقیکردنەوەکانی بیومیکانیک لەیەکەم ستۆدیۆی سەر بەشانۆی هونەری مۆسکۆدا

بەرجەستە بکات و بیری هونەریی و میتۆدی گەڵاڵەبووی خۆی بەپراکتیک تاقی بکاتەوە، یان کاری ئەزموونگەریی لای گرۆتۆفسکی کەدەیەوێت خۆڵی کەڵەکەبووی میتۆدەکانی شانۆ لەشانی ئەکتەر بتەکێنێ و رزگاری بکات لەقاڵبکاریی و تەواوکەری بەرهەمی شانۆیی، بۆیە لەلابوورەکەیدا یا راستتر بڵێین لەکارگە شانۆییەکەیدا پەنادەباتە بەر ئەفسانە مرۆڤایەتییەکان و مەشق بەجەستەی ئەکتەر دەکات و دەیەوێت لەڕێی راهێنانی جەستەی ئەکتەرەوە بگات بەوزەی مەزنی گیان و هەرئەوەش نزیکی کردووەتەوە لە(پیتەر برۆک)و پەیوەندیی نێوانیانی پتەوکردووە.

ئایا کەس دەتوانێ بڵێ پسکاتۆر کەڵکی لەمایەر هۆڵد وەرنەگرتووە؟ یان برێشت داپچڕاو بووە لەپسکاتۆر؟ یان داریۆ فۆ تاقیکردنەوەی هەموویانی یەکالا نەکردووەتەوە؟

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ئەم هەموو گۆڕانکاریی و میتۆدە جیاوازانەی جیهانی شانۆ لەیەکتر داپچڕاو نەبوون، بەڵکو زۆربەیان تەواوکەری یەکتربوون، پاشان هەر وروژمێکی بنیادنان و گۆڕانکارییەکی بناغەیی لەشانۆدا، وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و قۆناغی گۆڕانکاریی لەزۆربەی لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەپشت بووە. ئەگەر دیقەتی ئەو هەوڵ و تەقەلا جیهانیانەی گۆڕانکاریی شانۆی جیهانی بدەین، دەبینین لەسەدەی نۆزدەهەمدا هاتوونەتە کایەوە، کەسەدەی سەرهەڵدانی رۆمان و شۆڕشی ئەدەبی و تەقینەوەی زانست و کۆمەڵ لەهەموو لایەنەکانیدا گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووەو سەدەی شۆڕش و فیکرو فەلسەفەو زانست و ئەەب و هونەر بووە، سەدەی کۆلۆنیالکردن و بزاڤی رزگاریخوازانەی میللەتان بووە، سەدەی سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی بووە، بۆیە دەبینین دەبێتە ململانێی نێوان بیری کۆن و نوێ و میتۆدی جیاجیای نوێکاریی بەپێی رادەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانی و مەوقیعی داهێنەر لەکۆمەڵگەکەیدا، دیارە هەمان بۆچوونیش بۆ سەدەی بیستەم و دوو جەنگە کاولکەرە جیهانییەکان و گۆڕانکاریی و یاخیبوون و نوێخوازیی لەهەموو

لایەنەکاندا هەر راستە.
ئەگەر بێتو بەچاوێکی بێ لایەنانە سەیری هەوڵ و کۆششی هونەرمەندانی شانۆی کوردیی بکەین لەبواری ئەزموونگەریی و نوێخوازیدا (لەکۆتایی هەشتاکانەوە تائێستاش) دەبینین ئاسۆیەکی روون و پاشەڕۆژێکی سەرکەوتوویان لەپێشدایە، ئەگەر رەچاوی هەندێک لایەنی گرنگ بکەن کەدەبنە پاڵپشت و هاندەرو لەلاسایی کردنەوەو دووپاتکردنەوە رزگاریان دەکات، هەموو دەزانین کەپێشڕەوو هەڵگری دروشمی ئەزموونگەری لەعیراقدا د.صلاح القصب-ە کەمامۆستای کۆلێجی هونەرە جوانەکانی بەغدایەو کۆمەڵێک قوتابی لەسەر ئەو رێبازەی (شانۆی وێنە) پەروەردە کردووە، دیارە مەیدانی ئەزموونگەریش ئەوەندە بەرینە، کەجێی داهێنان و تایبەتمەندیی تەواوی تیادەبێتەوەو بوونی ئەو مامۆستایە نەک تەنیا نابێتە بەربەست، بەڵکو دەشێ بکرێتە هاندەر بۆ داهێنانی مەزنتر، دیارە هونەرمەندی کورد گرفتێکی ئەوەندە تایبەتی هەیە کەڕەنگە لەجیهاندا بێ وێنە بێت، ئەویش عەودالبوونی نان پەیداکردنە لەدەرەوەی بازنەی هونەر، من لێرەدا دەمەوێت بپرسم ئایا چۆن دەتوانین داوای راهێنان و مەشقی سەختی جەستەو تاووتوێکردن و شیکردنەوەی لایەنەکانیشی لەو هونەرمەندە بکەین کە لەبنەمادا جەستەی خۆیشی لەخاچدراوەو بەخەتی رێژراوی نەریت و باری نالەباری کۆمەڵایەتیمان لەپێستی خۆیدا بەندکراوە؟ بۆیە بەپێویستی دەزانین کەلایەنێکی بەتەنگ هاتووی هونەرو شانۆی کوردی ژیانی رۆژانەی ئەو کەسانە دابینبکات و کاری سەرەکییان ببێتە عەودالبوونی نوێکاریی و تەنیا سەرقاڵی کاری هونەریی بن، ئینجا دەتوانن بەوزەیەکی لەبن نەهاتووەوە بکەونە کاری خۆیان و بتوانن لایەنەکانی بژار بکەن و بەئەنجامبگەن. هەرچەندە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا ئازادکردنی جەستە بەندە بەداوی نەریت و هەندێک هێڵی سووری داڕێژراو کەهونەرمەند دەبەستێتەوەو نووزەی لێدەبڕێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردەبێت هەوڵبدرێت و خەبات بکرێت بۆ

دەربازبوون لەهەندێک لەو داوانە، کەئەمیشیان پێویستی بەشۆڕشێکی فیکری هەیە لەهەموو بوارەکاندا. ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە ئەو هونەرمەدانە تەنیا باڵ و بەناموٚیی نەمێننەوەو لەلایەن رۆشنبیرانەوە پشتگیرییان لێبکرێت و جەماوەرییان بۆ ئامادەبکرێت، چونکە تەنیایی و هەست بەناموٚیی کردن وا لەو لاوانە دەکات پلان و ستراتیژییەکی هەمەلایەنــەو دیاریکراویــان نەبێت و زۆرجار بەهەوڵی تاکەکەســی لێرە یان لەوێ بەرهەمێکی نوێ دەرکەوێ و نەتوانێ بەردەوام بێت. لەڕاستیدا ئەو کارانە پێویستییان بەبەردەوامی و هەمیشە تاووتوێکردن و لێدوان و تاقیکردنەوە هەیە، نەک بەتوانج و پلاری بێ ســەروبەر لــەو هەوڵانە ســارد بکرێنەوەو بــەزاراوەی لەقاڵبــدرای ئامادەکراو رێــی داهێنانیان لێ بگیرێت. کۆســپێکی تری رێــی ئەزموونگەریی و هەوڵی نوێخوازیی نەبوونی دەقی شانۆگەریی کوردییە بەکاراکتەری پتەوو نەخشــێنراوی کوردی چنراو، کەبشــێ مەشقی لەسەر بکرێت و چەنــد لایەنە شــیبکرێتەوەو شــایانی ئەوەبێت بکرێتــە پرۆژەیەک کەتایبەتمەندیــی کاراکتەری کوردیــی پێوەدیاربێت. کەموکوڕی ئەم لایەنــە پاڵی ناوە بەهونەرمەندانەوە پەنابەرنە بەرکاراکتەری جیهانی و سروشــت و هەندێک بیــری تر. ئەم کەموکوڕییــەش دوولایەنەیە و بەشــێکی دەکەوێتە ئەســتۆی خودی هونەرمەدان، ئەویش لاوازی رادەی رۆشــنبیریی ئــەو هونەرمەندانەیــە دەربــارەی کلتووریــی نەتەوایەتیمــان کەدەکرێــت لەو ناوەنــدەوە داهێنانێکی بێ ســنوور بکەن و مۆرکی کوردەواریشــی پێوەبێت. ئەگەر بڕوانینە کاراکتەری کوردی لەهەندێک بەیتی کوردەواریدا دەبینین ئەوەندە پتەوو لەسەر بناغەی زانســتی داڕێژراون، بەهیچ شــێوەیەک گومان لەپێناســەیان ناکرێت و دەشــێ بکرێنە بابەتی ئەو ئەزموونگەریانە، دیارە بەکەڵک وەرگرتن لەتاقیکردنەوە جیهانییەکانیش، چونکە شــانۆ چەند مۆرکی نەتەوەیی و ناوچەگەریشــی پێوەبێت، لەو لایەنە مەزنەی بێ بەریی ناکات کەهونەرێکی مرۆڤایەتییەو بەپێناسەی تایبەتی خۆیەوە موڵکی هەموانە.

وەکـو وتمان ئەگەر ئەم هەوڵ و کۆششـانە پشـتگیرییەکی تیۆریی و رۆشـنبیریی دوولایەنەی (جیهانی و خۆماڵـی) لەتەک نەبن، ئەوە تەنیـا بەهەنگاوی کـورت و کەم خایەن دەمێننەوە، بۆیە دەڵێین پلان و سـتراتیژی لەهـەر کارێکی هونەریدا دەبنە هەوێنی پێشـکەوتن و بەمەرام گەیشتن. پێموایە مەشق پێکردن و راهێنانی جەستەی ئەکتەر کارێکی بەبایەخ و هەوڵدانێکی پیرۆزە لەبواری خۆیدا، بەڵام خۆ دەبێ بپرسـین مەشـقکردن لەپێناوی چیداو بۆچی؟ پاشان نابێت لەیادمان بچـێ کەشـانۆ بەتاکەکەس ئەنجام نادرێ و ئەم جۆرە مەشـقانەش ئەگـەر تـاک لایەنە بن، ئەوە وەک یاریزانێکـی تۆپی پێ وایە کەزۆر بەسـەختی مەشق بکات و جەستەی راهێنێ بەهەوڵ و ماندووبوون، بەڵام کەچووە یاریـگاوە نەتوانێ مامەڵە لەگەڵ تۆپ و یاریزانەکانی دی بکات، بۆیە دەڵێین رۆشـنبیریی یـەک لایەنە، هیچ هونەرمەندێک بەئەنجام ناگەیەنێ و پێویستە هاوپێوانێک هەبێت لەنێوان رۆشنبیریی جیهانـی و کلتـووری کۆمەڵگـەی کوردەواریـی لەدووتوێی کتێب و داسـتان و ئەفسـانەو بەیتە کوردییەکانەوە. راستە کاراکتەری کورد ژێردەسـتەو لەخاچدراوو کەساسـە، بەڵام خـۆ دەکرێت بۆ بنەمای کاراکتەری کوردیی بگەڕێین و لەنێو دێڕەکانی قەڵای دمدم و مەم و زین و زەمبیل فرۆشەوە معادەلەیەکی نوێ بدۆزینەوەو لەسروشتی تایبەتی کوردستانەوە نمایشەکانمان سەرچاوە بگرن و ببنە هەوێنی هونەرێکـی هاوچەرخی کوردیی، لەڕاسـتیدا ئەگـەر ئەزموونگەریی یاخیبوونێکی هۆشیارانە بێت لەشانۆی تەقلیدی بەمەبەستی بنیادنانی شـانۆیەکی کوردی نوێ لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەریی ئەوە ئەرکێکـی پیـرۆزی هونەریـی و خەباتێکـی سـەربڵند دەبێت، بەڵام خۆئەگـەر تەنیا یاخیبون بـێ لەلایەنی مەعریفی هونـەرو بایەخدان بەلایەنـی جوانکاریـی (هەرچەنـدە لایەنـی جوانکاریـش مەعریفەی لەخۆگرتووە) ئەوە دەبێتە یاخیبوونی بێ پلان و بێ پەروارو هەرگیز لەو بەرهەمە کاڵ و کرچانە پێشـکەوتووتر نابێت کەلایەنی مەعریفی دەکەنە ئامانج و جوانکاریی پشتگوێ دەخەن.

لەڕاستیدا هەندێکجار زیدەڕۆیی دەگاتە ئەو رادەیەی بووترێت لەشانۆدا باوی دەق و دیالۆگ نەماوەو تەنیا جەستەی ئەکتەر نمایش دەکات، خۆ ئەگەر وابێت ئەوە نمایشەکە دەچێتە خانەی سەماوەو کاتێکیش جوڵەکان تەعبیر بەخش بن ئەوە دەچنە خانەی پانتۆمیم، کەئەمیشیان بەشێکە لەشانۆ، نەک سەرجەمی شانۆ. بەهەرحاڵ دیسانەوە دەڵێین کاری بێ پلان و ستراتیژی ئەگەر بۆکورت وەختێکیش رەونەقدار خۆی بنوێنێ. هەر تەنیا باڵ و بێ پەروا دەمێنێتەوەو ناتوانێ رێی خۆی بدۆزێتەوەو ریتمی شانۆی کوردی بەتایبەتمەندی و پێناسەی خۆیەوە بەرهەمبهێنێ.
ئەرکی سەرەکی شانۆ عەوداڵبوونی پرسیارە دێرینەکانی مرۆڤایەتییەو لایەنی بنیادنان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەریشی لەئەستۆیە، بۆیە دەبێت هەردەم بەگۆڕانکاریی و نوێگەرییەوە خەریک بێت و ناسنامەی هونەری نەتەوەکەشی لەبەرچاو بگرێت، چونکە هەموو دەزانن کەهونەر بەگشتی دەبێت مۆرکی نەتەوەیی و هەندێک جار ناوچەگەریشی پێوەدیاربێت بەو نیازەی رێی هەنگاو بۆ بەجیهانیکردنی بنرێت. رەنگە زانست پەیوەندیی بەخودی زانیارییەوە هەبێت، بۆیە تایبەتمەندیی نەتەوەیی ون دەکات و ناتوانین بڵێین کیمیای ئەڵمانی و فیزیای ئەمریکی و.. هتد بەڵام هونەر لەکۆمەڵەو بۆ کۆمەڵە لەبەرئەوە دەوترێت شانۆی روسی و مۆسیقای فارسی و شیعری کوردی و.. هتد.
ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە باسی لێوەبکرێت ئەوەیە کەشانۆ چەند لەپرسیارە ئەزەلییەکان نزیک بکەوێتەوەو چەند خۆی لەبەها مرۆڤایەتییەکان بدات (لەدیدی تایبەتمەندیی کلتووریی نەتەوایەتییەوە) ئەوەندە نزیک دەبێتەوە لەکلتووری جیهانی و ئەوەندە جێگیر دەبێت.
لێرەدا دەمەوێ بەچڕوپڕی کۆسپ و تەگەرەکانی شانۆی کوردی دەستنیشان بکەین بەئومێدی چارەسەرکردنیان و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو هەموو گوڕوتین و کۆششانەی لەلایەن هونەرمەندانی

لاوەوە دەدرێـن، لەگـەڵ پشـتگیریکردنی هونەرمەندانـی دی بۆ بن داکوتـان و بەکوردیـی کردنی شـانۆ (بەمەبەسـتی بەجیهانیکردنی نـەک شـەتەکدانی لەناوچەگەریـدا)و بەدیاردەکردنـی شـانۆ لەناو کۆمەڵگەکەماندا.
بەداخەوە گرفتەکانی رێی شـانۆ لەقەبارەی خودی شانۆ گەورەترو بەهێزتـرن و رەنگـە لێـرەدا بتوانین هەندێکیان دەستنیشـان بکەین. یەکێک لەو کۆسـپە سـەرەکییانەی شـانۆ لەکوردسـتاندا مەسەلەی ئارەزوومەندیـی و پرۆفیشـناڵە، ئێمـە لێـرەدا بـاس لەپرۆفیشـناڵ دەکەیـن، نەک پسـپۆڕی، دەبینیـن تەنانەت دەرچووانـی پەیمانگەو کۆلێجی هونـەرە جوانەکانیش لەقوژبنێکی دوور لەکاری سـەرەکی خۆیان دادەمەزرێن و کاری شانۆ دەگەڕێتەوە سەر ئارەزوومەندیی و کات دزین لەماوەی حەوانەوەو خۆماندووکردنی دووبەرابەر زیاد لەپێویسـت بۆ بەردەوامی و داهێنان، ئەمەشـیان پەیوەندیی بەباری نالەباریـی کۆمەڵایەتـی و ئابووریی و رامیارییـەوە هەیە. خۆئەگەر دامەزراوێک هەبوایە بۆ داهێنەران ژیانی رۆژانەیانی دابین بکردایەو کاری سەرەکییان ببوایە بەعەوداڵ بوونی نوێگەریی و چارەسەرکردنی کۆسـپەکانی رێی شـانۆو هەوڵ و تەقەلا خستنە ناو قاڵبی تیۆری و بنیادنانی جەماوەریی ویسـتی شانۆ، ئەو کاتە دەکرا هەنگاوی زیاتر بنرێ و زووتر بەئەنجامبگەین، لەڕاسـتیدا مەسـەلەی پرۆفیشناڵ و جەماوەری شـانۆ و بنیادنان و نوێگەریی و ئەزموونگەریی ئەوەندە تێک ئـاڵاوو ئاڵۆزن، رەواندنەوەو لەیەکتـر جیاکردنەوەیان ئەوەندە ئاسان نییەو ناتوانین دوور لەیەکتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.
ئەگـەر شـانۆ کاری سـەرەکی هونەرمەنـدان بوایە، شـانۆ دەبووە دیـاردەو پێویسـتییەکی کۆمەڵایەتـی و جەماوەریی تینووی شـانۆ دەهاتنـە کایـەوە، بەبوونـی جەمـاوەری شـانۆش دەکرێـت تیپ و کۆمەڵە هونەرییەکان تەنیا بەکاری شانۆوە خەریک بن و ئەندامانیان پێویستیان بەوە نابێت لەدەرەوەی تیپەکانیان کاربکەن و دەرامەتیان بەند دەبێت بەکاری هونەرییانەوەو بەردەوام بەرهەمیان لەسەر شانۆ

دەبێت و بواری تاقیکردنەوەو نوێکاریشیان ئاسانتر دەبێت، بێگومان ئەمەش تەنیا لەگەڵ ئازادیی هونەرمەندا ئەنجامدەدرێت نەک رەنگی بـۆ برێـژرێ و رێی بۆ دیـاری بکرێت و بکرێتە ئامێـزی راگەیاندن و پڕوپاگەنـدەی گـروپ و چین و رەگەزو پارتـەکان. بێگومان ئێمە لێرەدا تەنیا مەبەستمان ئەکتەرو دەرهێنەر نییە، بەڵکو دیکۆرکێش و کارگەرانی مۆسیقاو رووناکی و تەنانەت ئێکسسواریش.
کۆسپێکی تری رێی شانۆ لەکوردستاندا، باوەڕنەبوونی هونەرمەندانە بەیەکتری، چونکە لەڕاسـتیدا زمانی هاوبەشـی نێوان گێنەراسـیۆنە جۆربەجۆرەکانـی ناوەندی هونـەر زۆر لاوازە. دەبینین نەوەی نوێ وای دادەنێت نەوەکانی پێش خۆیان هیچیان نەکردووەو دەبێت ئەمان لەسـفرەوە دەسـت پێبکەنەوە، هەروەها لەڕووی ئەوانیشـدا نەوەی پێش خۆیان دەبنە هەڵگری دروشمی شانۆی تەقلیدی و قەشمەرییان بەهەموو کارێکی نوێخوازیی دێت. لەڕاسـتیدا ئەم دیاردە ناپەسەندە تەنیا لەشـانۆی کوردید وا زیانبەخش و کوشندەیە. چونکە شانۆمان هێشتا لەسەرەتادایەو پێویستی بەتواناو وزەی هەموو هونەرمەندانە، خۆئەگـەر ئێمەش شـانۆی تەقلیـدی خۆگرتوو و تەنانەت شـانۆی بازرگانیشمان هەبوایە، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەڵێم جێی هەوڵ و کۆششی نوێخوازیی و ئەزموونگەریشـی تیا دەبووەوە، ئەگەر لەسـنوورێکی تەسکی وەک شانۆی شەست کورسی و ژووری داخراویشدا بوایە، دەکـرا هەرلایەنەو کاری خۆی بکردایەو بەهەمووان شـانۆیان پێش بخستایەو لەجیاتی سـووکایەتی بەیەکترکردن، تەواوکەری یەکتری بوونایـە. زۆر بەداخـەوە زمانـی ئاخافتـن لەزۆربـەی بوارەکانـی کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا لاوازن، چ لایەنـی هونەریـی و چ ئەدەبی و چ سیاسـی و زۆربەی بوارە رۆشـنبیرییەکانی دیش ئەمانە لەناو یەکتریشدا زۆرجار ناتەبان و پێکەوە هەڵناکەن. بۆ نموونە سیاسەت لای ئێمە (دیسـان دەیڵێمەوە سیاسەت بەمانا زانستییەکەی نا، بەڵکو بەمانای حزبایەتی) لەجیاتی ئەوەی بەشـێک بێت لەڕۆشـنبیریی یان تەواوکـەری هێڵی رۆشـنبیریی بێـت، دەبینین چالاکـی کۆمەلایەتی

و ئازادیی رادەربڕین بەسەرسەختترین دوژمنی خۆی دەزانێ و بەئەقڵیەتی ئەندامان و لایەنگیرانی خۆیان وای بۆ دەچن ئەو هونەرو ئەدەبەی لەخزمەتی خۆیاندا نەبێت و داردەستی راگەیاندن و پروپاگەندەی خۆیان نەبێت، ئەوە بێگومان بەرهەمێکی دژی میللەتەو لەبەرەی گەلدا حسابی بۆ ناکرێ، تەنانەت هونەرمەندانی دەرەوەی وڵاتیش لەپریشکی ئەو ئاگرە رزگاریان نەبووە، بۆیە لای ئەو تووتیانەی لەقەفەزی سنوورە خەتکێشراوەکاندا تەنیا توانج و پلاریان پێ لەبەرکراوە، هەر نوێخوازییەک سەرکێشی و بێ هەڵوێستییەو هەر رایەکی جیاواز خیانەتە. کڵۆڵیەکەش لەوەدایە ئەوانە وەکو رادیۆ وان دەڵێن و نابیستن.

گرفتێکی تری رێی شانۆ لەکوردستاندا، نەبوون یان کەمی تارادەی نەبوونی تێکستی شانۆگەری کوردی بەو شێوازەی بتوانرێ کاراکتەرو رووداوەکەی بەمیتۆدی جیاجیا نمایش بکرێ و تەفسیری هونەری جیاواز بگرێتەخۆ، لەڕاستیدا کاراکتەری زۆربەی شانۆگەرییە کوردییەکان ئەوەندە نازانستیانەو شل و شێواو بنیادنراون، کەهونەرمەند نەتوانێ گفتوگۆیان لەسەر بکات و بەمیتۆدی جیاواز نمایشیان بکا، چونکە ئەو لاوازییەی کاراکتەر رێ لەهونەرمەندی شانۆ دەبەستێتەوە، بۆ پەلهاویشتنی نوێخوازی و داهێنانی نوێ و لەپانتایی ساکاری و کاڵ و کرچی کاراکتەرەوە ناکرێ هونەرمەند تەفسیری هونەری خۆی بخاتە پاڵ و کاری داهێنەرانەی تیادا بکات.

هەر ئەوەشە هونەرمەندانی ناچارکردووە پەنابەرنە بەرتێکستە جیهانییەکان و لەدووتوێی ئەواندا توانای هونەری و تەقەلای تازەگەری و هەوڵی نوێخوازییان بنیادبنێن، دیارە بوونی کاراکەتەری لاوازیش خۆی لەخۆیدا لایەنی فیکری و داهێنانی بەرهەم لاواز دەکاو کەمتر بواری لێکۆڵینەوەو رەخنەی زانستی دەداو رێ لەداهێنانی هەمەلایەنەی شانۆی کوردی دەگرێ و جەماوەریش چەواشە دەکا. هەروەها ئەو هونەرمەندانەی تەنیا لەکلتووری کوردی شارەزان

هیچیان بۆ بەهیچ ناکرێ و ئەوانەی تەنیا لەشانۆی جیهانیدا شارەزانو چاوەڕێیان لێ ناکرێ شانۆی کوردی بنیادبنێن.

ئەگەر بێت و هەموو گرفتەکانی شانۆ بخەینەڕوو ئەوە بەدڵنایییەوە دەڵێم دواڕۆژێکی نووتەکمان دێتە بەرچاو، بەڵام ئایا جێی شانازی و پیاهەڵدان نییە کەهونەرمەندی شانۆی کوردی بەو هەموو ئەرکەی سەرشان و ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرە زەبەلاحانەشەوە، هەر لەسەر کاری خۆی بەردەوامەو رووبار ئاسا چەند بەربەستیش بکرێ هەر رێی خۆی دەدۆزێتەوەو وەک کێوە سەرکەشەکانی کوردستان، بۆمباران و کیمیاباران و سووتاندنیش رێیان لێ ناگرێ بەڕەنگی ئاڵ و واڵاوە پێشوازی لەبەهارو نەورۆزو دواڕۆژ بکەن؟!!

## سەرچاوە:


١-مقالات نقدیە فی المسرح، نووسینی رۆڵان بارت
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی د.سهی بشور

2-Theater Geschichte Europas…. Prof.Dr. Heinz Kindermann Renaissancs بەرگی دووەم.

٣-هەمان سەرچاوەی بەرگی یەکەم Antike und Mittelalter

4-Theater (Die faszinierende Geschichte des Schauspiels)
لەبڵاوکراوەکانی Cesare Molinari وەرگێڕانی بۆ ئەڵمانی Dr.Ilda Sonia Wolf و Isabella Boggio

٥-شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، نووسین و کۆکردنەوەی ئەکرەمی مەحمودیساڵحی رەشە.

٦-ئافرەت لەشانۆی کوردیدا-مەغدید حاجی

٧-تأریخ المسرح، نووسینی فیتۆ باندولفی، وەرگێڕانی الاب الیاس زحلاوی (بەرگی سێ و چوار)

٨-الفکرە الاخراجیە والتشکیل الحرکی، نووسینی ئۆسکار رایمز، وەرگێڕانی د.ندیم معلا محمد

٩-شانۆو شانۆی کوردەواریی، نووسینی حەسەن تەنیا

١٠-هەندێك نووسینی هونەرمەندە لاوەکان لەگۆڤاری رابوون و گەلاوێژی نوێ و رۆژنامەی هەتاو.


***ئەم باسە بابەتی سیمینارێکە لەفێستیڤاڵی شانۆی کوردی لەبەرلین ساڵی ١٩٩٨ خوێندراوەتەوە.**


ناسنامەو
خۆناساندنی شانۆ

رەنگە گەورەترین کێشـــەی نێوان شانۆکاران، یەکتر قبوڵ نەکردن و لــە یەکتــر تێنەگەیشــتن بێــت، کەبیری جیــاوازو شــێوازی جیاواز (لــەم قۆناغەدا) هێناویەتیــە کایە، ئەمەش دیارە شــێوەی تێروانین و خوێندنەوەی جیاوازی رووداوەکان چەسپاندوویەتی و بارو زروفێکی زۆر تایبەتیش بەســەر ســەرجەم داهێنانی هونەریا سەپاندوویەتی. بەپێی ئەوقالبەی کەلەبواری سیاســی و ســەربازیدا پەیرەو دەکرێ و لەبواری داهێناندا تەواو پێچەوانەکەی راســتە ئەویش قاڵبی (هێرش باشــترین بەرگریــە)، چونکە لــە داهێناندا بەرگری و خۆچەســپاندن راستترین رێگایە بۆگەیشتن بەئاوات و بۆ سەلماندنی هیچ رێبازێکیش پێویســتمان بــە ســرینەوەی ریبازەکانــی تــر نیە، هــەروەک چۆن بەدرێژایی مێژووی هونەر ئەو راستیە سەلمێنراوە

هەموو دەزانین کەجیهانی هونەر ئەوەندە بەرینو بەربڵاوە جێی هەموو داهێنانێکی تیا دەبێتەوەو هەرکەس دەتوانێت توانای هونەری خۆی بسەلمێنیو بە میتۆدی جیا جیا کە پەیوەندیان بەڕادەی رۆشنبیریو هۆشمەندیو مەوقعی کۆمەڵایەتی ئەو هونەرمەندەوە هەیە. شانۆش هونەرێکە چەندین بەهرەو توانای جیا جیای دەوێ لەچەندین بواری داهێناندaو مەسەلەیەکی ئاسایشە کە تەنانەت لەیەک بەرهەمیشدا چەندین دیدی جیاواز هەبێ. بۆیە چاکترین ڕێی لەیەکتر تێگەیشتنو گەشەکردنو بنیاتنانی شانۆو پەرە پێدانی، بەرگریکردنو شیکردنەوەو بەراوردکردنی میتۆدە جیاوازەکانو پشتگیری ئەزموونە جدیەکانە بەهەموو شێوازەکانیەوە، بەو نیازەی بەبەرهەمی زۆرو کەڵەکە کردنی ئەزموونی هەمەرەنگ بگەینە سەلماندنو جێگیرکردنی شانۆ بەهەموو بەشو میتۆدو کەرەسەی دەربرینەوە. بۆیە ئێمە لێرەدا بەپێی توانا ئەم مەسەلەیە دەخەینە بەرباسو لەلایەنێکی گرنگی دەدوێین کە ئەویش دەقی شانۆییە. دەبێت پێشەکیش ئەوە بزانین کەلە هونەردا دووجار دووی تیانیە تا بکاتە چوار. بۆیە هەقی تەواو لای کەس نیەو مەسەلەی دەربرینو داهێنان پێوەری تایبەتی خۆی هەیەو بەپێی قۆناغو باری کۆمەڵایەتیو رادەی رۆشنبیریو توانای خوێندنەوەی رووداوەکان لەلایەن هونەرمەندەوە دەگۆرێو لایەنی چێژ وەرگرتنو خۆسەلماندنیش مەسەلەیەکی رێژەییە.

هەموو دەزانین کە دەقی شانۆیی لە ئەفسانە (Mythology) سەرچاوەی وەرگرتووەو زادەی شیعر بووە، زوربەی زۆری دەقە نەمرەکانی شانۆی گریکیش لە ئەلیادەو ئۆدیسای هۆمیرۆسەوە وەرگیراون، بەڵام دیارە شانۆ بەهۆی بەربڵاوی تەعبیرو کۆنتاکی راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەردا نەیدەتوانی بەئەفسانەو داستانەکانەوە دابین بێتو دەقاو دەق نمایشیان بکات هەرئەوەش بوەتە هۆی ئەوگۆرانکاریو پێشکەوتنانەی بەسەریدا هاتووەو لەسەرەتاوە بووەتە مەیدانی جێگیرکردنو پاشان نوێکردنەوەو بەرەو پێش بردنی. شانۆ تایبەتمەندیەکی لەناو سەرجەم کاری هونەریدا هەیە،

ئەویش پێویستییە بە شارستانیو جێگیربوون. ئەگەر سەرنجێک لەمێژووی شانۆ بدەین، دەبینین کاتێک لەکۆمەڵگای گریکیدا پەرەی سەندووە کەئارامیو ئاسوودەیی لەئارادا بووەو فەلسەفەی مرۆڤایەتیش لەوپەڕی درەوشاوەیدا بووە. هەر ئەوبارە لەبارەش یاریدەی نوسەرە بلیمەتەکانی تراژیدیاو کۆمیدیای داوە بتوانن دەقە نەمرەکانیان نمایش بکەنو کاری شارستانیان بەسەرەوە بێو کار لە شارستانیش بکەن. دیارە ئەگەر ئەوشانۆیەش هەروەک خۆی بمایەتەوەو گۆڕانکاریو نوێکردنەوەی بەسەردا نەهاتایە ئەوە هەر بەنمایشی تاکە ئەکتەری دەمایەوەو دەبوایە شانۆ هەر گەرۆک بوایەو لەهەمان بازنەدا خولی بخواردایە، بەڵام تایبەتمەندیەتی خودی شانۆ کارێکی وای کردووە شانۆکاران هەردەم نوێکاری تیا ئەنجام بدەنو پرسیارە نەمرەکانی مرۆڤایەتی لەقۆناغی جیاوازدا، بەشێوازی جیاواز بکەن. ئەی ئەگەر وانەبوایە دەبوو سێیەکەی بنەمای شانۆ( وەک ئەرستۆ نیشانەی کردووە) تائێستاش پەیرەو بکرایەو، داوی مێخدانی شانۆبووایە. بەڵام دەبینین ئەوەندە هەمەلایەنو پەل هاوێژو گۆراو بووە کەتائێستاش پێناسەیەکی دەقاو دەق نەکراوەو بەتەنیا ئەوەندەکراوە لەشێوازو قاڵبێکی زۆر گشتیدا پێناسەکراوەو نەتوانراوە سیمای تەواوی پێناسە بکرێتو تایبەتمەندیەکانی ڕێبازە جیاجیاکان بەچەند ووشەیەک روون بکرێنەوە، چونکە هەرقۆناغەو بنیاتنەری شێوازی تایبەتی شانۆ بووەو کاردانەوەی باری کۆمەڵایەتی پێوە دیار بووەو ئەگەر لەتەکنیکی نوسینیشدا لاسایی کردنەوەی قۆناغێکی پێشتر بوبێت( وەک چۆن کلاسیکی نوێ وەک تەکنیک دووبارە کردنەوەی شانۆی گریک بووە) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی دەربرینو شێوازی ئەو تێکستانە جیاواز بوونو بەهەق نوێنەری بیری کۆمەڵگا بوونو دووبارە بوونەوەیەکی میکانیکی نەبوون، چونکە فەلسەفەی ژیان گۆرانکاری بەسەردا هاتبوو. (کۆمەڵگاکە کۆمەڵگایەکی تربوو). بۆیە دەتوانین دەقەکانی کۆڕنایو راسین بە ئەسخیلۆس سۆفۆکلیسو یۆربیدس بەراورد بکەین بەڵام ناتوانین

دەقاو دەق بەیەکیان بچوێنین‌و لەیەک خانەدا دایان بنێین دیارە ئەوەش بە بنیاتنانەوەو پێداچونەوەی شانۆدا ئەو دەقانەی(کلاسیکی نوێ) هاتونەتە کایەوە، پاش کارەساتەکانی ئیمپراتۆری رۆمانی‌و پاشان سەرهەڵدانی بیری کریست‌و جێگیربوونی کەنیسەو داپڵۆسینی هەموو داهێنانێک‌و بەسۆغرە گرتنی داهێنەران بۆمەرامی کەنیسە لە سەدەکانی ناوەراست‌و سەرهەڵدانی دادگا بەدناوەکانی پشکنیندا، شانۆش بەر داپڵۆسین کەوت‌و بۆ کەنیسەو بیری دواکەوتووی ئەوکاتە بەسۆغرە گیراو کرایە چەند دیمەنێکی سەلماندنی دەقەکانی ئینجیل‌و نزیککردنەوەی بیری لاهووت لەجەماوەرەوە بەزمانە لاتینیە خۆبەزل زانەکەی، بۆیە ئەو قۆناغە مێژووییە دوورو درێژە بەخودی ئیمپراتۆری رۆمانیشەوە کە هونەری رەسەنیان لەبنەماوە هەڵوەشاندنەوەو بوونە رێگرو کۆسپ لەرێی زانستیشدا. هەربۆیە ئەرکێکی گەورەی قۆناغی رێنسانس وەرچەرخانەوە بوو بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان‌و زیندووکردنەوەی کلتوری مرۆڤایەتی کە لەچوار چێوەی کلاسیکی گریکیدا دەبینران دیارە دەبوو جارێکی تر گیان بکرێتەوە بەو کولتورەداو، سەرلەنوێ بەپێی پێداویستییەکانی قۆناغی نوێ بنیاد بنرێتەوەو ببێتە یەکێک لەبناغە پتەوەکانی سەرهەڵدانی شارستانییەکی نوێ یان راستتر بڵێین یەکێک لە سیماکانی ئەو شارستانیەتە.

ئێمە ئەگەر بەوردی لەمێژووی شانۆی جیهانی بڕوانین دەبینین بەدرێژایی ئەو مێژووە، گۆڕانکارییەکانی سست‌و هەنگاوەکانی کورت بوون (دیارە بێجگە لەقۆناغی ئەلیزابیسی کەجۆرە ئاسوودەییەک‌و دەسەڵاتی دەوڵەت سیمای ئەو سەردەمە بوو و، دەسەڵاتی کەنیسەش تیایدا سنووردار بووە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەو پێشکەوتنە لەسەر دەستی مارلۆ و شکسپیردا) دەنا وڵاتانی تر هەر دەست بەسراوی ئەو هێڵانە بوون کەهۆراس‌و ئەریستۆ بۆ شانۆیان کێشا بوو. بۆیە دەبینین دەربڕینی هەست‌و نەست لای ئینگلیزەکان مایەوە هەتا ڤۆڵتێر لەنزیکەوە لێی شارەزا بوو کردیە

بەردی بناغەی سەرهەڵدانو بەرەو پێشەوە چوونێکی نوێ. دیارە هەموو دەزانین کەگۆڕانکاریو وەرچەرخانەوەی قۆناغی کۆمەڵایەتی لەئەوروپاو بناغەدانانو سەرهەڵدانی فەلسەفەی نوێ لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا بووە هۆی گۆڕانکاری تەواو لەهەموو بوارەکاندا بەتایبەت لەباری زانستیو ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی کەئەمانە هیچیان لەویتریان داپچڕاونینو توند پێکەوە گرێ دراون، هەر ئەو گۆڕانکاریانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی فەلسەفەی نوێو کێشەی گەورەی نێوان ئایدیالیستو ماتریالیستەکانو جێگیربوونی بیری ناشیۆنالیزمو کۆمۆنیزم. دیارە ئەو گۆڕانکاریانەش چەند ئەڵقەی رستێک لەگۆڕانکاری بوونو کاریان کردە سەر هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیش.

ئیدی پێشکەوتنی زانستو تێکنەلۆژیاو گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بوونەتە سەرهەڵدانو بنەمای کۆلۆنیالیستی بۆ ساغکردنەوەی کاڵا. ئەمەش نەک تەنیا کاری لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کرد، بەڵکو کاری بەسەر پەیوەندی خێزانیشەوە هەبوو.

هەر لەڕەحمی ئامادەبوونی ئەو قۆناغە نوێیەوە دیاردەی کولتووریو هونەریی نوێ سەری هەڵداو دیاردەی پرۆفیشناڵی بووە سیمای ئەو قۆناغەو دەرهێنانی شانۆش وەک لایەنێکی هونەریی سەربەخۆ سەریهەڵدا. شانۆش بەگشتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتو، ڕێبازی نوێو کەرەسەی نوێو بیری نوێی تێکەوتو جۆرەها میتۆدو ڕێبازی لێ بووەوە.

دەربڕینی نوێ لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە مێژوو سەلماندویەتی کە هیچ لایەنێکی کۆمەڵگاو هیچ دیاردەیەک گۆڕانکاریی بناغەیی تیادا نابێ، ئەگەر گۆڕانکاری بەسەر هەموو لایەنەکاندا نەیەتو کۆمەڵگا ئامادە نەبێ بچێتە قۆناغێکی نوێوە. دیارە ئێمە ناتوانین توانای داهێنانی تاکەکەسیش فەرامۆش بکەین، بەڵام هەوڵو تەقەلاکانی تاکەکەسیش لەمیتۆدو کەرەسەو شێوەی دەربڕین تێپەڕ ناکاو

داهێنەر ناتوانێ تاک لایەنە خۆی بکاتە دیاردەو ڕێباز، ئەگەر کۆمەڵگا ئامادەیی ئەو گۆڕانکاریانەی نەبێ، شانۆش وەک دیاردەیەکی شارستانی کۆمەڵایەتی پێویستی بەتەقەلایەکی بێ سنووره بۆ چەسپاندنو پەرەپێدانی. کۆمەڵگای ئێمەش لەقۆناغی بنیاتنانی دامەزراوە مەدەنیەکانەو تائێستا ڕێگای نەدراوە ئەو دامەزراوە شارستانیانە بنیاد بنێو لەخەباتی بەسەردا سەپێنراوی چەکداریەوە، بکەوێتە خەباتی سیاسییو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی. بۆیە ئەرکی ئەم قۆناغەیان دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیرو زاناو هونەرمەندو ئەدیبان. هەمووشمان دەزانین کەهەر قۆناغو سەردەمێک خوێندنەوەیەکی تایبەتی هەیە بۆ کولتوورو کەلەپووری نەتەوایەتیو بەکەرەسەو زمانی سەردەمی خۆی دەبێتە دەربڕی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی.
ئینجا لێرەوە زۆربەی کێشەو ململانێکان سەرهەڵدەدەن، ڕۆشنبیرە تەقلیدیەکانی گۆشەکراوی کولتووری قۆناغی پێشوو، دروشمی بەرگری لەو قۆناغە بەرزدەکەنەوەو دەبنە کۆسپیش لەڕێی ئەزموونی نوێو گۆڕانکاریدا، بەرامبەر بەوانیش نوێخوازەکان یان بڵێین خاوەن ئەزموونە نوێیەکان خەتێکی ڕاستو چەپ بەسەر قۆناغی رابوردوودا دەهێننو بەخەیاڵی خۆیان لەسفرەوە دەست پێ دەکەنەوە. هەر لێرەوە فرسەتی لێک تێگەیشتن شکست دەهێنێو ئەو کێشەیە دەبێتە بنەمای هەموو دیاردەکانو لایەنی داهێنان تاڕادەیەک فەرامۆش دەکرێتو جێی خاڵەکانی پێکگەیشتنو زمانی هاوبەش لاواز دەبێ. ئەمە بەڕای من یەکێک لەخاڵە خەتەرناکەکانی ڕێی پێشکەوتنو جێگیربوونی بنەمای کولتووریی نەتەوەییمانە. بۆیە پێویستە ئێمە هیچ لایەنێکی کولتوریمان تاڕادەی پەرستنی پیرۆز نەکەین، بەو شێوەیەی تەنانەت قسە لەسەر کردنیشی کفر ئامێز بێو ببێتە مایەی هێرش کردنە سەر ئەزموونی تازەو ببێتە تەگەرەی ڕێی پێست فرێدانو نوێکردنەوە.
هەر قۆناغەو خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ کەلەپوورو بۆ مێژوو، بۆیە هەر قۆناغەو تێگەیشتنی تایبەتی خۆی هەیەو لێکۆڵینەوەو

شیکردنەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی بە میتۆدێکی تر دەکاتو بەشێوەیەکی تریش دەری دەبرێت، کێشەی نێوان تەقلیدیو نوێخوازی بەتەمەنی داهێنەر دیاری ناکرێت، بەڵکو بەرادەی رۆشنبیریو توانای توێژینەوەی رووداو و دیاردەکان دەپێورێت. دەمەوێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کەباتەکەمان زۆر لقی دەبێتەوەو لێکۆڵینەوەو دەمە تەقێی زۆری دەوێت بۆیە دەمەوێت بەپێی توانا هەندێ لە تەعبیرەکاتیش راست بکەمەوەو سنوور بۆ نوێخوازو تەقلیدی دابنێین، چونکە ئەو کێشەیە خۆی لەخۆیدا گێژاوێکەو پێویستی بە رونکردنەوەی زیاترە.

ئەگەر کەمێک بگەرێینەوە بۆ مێژووی شانۆو مەرجو پێداویستیەکانی گۆرانکاری لە قۆناغە جیاجیاکاندا. دەبین کە سیستەمی کۆمەڵگاو دامەزراوە مەدەنیەکان کاریگەری زۆریان هەبووە بەسەر رەوتی ئەو گۆرانکاریانەدا، بۆ نموونە ئەگەر لە بەریتانیا دەسەڵاتی کەنیسە کزنەبوایەو دامەزراوە مەدەنیەکان پەرەیان نەسەندایە لەو بروایەدام مارلۆو شکسپیر نەیانتوانیایە ئەو گۆرانکاریە مەزنە لەبواری شانۆدا بەدەست بهێنن. وەک هەموو دەزانن لە قۆناغی ئەلیزابێسیشدا بیستو چوار تیپی شانۆیی ناسراو هەبوون، کە هەر لایەنەیان لە دەسەڵاتدارو میرێکەوە پشتگیری کراون. دیارە ئەوانەش هۆکاری مێژووییو تەنانەت جوگرافیشیان هەبوو بۆ چەسپاندنی حوکمو بنیادنانی دامەزراوی مەدەنیو وەرچەرخانەوە بۆمرۆڤ و کێشەکانی کۆمەڵگا.

هەروەها لەسەدەی نۆزدەدا لەگەڵ جێگیر بوونی سیستەمی سەرمایەداریو کشانەوەی قۆناغی فیۆداڵی. تێروانینو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی مرۆڤایەتی هاتە کایەوە. شان بەشانی ئەو گۆرانکاریانە بیری ناشیۆنالیزم لە ئەوروپادا هەڵیداو بە یەکگرتنەوەی ئیماراتە پەرشو بڵاوەکانو بنیادنانی دامەزراوی مەدەنی نوێ لەسەر بنەمای زانستی، بووە هۆی سەرهەڵدانی فەلسەفەی نوێو کێشەی بیرو فەلسەفەی ئیدیالیزمو ماتریالیزم، شۆرشێکی نوێ لەبیری مرۆڤایەتیدا بەرپا بوو، پەیوەندییەکانی

بەرهەمهێنان گۆڕانکاریان بەسەردا دێ. بۆچوونی جیاوازیش کێشەی فیکری جیاواز دێننە کایەوەو هەر ئەو کێشانەش دەبنە هاندەرو سەرچاوەی داهێنانی نوێو بیری نوێو تێڕوانینی نوێو دەربڕینی نوێ، دەبنە بنەمای خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ کەلەپووری نەتەوایەتیو توێژینەوەو بۆچوونو دەربڕینی جیاوازو سەرهەڵدانی میتۆدو ڕێبازی هەمەڕەنگو هەمەلایەنە لەهەموو بوارەکانی ژیانداو لەبواری فیکریو هونەریشدا بەتایبەتی. بۆیە دەبینین لەسەدەی نۆزدەهەمدا کەبەسەدەی وەرچەرخانەوەو قۆناغی نوێ دادەنرێ، جۆرەها ڕێبازی هونەری هاتوونەتە کایەوە بەبابەتو شێوەو کەرەسەی جیاوازەوە، لەئەنجامی ئەو بایەخەی بەئەدەبو هونەرو فیکر دراوەو بەشەکانی داهێنان لەیەکتر جیاکراونەتەوەو هونەری دەرهێنانی شانۆییش بووەتە کارێکی سەربەخۆو سنووری داهێنانی بەر فراوان کراوەو لەفەرهەنگی هونەریدا جێگیر بووە. هەر لەو سەردەمەشدا ڕێبازو فەلسەفەی نوێ هەڵیداوەو سەرجەمی ئەورووپای بەشێوەی جیاوازو بەپێی قۆناغو باری کۆمەڵایەتیو شارستانیو ئاسوودەیی جیاواز گرتووەتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین داهێنانی نوێو تێڕوانینی نوێ بەتەنیا زادەی بیری داهێنەرەکەی نییە، بەڵکو بەیاریدەی هۆکارو کارتێکردنی سەرجەمی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگایە. بۆیە ئەگەر کلاسیکی نوێی فەرەنسی بەپێوەری قۆناغی ئەلیزابیس ئینگلیزی بپێوین، ئەوە غەدرێکی زۆر لەهونەرو ئەدەبی فەرەنسی دەکەین، چونکە ئەو دوو شێوازو بابەتی دەربڕینە لەتایبەتمەندی دوو کۆمەڵگای جیاوازەوە سەرچاوە دەگرنو باوەڕو بیرو سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی تیایاندا جیاوازن.

هەروەها ئەگەر دیقەتی ڕێبازی ڕۆمانسی بدەین، دەبینین لەشانۆدا زۆر دوای شیعرو ڕۆمان هاتە کایەوەو کاتێکیش سەریهەڵدا، لەفەرەنساوە سەرچاوەی گرت کە بەچەند قۆناغێک دوای ئینگلتەرەو ئەڵمانیاو بەئاگاداریەکی ترسناکەوە چوونە ئەو مەیدانە، هەر لەبەر ئەوەشە کە هۆگۆ بەچاو نەترسو ڕێچکەشکێنی شانۆیی کلاسیکی

نـویٚ دەژمێرریٚ لەگـەڵ ئەو دواکەوتنە کاتیەشـدا، چونکـە کۆتایی سـەدەی هەژدەهەمو سەرەتای سـەدەی نۆزدەهەم بارێکی تایبەتی نالەباری سیاسییو سەربازی لەفەرنسادا سەریهەڵدا، بەتایبەت پاش شۆڕشـی فەرەنسیو هاتنی ناپلیۆنو دانانی کلاسیکی نویٚ بەبناغەو هێمـای کەلەپوور نەتەوەییو پیرۆزیەکی وای پیٚ بەخشـرا کەکەس نەتوانیٚ بەرەنگاری بێتەوە...
ئێمـە ئەگەر بـەوردی دیقەتی ئەو قوتابخانەو ڕێبـازە جیاجیا یانەی سەدەی نۆزدەهەم بەرەو ژوور بدەین، دەبینین زادەی بیرێکی نویٚو فەلسـەفەیەکی جیاوازبوون لەقۆناغی جیاوازدا. هەر بۆیە کاراکتەرو ڕووداوەکانیان تیا گۆڕاونو بابەتەکانیان بەهەق نوێنەری سەردەمی خۆیاننو بەئاشـکرا مێژووی کێشـە فیکریو کۆمەڵایەتیەکانمان بۆ دەردەخـەن بەهەمـوو چینو توێژەکانیانەوە، ئیتـر ئەوانەی ڕێبازی نوێیـان گرتووەتەبەر یـان ئەوانەی ڕێبازی پێشـتریان بەخۆیانەوە شـەتەک داوەو بەرگریان لێکردووە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە ئـەو ڕێبازانە دەربڕی بیرو بابەتی جیاواز بوونو هەر ئەو بابەتەش شـێوەی نوێی دۆزیوەتەوەو سیمای گشـتیی بەرهەمەکەی گۆڕیوە.
دیارە ئەو ڕێبازانەش چونکە زادەی فیکرو فەلسەفەی جیاواز بوون، تایبەت نەبوون بەشـانۆ بەڵکو هەموو لایەنەکانی داهێنانی هونەرییو ئەدەبییـان گرتووەتەوەو شـانۆش زۆر یان کەم لەگەڵ ورووژمەکەدا بووە، هەرچەندە لەهەندیٚ ڕێبازیشـدا پێشـڕەو بـووە وەک ڕێبازی ناتورالیـزم. بۆیـە هەر ئەو فیکـرەش بووەتـە زادەی فیکری نویٚو شـڵەقاندنی ئەو بابەتە سیاسـییو کۆمەڵایەتیانەی کەخەڵکی ئاسایی نەیانتوانیوە خۆیانی لەقەرە بدەن وەک نموونەش شـانۆنامەی ماڵی بووکە شووشـەی ئەپسنمان لەبەردەستدایە کەبەڕۆیشتنی نووراو دەرگا داخسـتنی، قاپیەکی گەورەی لەسەر مەسەلەیەکی زۆر گرنگی کۆمەڵایەتی واڵا کرد کەمەسـەلەی ئافرەت بـوو لەکۆمەڵگادا. دیارە شـان بەشـانی ئەوانەش گۆڕانکاری لەشـێوەی دەربڕینو میتۆدی نووسـیندا هەبـووەو هەندیٚ نووسـینش هەبـوون کەتەکنیکی نویٚ

بــوون لەخودی دەربڕینو شــێوەی تەقلیدی شــانۆ، وەک دەربڕینی شانۆ لەشانۆدا لای بیراندیللو.
بۆیە لێرەدا دەتوانین زەمینەی داهێنان بۆ هەر داهێنەرێک بڕەخسێنینو هــەر هونەرمەنــدەو بتوانێ بەپێی دیدو بۆچوونــی خۆی کار بکا بێ ئەوەی بتوانێ داهێنەری ترو دیدی جیاوازی تر بسڕێتەوە.


نمایشی
(رۆژێک لێرە) و
ئەزموونێکی نوێ

ڕۆژێک لێرە.. هەوڵێکە بۆ ناساندنی شێوەیەکی تر لە دەربڕین لە شانۆدا بە بەکارهێنانی هەموو کەرەستە جیاوازەکانی دەربڕین بەشێوازێک کە لای (دلێر ئەحمەد) بەرگێکی نوێیەو بەبەری ئەو بەرهەمە شانۆییەدا دەیبڕێ کە خۆی عەودالێتی..
ئەم شانۆگەریە لە وەرزی شانۆیی بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ لە سلێمانی بە بۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانیەوە لە ڕۆژانی ٢٢-٢٣/ ئازاری ٢٠٠٧ لە هۆڵی سلێمانی نمایش کرا...

## دەرهێنان :

دیارە هەموومان دەزانین کە دابەشکردنی لۆژیکی بۆ باسکردن لە هەر بەرهەمێکی شانۆیی لە دەقەوە دەستپێدەکات و بەکارە هونەریەکانی تردا تێدەپەڕێ تا دەگاتە دەرهێنەر. بەڵام لەم بەرهەمەدا لە جیاتی

ئـەوەی هەموو کارە هونەریـەکان لە خزمەتی گەیاندنـی دەقدا بێ، بـە پێچەوانە کەوتووەتـەوەو دەق لە خزمەتی شـێوەی دەربڕین و دیـدی دەرهێنەرە (هەر چەندە دەرهێنەر خـۆی ناوزەند کردووە بە چـاوی پانتایی). ئەو پانتاییەی کە بەلای دلێرەوە مەیدانی لێکدانەوەو کارکردنە لەسـەر ئەو شـێوازە... لە راسـتیدا هەموو ئەزموونێک بە تازەگەری ناژمێررێ ئەگەر پاڵپشـتێکی تیوری و بەرچاو ڕوونیەکی دەربڕینی هونەری پشتی نەگرێ لەراستیدا هەندێ بەرهەمی شانۆیی بەدی دەکرێت کە لاسـایی شـێوازی کارکردنی کۆڕی شـانۆی (با) دەکاتەوە، تەنانەت لەوانەشەوە کە رەخنەی زبریان لێ دەگرن بەڵام دلێر ئەحمەد دیدی تایبەتی خۆی هەیە لەم بەرهەمەدا. رەنگە ئەمەش سەرەتایەک بێ بۆ قاڵبوونی دلێر لەو شێوازەدا و لەداهاتوودا شێوەی دەربڕینی لا روونتر بێ و چاکتر بتوانێ مەبەست بپێکی.

**کەرەستەی دەربڕین :**

دیـارە سـەرەکیترین کەرەسـتەی دەربڕیـن لـە شـانۆدا ئەکتەرە.. بەزمان و بەجەسـتە کە بتوانێ بەداهێنانی خۆی مەبەسـت بگەیەنێ. بـۆ مەسـەلەی زمان دلێـر دوولایەنـە کاری کـردوە لـە لایەکەوە چەند دیالۆگێکی شـانۆنامە یـان بڵێین دیمەنی (سـیمرخەکە قیڕانی بە بڵێسـەوە بەرز ئەبمەوە)ی تێنسـی ولیامز، لێـرەدا دلێر بۆیە ئەو دیالۆگە بچڕبچڕانەی هێناوە کە بەناوی نووسـەرێکی جیهانیەوە بێ نـەک خـۆی دایڕێژێ چونکە چـاک دەزانێ ئەگەر بەنـاوی خۆیەوە بوایـە هـەرزوو پێی دەوترا ورێنە دەکا، بەڵام دنیای تینسـی ولیامز لـەوە بڵندترە کـەس بوێری لە قـەرەی بکەوێ، هەر بۆیە ناویشـی نەناوە نووسین بەڵکو دەڵێ (داڕێژەری وشەکان). دلێر ویستوویەتی لەڕێی گۆڕینی فۆنێتیکی وشـەو رستەوە بەرگێکی نامۆ بکا بەزماندا کە کەرەستەیەکی سـەرەکی لەیەکتر تێگەیشتنە ویستوویەتی کاری چەکوشـکاری لە زمانە شووشەییەکاندا بکا. دیارە کارکردن لەسەر ئەم لایەنە گرنگە زۆر مەترسیدارە ئەگەر زیرەکانە مامەڵەی لەتەکدا نەکەیت وەک دلێر. بەهاوکاری سەفین ئەنوەر توانی بەهۆی جەستەوە

ئـەو ڕێـگا دژوارە ببڕێ و بەرهەمەکە بگەیەنێتە جێی مەبەسـت بێ ئەوەی بینەر هەست بەبێزاری بکا.
بۆ مەشقی جەستە سەفین ئەنوەر کاری لەگەڵ ئەکتەرەکان کردبوو..
مەشـقی جەسـتەش بۆ ئەوەیە کە شـێوازی دەربڕینی ئەکتەر وەک کەرەستەیەکی گرنگی گەیاندن هەماهەنگ بێ لەگەڵ بیرۆکەی دەربڕین، ئەمـەش کارێکی ئاسـان نیە بتوانی جەسـتەی ئەکتەر بەشـێوەیەک ئامادە بکـەی بتوانێ لەگەڵ ئەو فۆنیتیکە جیـاوازە هارمۆنیەک پێک بهێنێ لەجیاتی ئەوەی یەکتر لاواز بکەن، ببنە پاڵپشـتی بەهێزبوونی هـەردوو لایەنەکەو بەهارمۆنیەکی شـیاو ڕۆڵی خۆیان بەرجەسـتە بکەن، بەڵام دیاربوو دیدی دەرهێنەر تا ڕادەیەکی باش لای سـەفین شیاو بووەو لە مەبەستی تێگەیووە، ئینجا توانیویتی ئەو ئامادەکاریە بەجەسـتەی ئەکتەرەکان بکاو بتوانێ لـە ماوەیەکی زۆر کورتدا (بۆ کارێکی تازەگەری) مەشقی جەستەیان پێ بکاو هەر ئەکتەرەو بەپێی تواناو ئامادەیی جەسـتەو پاڵپشـتی ڕۆشـنبیری خۆی و تێگەیشتن لەسەرجەم مەبەستی بەرهەمەکە نمایش بکا.
من لێرەدا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە وەک خۆم بەئەرکی سەرشـانمی دەزانم پشتگیری لە ئەزموونێک بکرێ کە داهێنەرەکەی ڕەنجی تیا دابێ‌و بێ ئەوەی لاسایی دەقاو دەقی کەس بکاتەوە، هەوڵ بدا شـێوازێک بهێنێتە کایەو کاری لەسـەر بکا کە هێشـتا بەتەواوی جێگیـر نەبـووە، بەڵام لەلایەنـی تیوریەوە (دلێـر) دەزانی چۆن کار دەکاو دەبێ بە چ ئاراسـتەیەکیا ببات و، دڵنیام لەوەی ئەگەر لەسەر ئەو شێوازە بەردەوام بێ و زیاتر بەرچاوی ڕوون بێ، ئەوە دەگاتە ئـەو ئەنجامەی کە خاوەنی میتۆدی تایبەتی خۆی بێ و لەدوا ڕۆژدا بەرهەمەکانـی مۆرکـی تایبەتمەنـدی خۆی پێوەبێ و بتوانێ زیاتر دیدی خۆی لە بینەرەوە نزیک بکاتەوە.

**شێوازی نمایش :**

هۆڵـی شـانۆ کرابوو بـەدوو بەشـەوەو لـە ناوەڕاسـتیاندا نمایش دەکرا. ئەوەی گرنگە لەم شـێوە نمایشـانەدا بینـەری ئەمبەر نمایش

و بینەرانی ئەوبەر دەبینێ و بینەری ئەوبەر نمایش و بینەری ئەمبەر دەبینێ، دیارە ئەمە خۆی لەخۆیدا هیمایەکە بۆ هاوبەشی و بینینی بینەرانی بەرامبەر وەک بەشێک لە نمایشەکە. ئەوەی کە پێویستە دەرهێنەر رەچاوی بکا ئەوەیە بینەرانی هەردووبەر وەک یەک نمایشەکەو ئەکتەرەکان ببینن و ئەمەش کارێکی وا ئاسان نیە بەڵام دلێر توانیبووی شێوازێک لە دەربڕین و جووڵە بەکار بهێنێ کە هیچ لایەنێک بێ بەش نەبێ لە هیچ چرکەیەکی نمایش. پاشان پانتایی نمایشی کردبوو بەدوو بەشەوە، بەدوو نمایشی جیاواز و دوو ریتمی جیاواز بۆ یەک ئاکام.. ئەوەی سەرنج راکێش بوو، دلێر هەموو پانتایی نمایشی بەشێوەیەکی هونەری بەکارهێنابوو، ئەو تەنیا دوو مەستەبەی لە چاوەڕوانیەکانی ئێستگەی شەمەندەفەر بەکارهێنابوو، بەڵام بەدوو دیوی... لە دوو دنیای جیاواز و بەدوو ریتمی جیاواز و فۆنێتیکی جیاواز دوو نمایشی هەماهەنگی لە دوو پانتایی جیاوازدا دانابوو.. لە پانتاییەکی نمایشدا تەنیا دوو مەستەبە و جەستەی ئەکتەر سەرەتایەکی زیرەکانە بوو کە بتوانێ سەرنجی تەواوی بینەر بەلای نمایشەکەدا ڕاکێشێ، نەک پانتایی بە دیکۆر و ئێکسواری زیاد و سەرنج راکێش کە لە بەهای بەرهەمەکە کەم بکاتەوەو نەتوانێ بەشێوەیەکی شایست مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

دوو شێوە چاوەڕوانی و دوو شێوە ریتم و شێوازی جیاوازی مامەڵە کردن لەگەڵ چاوەڕوانیەکی بێ هودە... بۆیە دەبینین لە ئیستگە نامێننەوە، چونکە دەزانن بێ ئەنجامە دەزانن شەمەندەفەر نایەت، هەر بۆیە هیچ نەبێ (ئەگەر مەبەستی دلێر بووبێ) ئەو پرۆژیکەرەی لە دەرەوەو لە نزمی ئاراستەی کورتە بالا□کان کرابوو کە سێبەرێکی زۆر درێژی لەسەر پانتایی ویستگەی شەمەندەفەر بەجێ دەهێشت... ئەمان ریتمیان خاوتر بوو لە سێ کاراکتەرەکەی دی بەڵام لە چاوەڕوانیدا نەمانەوەو زیاتر ئەکتیف بوون، لەو بەریشەوە بەریتمێکی خێرا خۆیان وا هەستیان دەکرد زۆر ئەکتیڤن بەڵام بەردەوام لەیەک سنووری تەسکی وێستگەکەدا قەتیس مابوون و

چاوەڕێی ئەو شەمەندەفەرەیان دەکرد کە نایەت...
لە راستیدا ئەوەی زۆر سەرنجی منی راکێشا بۆ ئەو نمایشە دوو خاڵی زۆر سەرەکی بوون :
یەکەمیان ئەزمونێکی نوێیەو لەگەڵ ئەوەی خۆی بەرێبازێکی دیاری کراوەوە نەبەستوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەکەوتووەتە رەت کردنەوەی شێوازەکانی تر.. ئەم بەرهەمە توانیویەتی خۆی لە لاساییکردنەوە بپارێزێ و سەرەتایەک بۆ ئەزموونێکی نوێ بنیاد بنێ و دڵنیام لەوەی ئەگەر بەردەوام بێ و لایە تیوریەکەی بەتەواوی تاووتوێ بکاو بیکاتە پاڵپشتی بەرهەمەکانی داهاتووی، ئەوە زیاتر بەرچاوی روون دەبێ و، چاکتر توانای بەسەر کەرەستەکانی دەربڕیندا دەشکێ، زۆر نزیکتر دەبێتەوە لەو شێوازەی کە خۆی مەبەستێتی..
دووەم (دلێر) کاری زۆری لەسەر ریتم کردووە کە لە هەندێ بەرهەمی کوردیدا پشتگوێ خراوە.. خۆی لەخۆیدا کارکردن لەسەر ریتم لایەنێکی زۆر پێویست و پاڵپشتێکی زانستیە بۆ گەیاندنی مەبەست.

**رووناکی :**

دەتوانم بڵێم رووناکی دەورێکی زۆر باڵای دی لە گەیاندنی بیرۆکەی نمایشەکە هەردوو هونەرمەند هێمن لەتیف و سەلمان هاواری نەخشەیان کێشابوو و جێبەجێیان کردبوو.. رووناکی لەم نمایشەدا وەک بەرهەمێکی تەقلیدی نەبوو کە پانتایی نمایش لەجێی بینەران جیا دەکاتەوە.. پانتایی نمایش لە ناوەراستی هۆڵدا بوو، بینەرانیش لەمبەر و ئەوبەری پانتایی نمایش دانیشتبوون، بەڵام رووناکی لەکاتی پێویست و شوێنی پێویستدا دەوری تەواوی خۆی دەدی بێ ئەوەی تیشک بدات لە چاوی بینەر، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جووڵە و تەعبیرێک نەدەکەوتە تاریکی.

**نواندن :**

ئەوی زۆر یارمەتیدەری هەردوو هونەرمەند (دلێر و سەفین)ی دابوو بتوانن مامەڵە لەگەڵ جەستەو دەنگی ئەکتەرەکاندا بکەن

ئەوەبوو کە ئەکتەرەکان لەگەڵ ئەوەدا لە ئەماتۆ نەبوون، لە هەمان کاتیشدا ئەزموونیان ئەوەندە کەڵەکە نەبوو بوو، کە بەهۆی کەرەستەی تەعبیری تایبەتی تەقلیدی خۆیانەوە. ئەرکی دەرهێنەر سەخت بکەن، بۆیە دەبینین شادان عەلی و ڕێبین صدیق و تەرزە صدیق دەیانتوانی بەجەستەو دەنگ میتۆدی بەرهەمەکە فەراهەم بکەن و زۆر دوور کەونەوە لە توانەوە لە کاراکتەرێکی پلان بۆ دانراو و تەقلیدی (دیارە مەبەستم نیە لە بەهای دەربڕینی تەقلیدی کەم بکەمەوە، بەڵکو دەمەوێ بڵێم کەرەستەی دەربڕینی ئەکتەر لەم نمایشەدا جیاواز بوو).

ئەم سێ ئەکتەرە هەندێ جار لەیەکتر نزیک دەبوونەوە، بەڵام ئەوەندەی نەدەبرد بەقەدەر نزیک بوونەوەیان لێک دوور دەکەوتنەوە.. مەسەلەکە لەوەدا بوو بەرتیمێکی خێرا نمایشیان دەکرد و لەوە دەچوو ئەکتیڤ بن، بەلام لە هەمان کاتدا لەجێی خۆیان ڕاوحیان دەکرد و چاوەڕێی ئەو شەمەندەفەرە بوون کە نایەت.

لەبەری ئەمبەری نمایشیش هەر سێ هونەرمەندی کورتە باڵا تەها حسێن و دڵشاد وەهاب و سەروەر حەمەڕەشید سێ جەستەی تر بوون بەرتیمێکی خاوتر، بەلام ئەکتیڤتر چونکە دەیانزانی لەکوێدان و چاوەڕێی چی دەکەن، بۆیە ئەوان وێستگەیان بەجێ هێشت و خۆیان بەو سنوورە تەسکەوە نەبەستەوە، هەرچەندە دەربازبوونی ئەوانیش هەر بێ هوودەیە، بەڵام ئەمان نایانەوێ هەموو ژیانیان چاوەڕوانی بێ لە سنوورێکی تەسکدا، ئەوان دەچن بەرەو دنیایەکی بەرینتر، بەڵام بۆ هەمان بێ هوودەیی.

لەناخەوە سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و ئومێدەوارم ئەم ئەزموونەش پاش چەند بەرهەمێک نەپووکێتەوەو هەر بەردەوام بن لە نمایشی جوانتر و کامڵتر تا بەتەواوی بەرچاوتان ڕوون دەبێ و خۆتان بە بەرهەمەکانتاندا دەناسرێنەوە.


نمایشی
شانۆیی و
تەکنیکی
ئەکتەری کورد

شانۆ هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە بووەتە جێی شیتەڵ کردنەوەو هەوڵی بەرەو پێشەوە بردن و پاساو دۆزینەوەی فەلسەفی وجوانکاری بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا دێ ،هەربۆیە دەبینین وەک شێواز لەیەک ئەکتەری سەرەکیەوە بووە بەدووان وسیان ولەلایەنی فکریشەوە ئەسخیلۆسی جەنگاوەر، پاڵەوانی لەخواوەندەکان وەرگرتووە و سۆفۆکلیس پاڵەوانی سەرزەمینی (وابەستەی قەدەر وخواوەندەکان)ی کردووەتە کرۆکی بابەتەکانی و یۆربێدیسیش خەڵکی ئاسایی ناو گەلی کردوە بەپاڵەوانی شانۆگەریەکانی.
لەڕاستیدا ئەگەرئێمە مێژووی شانۆی جیهانی (مرۆڤایەتی) ئەنالیزەبکەین ،دەتوانین زوربەی لایەنە شاراوەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی و فکری وسیاسی و ئابووری ئاشکرا بکەین ،چونکە شانۆ وێنەی کۆمەڵگا دەکێشێ و لەوردەکاریەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوەو دەتوانرێ لەلایەنە مەعریفی وستاتیکیەکەشیدا بکرێتە پێوەر بۆ تێگەیشتن لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو. هەربۆیە دەبینین هەموولایەنەکانی بەپێی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگاکاندا لەفەلسەفەیەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە وهەندێ جاریش بووە بەتەفسیری فەلسەفەیەک کە دواجار خراوەتە قاڵبی زانستی ولەتیۆرێکی فکریدا جێگیربووە.

دیارە ئەو هونەرە باڵا هەمەلایەنەش لەقۆناغەکانی دوای رێنسانس و وروژمی تەکنەلۆژی وگۆڕانکاریە بنەڕەتیەکانی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتی ،شانۆش تایبەتەمەندی خۆی وەرگرتووە وبەپێی سەردەم و دەسەڵاتی فیکری وقۆناغی مێژوویی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و بەشێوازی جیاواز و لێکدانەوەی جیاواز خراوەتە قاڵبی تیۆری .

کاتێ تەکنەلۆژیا دەبێتە ناسنامەی سەردەم و تایبەتمەندێتی و قووڵبوونەوە دەبێتە پێوەر ، هەموو لایەنەکانی مرۆڤایەتی گۆڕانکاریان بەسەردا دێ.دەبوو لەگەڵ هێرشی فۆرمی سۆسیۆلۆژی شانۆش وەک هونەرێکی باڵا کە زوربەی هونەرەکانی تریشی لەخۆگرتووە،بەو قۆناغی جیاکردنەوەیەدا تێپەڕێ وهەر لایەنە وبەپێی بیرو بۆ چوونی خۆی قورساییەکە بەلای خۆیدا راکێشێ. دیارە ئەکتەریش وەک یەکەیەکی بنەڕەتی نمایش وهەندێجاریش وەک گرۆتۆفسکی دەڵێ(تەنیا رەگەزی نمایش)دەبوو بخرێتە بەر باس ولێکۆڵینەوە.هەمووشمان دەزانین دووجەمسەری هەرە گرنگی نمایشی شانۆیی بینەر وئەکتەرە کەبەبێ ئەوان نمایش بوونی خۆی ون دەکات..تەنانەت لەشانۆی بووکەڵەشدا دەبێ کاراکتەرەکان بەرجەستە بکرێن وبەشێوەیەک لەشێوەکان ببنە بنەمای نمایش.کەواتە گرنگترین رەگەزی گەیاندن لای ئەکتەر لەنگەر دەگرێ. هەربۆیە دەبێ تەکنیکی ئەکتەر بایەخێکی زۆری پێبدرێ بەمەبەستی ئاسانکاری بەرجەستەکردنی ئەو کاراکتەرەی رۆڵیدەبینێت، تەنانەت لای برێشتیش کە دەیەوێ بینەر بزانێ ئەوەی لەسەر شانۆ دەبینرێ  نمایشە نەک واقیع،هەردەبێ ئەکتەر هێزی بەسەر جەستەو دەنگی خۆیدا بشکێ.

هەموو ئەو میتۆدانەی بۆمەشقی ئەکتەر تەرخانکراون بۆ ئەوەیە ئەکتەر توانای بەسەر ئەو ئامرازانەدا بشکێ کەبتوانێ رۆڵی تەواوی خۆی لەسەر شانۆببینێ.ئەویش بەمەشقی جەستەیی کەئەکتەر بتوانێ کۆنترۆڵی تەواوی جەستەی خۆی بکا.

ئەکتەر لای ئاپیا نەفەسی هەموو هونەرەکانی شانۆیە.وەک دەڵێ(ئەکتەر

نوێنەری نێـوان هەموو هونەرەکان وبینەرە) لە راسـتیدا ئەکتەر لای گرۆتۆڤسکی نەک تەنیا دەبێتە ترۆپکی نمایش،بەڵکو تەنیا یەکەی نمایشە و وەک خـۆی دەڵێ(نمایش تەنیا بەئەکتـەر جێبەجێ دەکرێ).کەواتە ئەکتەر کە ئەو گرنگیەی هەبێت ،دەبێ تەکنیکی خۆی بەرەوپێش بەرێ بەمەشقی جەستەیی ودەروونی ورۆحی وکۆکردنەوەی گەنجینەیەکی نموونەی جیاواز لەزەین.

بایەخدانی تەواو بەکاری ئەکتەر(لەهەموو لایەنەکانیەوە وبەشێوەیەکی چڕوپـڕ لای ستانسلاڤسـکی خراوەتـە قاڵبی تیـوری وبەپراکتیکیش لەگـەڵ قوتابیەکانی کاریان لەسـەر کـردووە وبایەخێکی زۆری داوە بەنـاخ وزەینـی کاراکتـەر وکاری لەسـەر ئەولایەنـە کردووە،هـەر لەگەڵ کاری ستانسلاڤسـکیش قوتابیەکی بەئەمەکی خۆی مایرهۆڵدە توانیویەتی بەشـێوازێکی جیاواز لە مامۆسـتاکەی مەشـق بە ئەکتەر بـکا بەچڕکردنـەوەی جووڵـەو تەعبیری تـەواوی بەرجەسـتەکردن بەتێکەڵکردنی توانای جووڵەی جەستەو توانایبەکارهێنانی گەنجینەی زەینی)

کەواتە مەشقی جەستەیی وابەسـتە بەناخەوە وپێویستیەکی بنەڕەتی هونـەری ئەکتەرە لەگەڵ مەشـقی دەنگ و راهێنانـی ژێکانی گەروو. ئینجا ئەکتەر دەتوانێ کۆنترۆڵی جەستەو دەنگی خۆی بکاو لەلاسایی کەرەوەوە ببێتە یەکەیەکی داهێنەری ئەکتیف تاپلەی پیرۆزی.

کاتـێ سـەیری ئەکتـەری کـورد دەکەیـن دەبینین(زوربەیـان)وەک ئامێرێک دەچنە سـەر شـانۆ و، ناتوانـن وەک داهێنەرێکی بوارەکەی خۆیان هەست وسۆزی بینەر ببزوێنن وپیرۆزیەک بدەن بەڕۆڵەکەیان هەربۆیـە دەبینیـن ئەو ئەرکـی وزەبەخـش وشـێوازی دەربڕینەش دەکەوێتە ئەسـتۆی دەرهێنەر وبەئاشـکرا رۆڵی ئەکتەرە و شـێوازی کارکردنی لـە دەرهێنەرێکەوە بۆیەکێکـی دی دەگۆڕرێ،چونکە وەک ئامێر بەکاردەهێنرێ و رادەی داهێنانی لەسەر تەختەی شانۆ وابەست دەبێ بەتوانای دەرهێنەرەوە. هەر لێرەوە دەتوانین بپرسین ئایا چەند ئەکتەری کورد رۆژی بەلایەنی کەمەوە یەک سەعات مەشقی جەستە

و دەنـگ دەکا؟ ئایا ئەکتەری کورد تاچەند دەتوانی کۆنترۆڵی تەواوی جەستە و دەنگی خۆی بکا و هەرهیچ نەبێ دەستی لێ نەبێت بەتەوق؟ ئایـا چەندیـان دەتوانن بەپێی پێویسـت کەڵک لە گەنجینـەی زەینیان وەربگرن؟ لەراستیدا ئەکتەری کورد(دیارە ئێمە بەگشتی باس دەکەین و،مەبەسـتمان زوربـەی ئەکتەرانە نـەک هەموویـان)زۆر کەم لەوان دەتوانن رۆڵی خۆیان شـیتەڵ بکەنەوە وسـەرلەنوێ بیخەینەوە قاڵبی داهێنان،بەهۆی لاوازی رۆشـنبیری و کـەم توانایی کۆنترۆڵ کردنی جەسـتەو دەنگ.ئەمە بێجگەلەوەی ریتم لەلای هەندێکیان هەربایەخی نیـە و وەک تەنیـا کاراکتـەر هەڵـس وکـەوت دەکـەن وپەیوەندیان بەکاراکتەرەکانی تر وسـەرجەمی ریتمی نمایشـەکەوە نیە،بۆیە دەبێ دەرهێنەر زۆر ئاگاداری ئەولایەنەبێ،بەشێوازی جۆربەجۆر هەوڵبدات خەتی درامی بەرهەمەکە نەکەوێتە نووتەکی کەم توانایی ئەو لایەنەی کەبنەڕەتیـە لەنمایشـدا. هەر بۆیـە دەبینیـن لەنگەرگرتنـی داهێنانی سـەرجەمی کارە هونەریـەکان لای دەرهێنەر،دەبێتـە ئەرکێکـی تری سەرشانی و زۆرکەم رێک دەکەوێت تەواوی نمایشەکە بەدڵی دەرهێنەر بێ(بەو شـێوەیەی کەخـۆی پلانـی بۆداناوە).هەرئـەوەش وایکردوە سسـتیەک بە بزافی شـانۆییمانەوە دیاربێ.چونکە کاری پرۆفیشناڵی دەبێتە بنەمای بە سیسـتەم کردنی هەر بەرهەمێک.لە هەموو دنیاشدا گشت کارە هونەرییەکانی بەرهەمی شانۆیی تایبەتمەندیی خۆی هەیە وخەڵکی پسپۆڕی بوارەکەی کاری تیادا دەکەن ،راستە گفتوگۆ لەگەڵ دەرهێنـەردا ئەنجام دەدرێ،بەڵام رەنگە دیکۆریسـتێکی پسـپۆڕ لەو بوارەدا جوانترو زانسـتیانەتر دیزاینی دیکۆر بکا لەخودی دەرهێنەرە کە،هەروەها ئەکتەری بەتواناش دەتوانێ بە ئاسـانی لەشێوازی کاری دەرهێنەر تێبگا وبەتوانای جەستەیی ودەنگ ورۆشنبیری ومالێکردنی باری دەروونیەوە ببێتە وزەیەکی لەبن نەهاتووی داهێنان وخزمەتێکی مەزنی بەرهەمەکە و هونەرەکەی خۆشی بکا.


رەخنەی شانۆیی
پەیوەستە
بەداهێنانی
شانۆییەوە

بەرلەوەی باس لە رەخنەی شانۆیی بکەین، دەبێ جارێکی دی لاپەڕەکانی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆ هەڵدەینەوە.

هەمــوو دەزانین کە ســەرەتای ســەرهەڵدانی شــانۆ(وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی)بنەما وقۆناغ لەباریی بۆ رەخساوە و بووەتە پێداویستیەکی کۆمەڵگــە، دیارە ئێمەش ناچارین بگەڕێینەوە بۆ ســرووتەکانی دیونیس وپێــش ئەویش ئەو نمایشــانەی گــەڕۆک بوون و توانیویانە ســەرنجی جەماوەرێکی زۆر بەلای خۆیاندا راکێشــن،هە نــدێ لێکۆڵینەوە هەن کە چەند دیاردەیەکی دیالۆکساز یان سەما ئامێز کە کەمێک لاساییکردنەوەی تیادایە بیخەنە چوارچێوەی بەرهەمی شــانۆییەوە،بەڵام راستیەکەی ئەو شانۆ هونەریەی پاپەندی چنینی زانستیەو نەخشەی بۆکێشراوە(ئەوەندەی تائێســتا بە ئێمە گەیشتبێ) لای گریکەکان سەری هەڵداوە،ئەویش دیارە هــۆکاری تایبەتــی خۆی هەیە بــەوەی خاوەنــی ئەفســانەیەکی قووڵی مرۆڤایەتــی بــوون و بەهــۆی شارســتانیەتی ســەقامگیرەوە بوونەتــە خاوەنی چەندین فەیلەسووف ونووسەری گرنگ کەتا ئێستاش مێژووی بــاری رامیــاری و مۆراڵی کۆمەڵایەتــی وپەیوەندیەکانــی بەرهەمهێنان

لـەو نووسـینانەوە هەڵدەهێنجرێـن کەلەو کەڵـە نووسـەرانەوە بۆمان ماونەتەوە،تۆ کاتێ ئەلیادەوئۆدیسـای هۆمیرۆس(دەورووبەری ٧٥٠پ. ز)دەخوێنیتەوە،تێدەگـەی ئەو بلیمەتـە چ خەزنەیەکی بۆ داهێنان کەڵەکە کردووە و بووەتە سەرچاوەیەکی زیندوو نەک تەنیا بۆ کەڵە نووسەرانی تراژیدیا وکۆمیدیا،بەڵکو بووەتە هۆی سەلماندنی هەندێ رای فەیلەسوف وبیریارانیش

هەر لەو روانگەیەوە شـانۆ زادەی شـیعرو فەلسـەفەیە و سرووتەکان هەوێنیـن، توانیوێتی جەماوەرێکی ئەوەنـدە زۆر لەخۆی کۆبکاتەوە کە فەیلەسـوفەکان ناچار بکا لەو دیاردەیە بکۆڵنەوە وبیخەنە قاڵبی زانستی مرۆڤایەتی(دیـارە بـە پێـی میتولوژیای خۆی).هەر لێرەشـەوە ئەو دنیا بەرینـەی رەخنـە هاتووەتـە کایەوە وئەوەنـدە کاری کردووەتە سـەر فەیلەسوفەکان کەوای لە ئیفلاتوون کردووە جێی شاعیران لەکۆمارەکەیدا نەکاتـەوە و ئەرسـتۆش دراما بەبەهاکانی کەڵە نووسـەرانی تراژیدیای یۆنانی بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی مەرجەکانی تراژیدیا بەهەر سێ یەکەی(کات وشوێن و رووداو) سنووردار بکا کە تاکلاسیکی نوێش زۆر بەجدی پەیرەو دەکرا وکەس نەیدەتوانی لەو سنورانە دەرچێ.

ئاشکرایەکە ترسی مرۆڤ لە چارەنووسی نادیار فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ سـەر هەڵدانی فەلسەفە کە جەمسەری سەرەکی پەیوەندی بە دوارۆژی مرۆڤەوە هەیە وەک مردن،بوون وبەردەوامی،ئەمە بێجگە لەو سروشتەی کـە بوون و گۆڕانکاریەکانی زۆر لە وزەو توانای هزری مرۆڤ باڵاترە ودەبێ بەشـێوەیەک لە شـێوەکان وەلامیان بـۆ بدۆزێتەوە.بۆیە ئەرکی سەرەکی هونەریش وروژاندنی پرسیارە بێ وەڵامەکانی مرۆڤایەتیە.هەر لێرەشـەوە رەخنە دەبێتە چمکێکی تەواوکەری ئەو داهێنانە،بە رۆچوون بۆ لایەنە مەعریفی و ئیسـتاتیکیەکانی ناو ئەو تێکستانە و قووڵبوونەوە ولێکۆڵینەوە لەلایەنە شاراوەکانی ئەو داهێنانە و تەنانەت ئەو لایەنانەش کە خودی داهێنەر هەستی پێ نەکردووە، دیارە رەخنەگریش وەک مرۆڤ و وەک تاکێکی کۆمەڵگە، بەپێی رادەی رۆشـنبیری وتوانای دەربڕین و ئەوقۆناغـەی تیایـدا دەژی رای جیـاواز دەدا و هەریەکەیـان لەدیدێکی

دیاریکـراوەوە دەڕواننە بەرهەمـی داهێنەران،هەر بۆیـە هەندێجار ئەو جیاوازیـە دەگاتـەرادەی تێکەڵکردنی ڕێبـازە هونەریـەکان،وەک چۆن نیچەی ئەڵمانی پێی وایە دوو شـێوە ڕێبازی کلاسـیک هەیە، کلاسـیکی چەقیـو وەک راسـین وکلاسـیکی دینامیکـی وەک شکسـپیر(لەقۆناغی ئەلیزابیس)کـە هەندێجار بە ڕۆمانسـی کۆن ناوزەنـد دەکرێ.دیارە ئەم دوو رایە بەسـەر زارەکی دوورای زۆر لەیەکـەوە دوورن،بەڵام ئەگەر بمانەوێ بەشـێوازێکی تـر دیقەتی بدەین لەهەندێ لایەنـەوە بەتەواوی لەیەکتـر نزیک دەکەونەوە.کەواتە کە بیرکردنەوەی جیاواز و شـێوازی جیـاواز هەبوو، دەبێ دەربڕینی ڕەخنەییـش جیاوازی تیابێ، لەهەردوو جەمسـەرە زانستیەکەیەوە. کاتێ میتولوژیای کۆمەڵگەی گریکی سوورە لەسەر وابەسـتەیی چارەنووسی مرۆڤ بەنەخشـەی خواوەندەکانەوە، دیـارە دەبێ هونەری کلاسـیکیش جەخت لەسـەر ئەوە بـکا کە مرۆڤ وابەسـتەی داب ونەریت و ئەو سیسـتەمەیە کـە خواوەندەکان خەتیان بۆ کێشـاوە و سـەرکزی وخۆبەدەسـتەوەدانی ئەو سیستەمەش بەرەو چاکـەی دەبا،بـەڵام لەلایەکی ترەوە لە قۆناغێکی جیـاوازی مرۆڤایەتیدا جـان جاک ڕۆسـۆ دەڵـێ مرۆڤ کـە دێتە دنیـاوە بەخامـی تەنیا لای خێرە،بـەلام یاسـاو نەریتـی خـراپ ،خراپـەکای تیادەچێنن،هـەر بۆیە ڕۆمانتیک خوازەکان زیاتر وەرچەرخانەوە بۆ توانای مرۆڤ.ئەمە لایەنی کۆمەڵگەیـە لەقۆناغـی خۆیدا کە تاکیش لەخـۆی دەگرێ،بەڵام لەهەمان کاتـدا تاکیش وەک مرۆڤ تایبەتمەندی خۆی هەیە،وەک دەبینین سـۆز پەیوەنـدی بەخودی مرۆڤـەوە هەیە بۆیە نەگۆڕە،بـەڵام چێژ وەرگرتن پەیوەندی بە هزرەوە هەیە وچەندین هۆکاری دەرەکی ڕێ نیشـاندەری دەبـن و ئەم جیاوازیەش بوار نادەن چێژ وەرگرتن وئیسـتاتیکا بەیەک پێـوەر دەستنیشـان بکرێن وناشـکرێ تەنیـا یەک شـێواز لەجوانکاری بەڕاسـت بزانین،هەرچەندە فەیلە سووفەکان هەریەکەیان بەپێی پێوەری خۆی دەیخاتە سـنورێکەوە،چونکە پاساوی راو بۆچوونیان سـەلماندنی فەلسەفەکەیانە،ئەم شـێوازی لێکۆڵینەوانەش دەخرێنەوە قاڵبی فیکری و زانسـتی وەک چۆن گرێی ئۆدیب دەبێتە بابەتێکی سـەرەکی لای فرۆید

و، بۆسەلماندنی بۆ چوونەکانی کردوویەتی بەگرێی سیکسی ونموونە بۆ هەر مرۆڤێک. دراماش وەک هونەرێکی هەمەلایەن وپەیوەست بەژیانی کۆمەڵگەوە،بەپێی قۆناغ و بارو زروفی کۆمەڵگەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هەردەم(بەپێی نەشونماکردنی کۆمەڵگە وپێداویستیە مرۆڤایەتیەکانی)خۆی لەبەرگێکی نوێدا بینیوەتەوە و بەڕێبازی جیاوازدا تێپەڕیوە،هەربۆیە ئەو رێبازانە خراونەتە قاڵبی تیووری و هەریەکەیان بەشێوازێک سنووریان بۆدانراوە،ئیدی لەکلاسیک وکلاسیکی نوی ورۆمانسی و ریالیزمی وهێمایی وبێهوودەیی و...چونکە دراما پێویستیەکی مرۆڤایەتیە ولە رێی مەعریفی وئیستاتیکاوە دەتوانێ بەهۆی ململانێ ورووداوە وە کار لە جەماوەر بکا.دیارە هەموو ئەو تیوریانەش پاش دراما سەریان هەڵداوە ولە زوربەی زۆری حاڵەتەکاندا داهێنان لەدرامادا کراوە ئینجا خراوەتە قاڵبی تیوری و مەرج وسنوورەکانی دیاری کراون ولێکۆڵینەوەی چڕوپڕیان لەسەر کراوە ( لێرەدا مەبەست لە رەخنەیە، نەک ئەو فەلسەفەو زانستانەی دەبنە هۆی وەرچەخانی کۆمەڵگە لە قۆناغێکی تایبەتی گۆڕانکاریدا ) ئێمە دەزانین کە هەر داهێنانێکی هونەری چالاکیەکی مرۆڤایەتیە بۆگێڕانەوەی رووداوێک، یان سەر لەنوێ دارشتنەوەی ئەزموونێک کەلە هەلومەرجی خۆیدا روودانی مەحاڵ نیە..یان دەکرێ گێڕانەوە یان هەڵوەشاندنەوەی ئەزمونێکی ژیان بێت لەدیدی داهێنەرەوە بەو نیازەی بەشێوازێکی تر بیخاتەوە قاڵبێکی تری ژیان کە بە بۆچوونی ئەو دەچێتە قولایی ناخی مرۆڤەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەیخاتەوە چوارچێوەی سیستەمێک کە تێڕوانینی خودی داهێنەرە بۆ کۆمەڵگە.

قووڵبوونەوە لە هەموو ئەولایەنانەی باسمان لێوەکردن و شیکردنەوەی دراماش لەلایەنی مەعریفی ئیستاتیکاوە دەبنە بنەمای ئەرکی رەخنەی شانۆیی،چونکە کاتێ لە بابەتێکی رەخنەییدا باس لە ئەزموونی داهێنەرێک دەکەیت، ئەوە جەخت لەسەر سەرچاوەی بەرهەمە هونەریەکە دەکەیتەوە، کاتێکیش کەرەستەو ئامرازەکانی بەرهەمەکە دەخەیتە بەر باری شیکردنەوە ولێکۆڵینەوە ئەوە خودی بەرهەمەکە

دەکەیتە پێوەر بۆ سـەلماندنی(هونەر بۆ هونەر)،لەلایەنێکی تریشەوە کە وەرگری بەرهەم(بینەر) دەکەیتە پێوەر ئەوە پێ لەسـەر ئەرک وتوانای ئەو هونەرە دادەگری کەچی لەسـەر شـانەو چـی لای جەماوەر بەجێ دەهێڵێ(بەمانـای بـەر بڵاوی سوسـیۆلۆژی کە زۆربـەی لقەکانی ئەو زانسـتانە دەگرێتەوە،کـە راسـتەوخۆ پەیوەندییان بـە کۆمەڵگەو تاکی کۆمەڵگەوە هەیە چونکە لە راسـتیدا ئـەو بەرهەمەی هیچ لای جەماوەر بەجێ نەهێڵێ،ئەوە بە دڵنیاییەوە گرنگترین ئەرکی داهێنان فەرامۆش دەکا وخۆی لە قوژبنێکی سنووردارا شەتەک دەدا). کەواتە لەحاڵەتی یەکەمدا رەنگدانەوەیە و لەدووەمدا کەرەسـتە ولەسـێهەمدا بەشداری.دیارە ئەم سـێ لایەنەش ئەوەندە پێکداچوو وتێکەڵن کە ناکرێ بە ئاسـانی لێکیان جوێ بکەینەوە،چونکە داهێنەر لە ئەزموونی خۆیەوە دەبێتە خاوەنی ئەو کەرەستانەی لەبەرهەمەکانیدا کاردانەوەیان هەیە وکاریگەریشیان لەسەر خـودی داهێنەرە.راسـتە لەرەخنەی نوێدا زیاتر شـیکردنەوەی تەکنیکی وهونـەری دەخرێتـە بەر باس ولێکۆڵینــەوە، بەڵام ئایا ئـەو تەکنیکە لە نەبوونەوە هاتووە؟یان لە ئەزموونی کەڵەکەبووی داهێنەرەکەیەوە؟ ئایا هەر هەمان تەکنیک پەیوەندیەکی راستەوخۆی لەگەڵ لایەنە مەعریفی و ئیسـتاتیکیەکەوە نییە؟ ئیدی بەتەنیایی باسیان لێوەبکرێ یان پێکەوە،خۆ تێکهەڵکشـاون و چـۆن لەمەعریفـەدا جوانـکاری هەیە،بەهەمان شـێوە لایەنی جوانکاریش لە مەعریفە بەدەرنییە.کەواتە دەبێ رەخنەگر خاوەنی بنەمایەکی فیکری بێ و شارەزای هەموو لایەنەکانی داهێنان بێ،تا بتوانێ لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر بەر هەمێکی شانۆیی بکا ئیدی نوسراوبێ یان نمایشکراو، دیارە ئەمەشیان شێوازی ڕەخنەکە بە ئاڕاستەی جیاوازدا دەبا چونکە ئەگەر لێکۆڵینەوەو ڕەخنەکەت لەسـەر دەقێکی شـانۆیی بێ ئـەوە لایەنـە گرنگەکانی فیکری وبینـای کاراکتـەر و رووداو و چنینی درامی بەرهەمەکە دەکەیتە سـەرباس،بەڵام بۆ نمایشێک کۆمەڵێ لایەنی تر دێنە سـەر بـاس وکاری دەرهێنەر(وەک نووسـەری دووەم)دەبێتە پێوەرێکـی تر بـە دۆزینەوەی پەیوەندی کاراکتـەرەکان و جوڵە ودەنگ و ریتـم وتابلۆی بەکارهێنـراو و...زۆر لایەنی تـر لەهەڵبژاردنی دەق و

ئەکتەر وتادەگاتە گەیاندنی بیرۆکەی تێکستەکە وشێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ دیکۆر و روناکی وئیکسسوار ومۆسیقا و هەموو موفرەدەکانی سەر شانۆ،ئەمە بێجگە لەلایەنە هونەریەکانی تری نمایش کەهەریەکەیان هونەرێکی تایبەتە ولەخزمەتی سەرجەمی بەرهەمەکەدایە.هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە رەخنەگر دەبێ داهێنانێکی لەبەر دەستدابێت کە کاری تێکردبێ ولێکۆڵینەوەی لەسەر بکا و هەموو لایەنەکانی(لەدیدی خۆیەوە) شیتەڵ بکاتەوە.کەواتە رەخساوترین زەمینە بۆ گەشەکردنی رەخنەی شانۆیی،پێشکەشکردنی نمایشی شانۆیی داهێنەرانەیە، ئایا چۆن دەکرێ توانای ئەکتەرێک هەڵسەنگێنێ‌کە نمایشی کاراکتەرێکی خراپ دارێژراو بکا،چۆن دەتوانێ دەورێک بەرجەستەبکا کەسیما وخوسڵەتەکانی دیارنەبن؟چۆن دەتوانی لەسەر توانای دەرهێنەرێک قسە بکات کە نە دەقێکی دیاریکراوی لەبەردەستدایە ونە دەزانێ لەکوێوە دەست پێ بکا وبڵێ چی؟کام پەیام بگەیەنێ.

لەهەموو لایەنێکی داهێناندا مەرج و سنووری تایبەت هەیە رەنگە یەکێ بتوانێ جوانترین مۆدێلی پاڵتۆ لەبەر بکا،بەڵام کەلەهاویندا لەبەری کرد دەبێتە گاڵتەجار.تۆ کاتێ دەقی کەڵە نوسەرێک دەهێنی وتێکی دەشکێنی وچەند چمکێکی وەک سەرەمقەست بەیەکدا دەلکێنی ودەتەوێ چاوبەست لە خەڵکی بکەیت وبەچەند زاراوەیەکی لەقاڵبدراو بەرهەمەکەت بکەیت بەجلەکانی پاشا،نەخێرکاکی شانۆکار دەکرێ یەکێ پێت بڵێ هیچت لەبەردانیە.ئایانمایشێک رووداوی تیانەبێ وکاراکتەرەکانی وەک بووکەڵە بۆڵەبۆڵ بکەن و کەهاتیتە دەرەوە هیچت لابەجێ نەمابوو،چۆن دەتوانی هیچی لەسەر بنووسی.چۆن رەخنەی شانۆیی گەشەدەکا.من دەپرسم کام نووسەری جیهانی بەرهەمێکی نووسیووە کە بەرچاوی روون نەبووبێ چی دەنووسێ وکاراکتەرەکانی کێن وچییان دەوێ و رووداو بەچ ئاقارێکدا دەبەن،کە دەڵێین کام نووسەر مەبەستمان لەهەموو کەڵە نووسەرەکانی شانۆی جیهانییە لە سۆفۆکلیسەوە بۆ کۆرنای وشکسپیر وهۆگۆ وئەبسن وگۆرگی وبرێشت وبیکیت ویۆنسکۆ وکامۆ و چیخەف وسارتەر وهارولد پنتەر وعبدلکەریم بەرشید وسەعدوڵلا وەنوس و...

تـاد، شـانۆ بەرهەمێکی هونەری فیکریە و زادەی شـیعر وفەلسـەفەیە، شـانۆ مینبەرێکەبـۆ پرسـیارە ئەزەلیەکانـی مرۆڤایەتی ،شـانۆ پەیامی هونەرمەندانی داهێنەرە بۆ جەماوەر بۆیە شانۆ ورەخنەی شانۆیی هاوتای یەکن،ناکرێ شـانۆی بەهێزت هەبێ ورەخنەی شانۆییت نەبێ،هەرچۆن نابێ رەخنەی شانۆییت هەبێ وشانۆیەکی هونەریت نەبێ.لەراستیدا ئێمە پێویسـتمانە بە شـێوازێکی تر وبەخوێندنەوەیەکی نوێی ئەم سـەردەمە بێینەوە مەیدان،ناکرێ ئێمە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لەتاکدا چڕبکەینەوە ، بەڵکو چاکتروایە سەر گرفتەکانی تاک بدەینەوە بەسەر کۆمەڵگەدا ،کاتێ هاملێـت یاخی دەبێ لەدایکی ومامی یاخـی نابێ ئەو دەیەوێ هەڵەیەکی مرۆڤایەتی راسـت بکاتەوە ودەسـت بەرداری زۆرشـتی تایبەتی خۆی دەبێ لەپێناوی ئەوەدا ئەوسیسـتەمە گەردونیە راسـت بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەسـتەش بـەر لەهەمـوو شـتێ بیردەکاتەوە،پاشـان کاری بۆ دەکا. ناکـرێ دوو دنیای جیاواز و دوو بیرکردنـەوەی جیاواز ودوو قۆناغی جیـاواز بەیەک پێـوەر بپێوین و بەیەک شـێواز خوێندەوەیان بۆبکەین، چـۆن دەبـوو برێشـت وەک شکسـپیر بیربکاتەوە یان شکسـپیر وەک سـۆفوکلیس بینوسیایە،ئایا ئەنتیگۆناکەی جان کۆکتۆ هەمان ئەنتیگۆنای سۆفۆکلیسە؟کەواتە ئێمەش پێویستمان بە پیاچوونەوەیەکی سەرانسەری ئەو هونەرە باڵایەیە کەپێی دەوترێ شانۆ.دەبێ پرۆفیشیناڵی بکەوێتەوە ئـەو هونـەرە هەمەلایەنە،رەنگـە هەندێک لەو دەرهێنەرانـەی کەخۆیان دەنووسن پاساویان ئەوەبێ، گوایا دەقی کوردیان لەبەردەستدا نیە،ئەی ئەگەر وایە بۆچی شـاکارە جیهانیەکان ئەتک دەکەن.لەراستیدا نووسینی دەق لەلایەن دەرهێنەرەوە خەریکە دەبێتە دیاردەو دیاردەیەکی بزێویش. بۆیـە پێویسـتە بەر لەهەمـوو شـتێک بنەمایەکی بتـەو بۆبزووتنەوەی شـانۆییمان بنیادنێین وبەرهەمی داهێنەرانە بخەینەسەر شانۆ، ئەو کاتە بـە دڵنیاییەوە بەقەبارەی ئـەو داهێنانە، رەخنەی شـانۆییمان هەڵدەداو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆئەو داهێنانانە دەکا کە زادەی فیکر وشارستانی ئەم سەردەمە بن.

کاتـێ برۆمتیۆس لەمیتولوژیای گریکیدا خۆر لـە خواوەندەکان دەدزێ

و رووناکی بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێ، دەبێتە هێمای ئازادی ولەخۆ بوردەیی،هەروەک چۆن تاشە بەردەکەی سیزیف دەکرێتە زەنگی بێ توانیی مرۆڤ وچارەنووسی نووتەکی مرۆڤ وکامۆ دەیکاتە نموونەیەکی زیندوو بۆ هەموو سەردەمێک.دەبینین زۆربەی زۆری ئەو هونەرمەندانەی خۆیان دەق دادەرێژن،هەوڵەکەیان بە زایە دەچێ،چونکە بە ئاوەژوو بینای شانۆ گەرییەکەیان دەکەن، رووداوێک یان هەڵوێستێک دەهێنن و کاراکتەری لە دەور کۆدەکەنەوە ئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرەکی کاڵ وکرچی بەرهەمەکە.ئەگەر بێت وسەیری دەقی هەموو نووسەرە بەناوبانگەکانی دنیا بکەین دەبینین پێشەکی کاراکتەریان بنیاد ناوە و کاراکتەرەکان دەبنە لایەنی سەرەکی بۆ چنینی درامی و رووداو و هەڵوێست وبابەت، دەبینین عوتەیل هەیە بۆیە غیرە درووست دەبێ،هەروەها نورا هەیە بۆیە یاخی بوونی ئافرەت لەماڵی بووکە شووشەی ئەبسن دەبێتە بابەت، بەهەمان شێوە لەکاراکتەرە گرنگەکانی شانۆی جیهانیدا وەک ئەلیکترا وئەنتیگونا وگالیلیۆ و ئۆدیب وهاملێت ...تاد.لەراستیدا نووسین وئامادەکردن بەو شێوە ئاوەژووە، سەری گلۆڵەکە لە هونەرمەند وون دەکا وسەری لێ دەشێوێنێ،تۆ چۆن دەتوانی نمایشی ئەکتەرێک شی بکەیتەوە کەلە بنەرەتدا کاراکتەرێک نەبووە بەرجەستەی بکا؟ کاتێ باسی بزێوییەکی کۆمەڵگە دەکەین یان بەیەک دیالۆگ رەخنە لەدیاردەیەک دەگرین،ئەمە ئەرکی شانۆ نیە بەڵکو کاری ووتارێکی رۆژنامەیە، لەشانۆدا دەبێ ئەو بزێویە هەستی پێ بکرێ،تەنانەت ئەگەر راستەوخۆش باس نەکرێ،دەبێ بینەر هەستی پێ بکا وتیایدا بژی ، تەنیا ئەو کاتە دەتوانی بڵێی بەرهەمەکەم توانی پەیامی خۆی بگەیەنێ.ئیدی ئێمە دەبێ بە شێوازێکی تر رستەکانمان بنووسینەوە، لەجیاتی ئەوەی بڵێین رەخنەی شانۆیمان لاوازە یان نیە،بابڵێین شانۆمان لاوازە ونەیتوانیوە زەمینەیەکی لەبار برەخسێنێ بۆ پەیا بوونی رەخنەی شانۆیی،چونکە ئەم دوانە لازم و مەلزومن وهیچیان بێ ئەویتریان نابن.


دووکتێب لەیەک بەرگدا
شانۆی
چەوساوەکان،
مەشقو یاری
بۆئەکتەرو
نائەکتەر

Theater der Unterdruckten, Ubungen und spiele
fur schauspieler ung Nicht- Schauspieler

نوسینی: ئۆگیستۆ بوال Augusto Boal
وەرگێرانی: مارینا سپینو و هینری تۆراو

## بوال کێیه؟

ئوگوستو بوال ساڵی ١٩٣١ لەشاری ریو دی ژانیرۆ (Rio de Janeiro) لەبەرازیل هاتۆتە دنیاوە. لەکۆتایی چلەکانو سەرەتای سالانی پەنجای سەدەی رابردوو خوێندنی کیمیاو زانستی شانۆی لە زانکۆی (کۆلۆمبیا) لە (نیویۆرک) تەواو کردووە.

لەوساڵەدا کی برێشت کۆچی تیاکردووە ( ١٩٥٦)، بوال شانۆیەکی بچوکی سەدو هەشتا کورسی لەساوپاولۆ یەرێوە بردووە.

لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمدا رووی کردۆتە شانۆی میللیو دەربڕینو نمایشکردنی بابەتی سیاسی لەسەر شانۆی ( Teatro de Arena) کە سەرەتا بەدرامای ئەوروپی دەستی پێکردووە و پاشان پەنای بردۆتە بەر کولتوری میللی بەرازیلی.

ئیمە کاتێک باس لە شانۆی سیاسی دەکەین، بەتاییبەت لەو لایەنەی پەیوەستە بەخەبات و ژیانی چەوساوەکانەوە پسکاتۆرمان دێتەوە یاد لەرزگار کردنی شانۆ لەهۆڵە داخراوەکانو هێنانەوەی نمایشەکان بۆناو جەماوەر لەکارگەو کێڵگەکاندا لەگەڵ پەنابردنەبەر نوێترین

تەکنیکی دوکومینتاری سەردەم، هەروەها بریشتو شانۆ داستان ئامێزەکەی کەتائیستاش هەر لەگەشە کردنو نوێ بوونەوەدایە، یان داریۆ فۆ و شانۆی رۆژنامەو تەکنیکی ئیرتیجالی و نوسینی بەکۆمەڵ، هەموو ئەمانە پێشڕەوی  شانۆی سیاسی بوون، بەڵام لای بوال شێوازێکی تر بەرجەستە کراوە. ئەم دەیەوێت بینەران نەک تەنیا بەشێک لەنمایش بن، بەڵکو دەخوازیت نمایش لەئامادەکردنی بینەران بێ، خواستی بینەران بێ، بەزمانی بینەران بێو نایەوێت هیچ بەربەستێک لەنێوان نمایشو جەماوەردا بمێنێ.

پتش کودەتا سەربازییە بەدناوەکەی بەرازیل، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری سەربازی دەستی بەسەر وڵاتدا گرتو کوشتنو ئەشکەنجەدانو برسی کردنی میللەت بووە ئەلف‌وبێی سەرەتای حوکمڕانی، هەربۆیە پاش نوسینی کتێبی (شانۆی چەوساوەکان) بوالیش دەکەوێتە بەر ئەو هێرشە دڕندانەیەو لە ١٧ی ئازاری ١٩٧١ دەخرێتە زیندانو ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر دەچێژێ، بەڵام بەهۆی فشاری نێودەوڵەتییەوە پاش سێ‌مانگ ئازاد دەکرێو ناچاردەبێ نیشتمانی خۆی بەجێ‌بهێڵێ روله ئەرژەنتین بکاو وەک پاول فریره pawl Freire ی بیریارو هاوبیری ژیانی نامۆیی هەڵبژێرێت.

ئیدی ئەوماوەیەی لەئەرژەنتین دەمێنێتەوەو لەژێر کاریگەری فەلسەفەو بیری فریرەدا کە فەلسەفەی پەروەردەیی چەوساوەکان بوو، چالاکیە هونەرییەکانی دەست پێدەکاتەوە تاساڵی ١٩٧٨ کەلەپاریس دەگیرسێتەوەو دەبێتە مامۆستا لەزانکۆی سۆربۆنو بەردەوام دەبێت لەپەرەپێدانی میتۆدە تایبەتیەکەی. ئەو شێوازەی بوال بانگەشەی بۆدەکات، شێوازێکە بۆزیاتر تێگەیشتن لەچەوساوەکان، بۆیە دەبوو میتۆدەکەی لەگەڵ ئەوروپاشدا بگونجێنێت کە چەوساندنەوە تیایدا جیاوازە لەو وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتی رژێمی دیکتاتۆریدانو سەرکوتکردن تیایاندا دەستەباڵایە، لەئەوروپا کاری توندو تیژی لەگەڵ ئافرەتدا بەکاردەهێنرێ، بێکاریو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە لەیەکترازاوەکانو مادە هۆشبەرەکانو کرێی

کەمی کارگەران، لەناخەوە تاکی کۆمەڵگەی نامۆو تەنیا کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش چەند ۆرک شۆپێکی ئەنجامدا بۆئەو کەسانەی کەلەبواری سۆسیۆلۆگیو دەروونناسیو شانۆدا کارییاندەکردو هەوڵەکانیشیان بۆئەوە بوو وەک خۆی دەڵێت(( بۆرزگاربوونمان لەو پۆلیسەی لەسەرماندایە)).

بوال زۆر گرنگی دەدا بەڕاوبۆچوونو شێوەی ئاخافتنو بیرکردنەوەی بینەران، هەربۆیە سەرەتا کتێبەکەی بەوتەیەکی ئەرژەنتینی دەست پیدەکات کەدەڵی: ( بۆجوتیارێکم روونکردەوە چۆن_ فرین_ دەنوسریو،ئەوفێری کردم چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەم). هەربۆیە شانۆ بەهۆکارێکی چالاکو ئەکتیڤ دەزانێ بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەرو وەک خۆی دەڵێ: ( ئەگەر خودی شانۆ شۆرشێک نەبێ، ئەوە بەدڵنیاییەوە مەشقو پەراوەیە بۆشۆڕش).

یەکەم ڤیستیڤاڵی نێونەتەوەیی بۆشانۆی چەوساوەکان لەساڵی ١٩٨١دا لەپاریس ئەنجامدراو پاش کۆتایی حوکمی دیکتایۆریش لەبەرازیل بانگهێشتکرایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆییو نێوەندێکی هونەری بۆشانۆی چەوساوەکان کردەوە کەچەندین لایەنی لەخۆگرتبوو بۆگەشەکردنو پەرەپێدانی میتۆدەکەی.

پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٩٢ هەڵبژێررا بۆئەنجومەنی شارەوانی شاری ( ریۆ دی ژانیرۆ) بەهۆی ئەو پۆستەوە توانی فیستیفالێکی بەرفراوانی جیهانی لەخودی بەرازیلدا بەئەنجام بگەیەنێ بۆ( شانۆی چەوساوەکان) ئێستاش بەردەوام لەرۆژهەڵاتی دوورو ناوەراستو ئەمریکای لاتینیو ئەوروپا فیستیفاڵی نێونەتەوەیی بۆ ئەم شێوازەی شانۆ ئەنجام دەدرێ.

ماوەتەوە بڵێین بوال بۆ ئەمساڵ (٢٠٠٨) لەلایەن چەندین کەسایەتیو گروپەوە پاڵێوراوە بۆخەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، چونکە هەوڵو تەقەلاو میتۆدی بوال لەسەدان گروپو لەزیاتر لەحەفتا دەوڵەت پەیڕەو دەکرێو خەڵاتکردنی بوال وزەیەکی تر دەبەخشێت بەچەوساوەکان بۆرزگار بوونیان.

## دووکتێب لەیەک بەرگدا
## شانۆی چەوساوەکان: مەشقو یاری بۆ ئەکتەرو نائەکتەر

ئەم دووکتێبە لەزمانی بەرازیلیەوە (کەزمانی پورتوگالیە) لەلایەن پرۆفیسۆر هێنری تۆراوو مارینا سپینۆوە وەرگێڕراوەتە سەرزمانی ئەڵمانی. کتێبی یەکەمیان ( شانۆی چەوساوەکان) ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن دەزگای چاپی (سوورکامپ) لەفرانکفۆرت بەچاپ گەیەنراوەو ئۆگستۆ بوالیش پێشەکی بۆنوسیوە. پاشان لەساڵی ١٩٨٩ هەمان کتێب لەگەڵ کتێبی( مەشقویاری بۆئەکتەرو نائەکتەر) لەیەک بەرگداو لەلایەن هەمان دەزگاوە بڵاوکراوەتەوە لەقەبارەی بچوکو لەدوتوێی (٢٧٤) لاپەرەدا. بوال بۆکتێبی دووەمیش لەپاریسەوە پێشەکی نوسیوە. ئەم دوپێشەکیەش تایبەتن بەچاپە ئەڵمانیەکەوە.

لەو پێشەکیەدا کەساڵی ١٩٧٩ نوسیویەتی دەڵێ:

(دوا شانۆگەری کەلە (بەرازیل) نووسیومە کاری دەرهێنانم بۆکردووە، بەرلەوەی ناچاربکرێم نیشتمانەکەم بەجێهێڵم، لەژێر ناونیشانی ( دەم بەستراوەکانو ڕێیەکی مەترسیدار) دا بوو کەلەو تێکستانەوە وەرگیرابوون دەربارەی کاسترۆو گیڤارا بوون بانگەشەیەک بوو بۆ بەرهەلستی).

(ئێمە حەقیقیەتمان هەڵبژارد، خەباتەکەمان لەسەر شانۆ سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا).

( زۆرێک لەهونەرمەندان لەگومانی ئەوەی کەشانۆ چەکێکی سیاسیە، بابەتی ئاسانتریان هەڵدەبژارد، هەڵدەهاتن بۆناخی خۆیان، یان لەپەنا سیمبۆل، هێماو لابردنو شاردنەوە، خۆیان حەشاردەدا تابتوانن لەژێرەوە شتێک بڵێن چونکە لەژێر فشاردا بوونو بیریان لەسانسۆر دەکردەوە)

(منیش دەبوو بەهۆی ئەو ستەمو هێزە بێبەزەییە بەرازیل بەجێهێڵم کەوتمە ژیانی کۆچو کۆچبەری_کەتائێستا هەشت ساڵە_ کۆتایی ئەو کۆچەش دیارنییە، سێجار لەئەمریکاو یەکجاریش لە ئەوروپا، فێربووم کەپێویستە چی بکەم، فێربووم کەدەتوانم چی فێربم،

بۆنموونە_ دەزانم کەئەرکی هەرە قورس لەسەر شانی من نییە، من لەخەڵکی تر زیاتر نازانم_ کەچۆن دەکرێ باشترین شۆڕش بەرپا بکرێ، دەزانم کەمن لەبینەرەکانم زیرەکترنیم. رقم لەوهونەرمەندەیە کەخۆی بەزل دەزانێ، من هەوڵدەدەم هونەر لەهەر مرۆڤێکدا بدۆزمەوە).هەروەها دەڵێ:( ئەکتەرو بینەر کەسیان لەکەسیان زیاترنین، کەسیان لەکەسیان زیاتر نازانن، دەبێ پێکەوە فێربن، تێبگەن، بدۆزنەوەو بڕیاربدەن).

## شانۆی چەوساوەکان( ستمەم لێکراوان)

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە ناونراوە( شانۆی چەوساوەکان لەئەمریکای لاتین)

ئەم بەشەی کردووە بەچەند بڕگەیەکەوە بۆپێناسەکردنی چەند زاراوەیەک لەدیدی خۆیەوە. لەناو ئەو زاراوانەدا (شانۆی میللیە).

بوال دەڵێ: ( دووگۆشە نیگای شانۆ هەن. شانۆیەک بۆمیللەت کەلەدیدی میللەتەوە دەڕوانێ، ئەمەش بەومانایەی بەردەوام لەهەولی گۆرانکاریدابێت، والەوکەسانە بکات کەلەرێی کار یان دابونەریتەوە دەکرێنە کۆیلە، بتوانن ئەو حاڵەتە بگۆڕن، دەبێ بەردەوام لەگۆرانکاریدا بێت. بەڵام تێڕوانینی شانۆی بۆرژوا سوورە لەسەر دژایەتی کردنی ئەوەی کەمرۆڤ بتوانێت لەکۆتایی رێی درێژی مێژوویەوە، کەڵک لەباشترین هەلومەرج وەرگرێ، کەئەمەش سیستەمی سەردەمە. هەروەها لەوڵاتانی وەک بەرازیل شانۆی پرۆ فیشیونالی هەن کە نانخۆری پیشەیینو هەڵواسراون بەیارمەتیو پشتگیری دەسەڵاتەوە.

مەرج نییە ئەو شانۆیەی لەمیللەتەوەیە بۆ میللەت بێت، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو شێوە شانۆیە دژە میللەتە، بۆیە دەتوانین بڵێین شانۆی میللی دەبێ لەدیدو بۆچونی میللەتەوە بێ).

پاشان (بوال) چەند شێوازێکی تری شانۆ دەستنیشان دەکات وەک شانۆی پڕوپاگەندەو شانۆی فێرکاریو فۆلکلۆرو پۆستەرو شانۆی رۆژنامە. لەبەشی شانۆی رۆژنامەدا کاتێ دەبینێ هەموو

ڕۆژنامەکانی ژێرسایەی دەسەڵات ڕۆژانەدرۆو دەلەسەو هەواڵی چەواشەکاری بڵاودەکەنەوەو ڕاستیەکان ئاوەژوودەکەن، ئەم بیر لەشانۆی ڕۆژنامە دەکاتەوەو دەڵێت:
( کاتێک فشاری فاشیستەکان پاش کودەتای کانونی یەکەمی ١٩٦٨ گەیشتە پلە یەک کەنەدەکرا شانۆی میللی بۆجەماوەرێکی زۆر نمایش بکرێت، تەنیا شانۆی گاڵتەجاڕی ڕێی پێدەدرا، لەحکومەتیشەوە پشتگیری لێدەکرا، سوپاو پۆلیس کۆنترۆلی سەندیکاو قوتابخانەو پەیمانگاکانیان دەکرد. سیخوریان لەناو کرێکارە قوتابیانی زانکۆدا هەبوو.
ئێمە توانیمان نمایشی شانۆی ئاسایی بهێنینە کایەوە، وابکەین کەجەماوەر بەهەمی شانۆیی خودی خۆیان بەرهەم بهێنن. شانۆی ڕۆژنامە توانی ئەو جیاوازییەی نێوان جەماوەرو هونەرمەند نەهێڵێ، شانۆی ڕۆژنامە ئەو (بێلایەنیە)یە کە ڕۆژنامەوان مەبەستێتی: بەتەواوی خوێندنەوەو فێربونو فێربون.. بەراستو ڕونیو بێدەمامک ڕاستیەکان دەخاتە ڕوو. ئەمانەش پێویستیان بەکاری ئەرشیفیو ئامارو دوکۆمێنتی هەیە لەبەرگێکی ئەدەبیدا. ئینجا شێوازی دەربڕینو میتۆدی شانۆکە بەدابەشکردنی شێوازەکان لەیەکتر جیاکردۆتەوەو هەریەکەیانی لەژێر ناوێکدا نووسیووەو بەر لەهەمووشیان شانۆی ڕۆژنامە کەچەند شێوازێکی تەکنیکی بۆ دیاری کردووە, وەک:
خوێندنەوەی ئاسایی، خوێندنەوەی تەواو، خوێندنەوەی دوابەدوای یەکتر، خوێندنەوەی ڕیتمی، خوێندنەوە بەمۆسیقاوە، خوێندنەوەی پانتۆمایم، خوێندنەوەی ئیرتیجالی، خوێندنەوەی مێژوویی، خوێندنەوەی بەرجەستەکراو.... تاد

## شانۆی نادیار( شاراوە)

بوال دەڵێ: ( ئەمە ئەو شانۆیەیە کە هیچ شێوازێکی جیاکردنەوەی جەماوەرو ئەکتەر نامێنێو تەنانەت بەشداربوونی بینەرانیشی تیایە کەرۆڵیان دەدرێتێو کارییان لەگەڵدا دەکرێ، ئەم شێوازەش لەو

شــوێنانەدا جێبەجێ ناکرێ کەتایبەت بۆشــانۆ تەرخانکراوە، چونکە تێکەڵبوونێک لەنێوان جەماوەرو نمایشــکاراندا هەیە. ئەم شــێوازی نمایشــە ئەگەر تێکستیشــی هەبێت، ئــەوە تەنیــا بۆخۆئامادەکردنی بــەرەو رووبونــەوەی بینــەرە، چونکە بابەتــەکان لەکاتی نمایشــدا هەڵدەبژێررێن).

بۆئەم شــێوازە نموونەی هێناوەتەوە کەیەکەم ئێــوارەی لەژێرناوی (بوورانــەوە ) دەســت پێدەکاو هــەوڵدەدرێ لەگەڵ لەگــەڵ لەگەڵ بینەران بابەت پێشکەش بکرێ پرسیار بکرێ (کێتاوانبارە؟) و دوایی لەژێر ناونیشانی (( هەستانەوە(widestand) دژی چەوساندنەوە)).

بۆئەم میتۆدەش دەڵێت: ناکرێت بێئەوەی جەســتەی خۆت بناســی، بــاس لەگۆرانــکاری لەشــانۆدا بکەی، هــەر هونەرمەندێــک بیەوێ بیرۆکــەی خۆی بەشــێوەیەکی شایســتە بگەیەنێت دەبێــت بەچوار قۆناغدا تێپەڕێت...

١- جەستەی خۆی بناسێ.

٢- جەستەی والێبکا بتوانێ گوزارش لەحاڵەتەکان بکا.

٣- شانۆ وەک زمان

ئەمەش بۆئەوەی بتوانی بابەتی نمایشکراو بخەیتە قاڵبێکەوە کەبینەر خــۆی تیا ببینێ کەپەیوەنــدی بەدەمەتەقێوە هەیە دەبــێ ئەم خاڵانە رەچاو بکرێن.

أ- دراما تۆرگی وەرگێڕانی دەستوبرد.(بابەتەکە ئاسان بکرێت)

ب- شانۆی پەیکەری (بەوێنەکردنی شانۆ)

ج- شانۆی دەمەتەقێ Forumatheater

٤- شانۆ بۆگفتوگۆ لەسەرکردن

دیارە هەموو ئەولایەنانەی کەباسمانکردن لای بوال بەتێرو تەسەلی باسیان لێوەکراوە، بەڵام لێرەدا ئێمە دەرفەتی ئەوەمان نییە هەمووی بەتــەواوی بخەینــە ڕوو، چونکە لەراســتیدا بۆتێگەیشــتنی تەواوی ئــەو هەوڵەی بوال دەبێــت تەواوی کتێبەکە وەرگێڕیــن، بۆیە لێرەدا بەناچــاری دەمانەوێ زیاتر سەرباســەکانی ئــەم بابەتە گرنگە باس

بکەین.
ئەوەی تائێستا باسمان لێوەکرد، هەوڵی (بوال) بوو بۆشانۆیەک کەبتوانێت گوزارش لەستم لێکراوان بکاو وەک نموونەش ئەمریکای لاتینی هێناوەنەوە پاشان دەچێتە سەر ناونیشانێکی گرنگی تر ئەویش:

## شانۆی زۆرلێکراوان لەئەوروپا (شانۆیەک بۆرزگاری)

بوال لەساڵی ١٩٧١دا کتێبی (شانۆی چەوساوەکان) ی نوسیوە، بەڵام پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٧٨ هاتۆتە پاریس، ئەو بەشەی ئەوروپای نوسیوە کەتیایدا دەڵێت.
من کاتێک لەنیشتمانی دووەممەوە کە ئەرژەنتینە هاتمە ئەوروپا. هەربەگەیشتنم ئەم پرسیارە هاتە کایەوە : بڕوا دەکەیت کەتەکنیکی ( شانۆی چەوساوەکانی)ی ئەمریکای لاتین بۆ ئەوروپا کەڵکو برەوی هەبێت ؟ ئێستا پاش ئەوەی ساڵێک تێپەڕبوو بەسەر نیشتەجێبوونم لێرە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم دەکرێت تەکنیکی شانۆی چەوساوەکان لێرەش پەیڕەوبکرێو گەشەبکات.
لەئەکریکای لاتین جوتیارو قوتابیو هونەرمەندو.... ئەشکەنجە دەدرێن، دووردەخرێنەوە، دەکوژرێن ( لەشیلی) لەماوەی پانزەرۆژدا پەنجاهەزار کەس کوژران، لەبەرازیل نیو ملیۆن کەس بێئەوەی هیچ سەردێڕێکیان هەبێو کردبێ لەسەرخۆ برسی کراون. ئەمریکای لاتین کیشوەری خوێن مژانە، شانۆی چەوساوەکان لەوێوە سەری هەڵدا
لێرە لەئەوروپا شتی وانییە، یان نەماوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لەئەوروپا چەوسێنەرو چەوساوە نین، کەواتە کە چەوسانەوە هەبێت دەبێت «( شانۆی چەوساوەکان) یش هەبێت.
لە هەرشوێنێک چەوسانەوە هەبێ بەردەوام دەبێت تیایدا سەرکەوتووبین
(شانۆی چەوساوەکان بریتیە لەگفتوگۆ، ئێمە فێردەبینو فێردەبین)

بۆیە بوال هەموو ئەزموونەکانی خۆی لەئەمریکای لاتین‌و ئەورووپاش دەخاتـە گەڕ بۆگونجاندنی(شـانۆی چەوسـاوەکان) لەگـەڵ حاڵەتی ئەوروپاداو هەمووشـێوازەکانی دەربڕین( بەتایبەتمەندێتی ئەوروپا) دەخاتەوە بەردەست‌و کاریان لەسەردەکات.
هەموو شێوازەکانی شـانۆ گەشەدەکەن وەک دامەزراوێکی شانۆیی جیادەکرێنەوە لێرە لەئەوروپا (بەتایبەتی لەپورتوگال) گروپ دروست بوون ئەوشێوازە بۆرزگاری( بەتایبەتمەندێتی خۆیان) ئەنجام دەدەن.
لەئەورووپـاش چەوسـاندنەوە هەیە بـەلام بەوشـێوەیەی ئەمریکای لاتینی نیە.
دەبێ بۆنموونە لەشانۆی شاراوەدا رەچاوی دووخاڵی گرنگ بکرێ
١- دەبـێ بینـەر بەوئەنجامە بگەیەنی کەلـەچ درامایەکدا دەژی (لەچ بوارێکی تراژیدیدا کاردەکات) تا بتوانین لەبابەتی گشـتیەوە بیکەینە تایبەتی، لەقوربانیەوە بۆکارگـەر، لەبەهەمخۆرەوە بۆ بەرهەمهێنەر، بکەویتە سەر رێگای خەبات.
٢- یارمەتی بینەر بدەین بۆکارکردن خۆی ئامادە بکا بۆ رزگاربوون چونکـە تەنیـا چەوسـاوەکان دەتوانـن رزگاری بەدەسـت بهێنن‌و چەوسێنەرەکان ئەو هەقەیان پێ‌رەوا نابینن
(مەرج نییە شـانۆ تەنیا خۆی بەڕابردووەوە سەرقاڵبکا، بەڵکو دەبێ دوارۆژیش لەبەرچاوبگرێ ئیتر ئەوشـانۆیە بەسە کەشەرحی واقیع دەکات، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بگۆڕرێ).
( بۆئەوەی سەرکەوتووبین دەبێت (شانۆی چەوساوەمان) بکەین بە میتۆدێکی سیاسی بەوزە. کاتێ بۆنمونە نمایشێکی شاراوە دەربارەی (چەوساندنەوەی ئافرەت) لەمیترۆیەکی پاریسدا نمایش دەکرێ، نابێ یەکجار پێشـکەش بکرێ بەڵکو دەبێ سـەدان جارو لەهەمان خەتی میترۆ نمایش بکرێ..
بەشی سێیەمی کتێبەکە وەک پاشکۆیەکە کەباسی وۆرک شۆپێک دەکا بوال لەسـاڵی ١٩٧٨ دەربارەی( تەکنیکی شـانۆی میللی لەئەمریکای لاتینـی) ئەنجامی داوە. لە هەشـتـەمین فیسـتیڤاڵی نێونەتەوەیی(del

Teatro in santtarcangelo di Romagna) له ئیتاڵیا.
ئەم بەشەش چەندین وێنەی مەشقی تێدایە بەسەرپەرشتی بوال.
بەشـی چوارەمیش دیدارێکـی دوورودرێژی (تۆراو)ە کەلەگەڵ بوال ئەنجامی داوە.
لەکتێبـی دووەمیدا کەلەهەمان بەرگدایە لەژێر ناونیشـانی ( مەشـق بۆ ئەکتەرو نائەکتەر) تییدا چەندین شـێوازی مەشقکردنی جەستەی دەستنیشانکردووە کەزوربەیان دەکری بەپراکتیک زیاتر لێی تێبگەین لەخوێندنـەوە. بۆنموونـە لەژێر ناونیشـانی ( مەشـق بەگشـتی) دا چەندیـن ناونیشـانی داناوەو لێیـان دەدوێ وەک ( هێڵـی یەکتربڕو بازنە، خەولێخسـتنی موگناتیسـی، بچوکترین روبـەر، پێوانی هێز ، بوتڵی رۆیشتنی سەرخۆشی، .... تاد.
لەراسـتیدا ئـەم کتێبـە یەکێکـە لەوکتێبانـەی کەخوێندنـەوەی زۆر پێویستە چونکە ئێستا لەجیهاندا ئەم میتۆدە لەلایەن سەدان گروپەوە پەیڕەدەکرێ‌و لەزۆر لەوڵاتانی جیهان فیسـتیڤاڵی تایبەتی بۆئەنجام دەدرێ.

**تێبینی:**

بۆ بیبلۆگرافیای (بوال) کەڵك لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

www.boal.de

www.arge-forumtheater.at/content/view/822/


پەیامی ڕۆژی
شانۆی جیهانیی
بۆ ساڵی ٢٠٠٩

لەلایەن شانۆکاری بەرازیلی

(ئۆگیستۆ بۆال)ەوە بەزمانی پورتوگالی نوسراوە

لەئەڵمانییەوە کراوە بەکوردی

گشت کۆمەڵگا مرۆییەکان لە ژیانی رۆژانەیاندا سەرنجراکێشن و،چەندین نمایشی تایبەت بەرهەم دەهێنن. مەزنن وەک پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان و وەک هەموو ئەو نمایشانەی کە ئێستا دەیبینی.
تەنانەت ئەگەر هەستیشی پێ نەکەین ، پەیوەندیە مرۆییەکان دەچنە قاڵبێکی شانۆییەوە: بەکارهێنانی پانتایی، زمانی جەستە، هەڵبژاردنی وشە، تۆنی دەنگ، بەریەککەوتنی بیر و هەست. ئێمە رەخسێنەری شانۆین چونکە هەموو ئەوانەی لەسەر تەختەی شانۆ ئەنجامی دەدەین، لەژیانیشدا دەیکەین.
زەماوەند و مردووناشتن نمایشن، تەنانەت هەڵسوکەوتی رۆژانەشمان کە لەگەڵیان راهاتووین و بە ئاگاییەوە تێیان ناڕوانین، بۆنە قەشەنگ و گەورەکان، قاوەخواردنەوەی بەیانیان، سڵاو لە یەکترکردن، دڵداریی شەرمن، هەست و سۆز، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پیران، چاوپێکەوتنی دیبلۆماسی_ ئەمانە هەموویان شانۆن.
یەکێ لە ئەرکە سەرەکیەکانی هونەرەکەمان ئەوەیە کارێک بکەین درک بەو هەڵسوکەوتی رۆژانەیە بکەین کە ئەکتەر تیایاندا بینەرە، تا تەختەی شانۆ ببێتە هۆڵی بینەران و، هۆڵی بینەرانیش ببێتە تەختەی

شانۆ، ئێمە هەمومان هونەرمەندین، بەهۆی شانۆکردنەوە فێر دەبین ئــەوەی دیبینین دیقەتی بدەین، چونکە ئەوانە رەفتاری رۆژانەمانن و لەگەڵیان راهاتووین، تەنیا لێیان دەڕوانین و نایانبینین، بەرهەمهێنانی شانۆش ئەو رۆشناییەیە کە ژیانی رۆژانەمان رووناک دەکاتەوە.
لە سـێپتەمبەری پارسـاڵدا بە هەڵدانەوەی پەردە لەسـەر نمایشێکی شـانۆیی سەرسـامیان کردیـن، ئێمەیەک کە وامـان دەزانی خۆمان لەژیانێکـی ئاسـوودە و دڵتەئمینایـن، لەگەڵ ئەوەشـدا کە جەنگ و پاکتاوی رەگەزی لە ئارادایە، کۆکوژی و ئەشـکانجەدان هەن، ئەگەر لە شـوێنی دوور و دواکەوتووش بن، ئێمە. ئێمەیەک کە دڵنیابووین لە ژیانی ئاسـوودەمان، پارەکانمان، یان لـەو بانکە بەرێزانەی جێی متمانەمـان بوون دانابوو، یـان دەمانخسـتنە پرۆژەیەکی بازرگانی مسـۆگەرەوە لە بازاڕەکانی بۆرسـە، لەناکاو پێمان وترا پارەکانتان بوونیـان نییـە و، تەنیا بەهایەکـی خەیاڵیان هەبـووە. ئەمە کارێکی قێزەوەنی هەندێ لە ئابووری ناسـان بوو، کە خۆشـیان نە راسـتی بـوون و نە خەیاڵ و نە جێی رێز، ئەمە هەمووی شـانۆیەکی خراپ بوو ، بەشێوەیەک کاری تیادا کرابوو، هەندێک زۆریان دەست کەوت و زیاتر دەوڵەمەند بوون و، زۆرینەش هەموو شـتێکیان لە دەسـتدا. سیاسـەتمەدارانی وڵاتە دەوڵەمەندەکان کۆبوونەوەی نهێنیان کرد و حەلی سیحریان بۆ خۆیان دۆزیەوە. ئێمەی قوربانی بڕیارەکانیشیان، هێشتا وەک بینەر  لە ریزی پشتەوەی هۆڵی نمایش، دانیشتووین .
 بیست ساڵ لەمەوبەر لە (ریۆ دی ژانیرۆ Rio de Janeiro ) ، لە شانۆگەری (فیدرا(Phaedra ی راسیندا کارمان دەکرد و من کاری دەرهێنانیم لەئەسـتۆ گرتبوو. سەر شـانۆ هەژار بوو، چەرمی مانگا لەسـەر زەوی و چەنـد پێکهاتەیەکی حەیزەرانیش لـەدەوری. پێش هەر نمایشـێک بـە ئەکتەرەکانم دەوت: (ئەو خەیاڵـەی رۆژ لەدوای رۆژ کاری لەسـەر دەکەیـن کۆتایـی هـات، کاتێ لە سـنووری ئەو حەیزەرانانـە دەرچـوون، کەس لە ئێوە هەقی ئـەوەی نییە درۆ بکا. شانۆ حەقیقەتێکی شاردراوەیە).

کاتێ پشتەوەی دیاردەکان دەبینین، لە هەر کۆمەڵگایەکدا چەوسێنەر و چەوساوە دەبینین، لەناو هەر توێژ و چین و رەگەزێکدا: ناعەدالەتی و مامەڵـەی دڵڕەقی دەبینین، ئێمـە دەبێ جیهانێکی دی بنیادنێین، کە دڵنیان لەوەی دەرفەتمان هەیە بۆ کردنی، ئەوەش لەدەست خۆماندایە کە چ جیهانێک بەدەسـتی خۆمان بهێنینە سـەر تەختەی شانۆ: سەر تەختەی شانۆی شانۆ و سەر تەختەی شانۆی ژیان.
خۆتـان لـەو نمایشـەدا ببینن کە ئێسـتا دەسـت پـێ دەکاو ،کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵەوە لەگەڵ هاوڕێکانتانا شـانۆنامەی تایبەت بەخۆتان نمایـش بکەن، ئەو شـتانە ببینن کە تا ئێسـتا درکتان پێ نەکردووە، شانۆ تەنیا ڕووداوێک نییە، بەڵکو شێوازێکی ژیانە.
ئێمە هەمووومان ئەکتەرین. هاوڵاتی ئەو کەسە نییە کە لە کۆمەڵگایەکدا دەژی، بەڵکو هاوڵاتی ئەو کەسەیە کە کۆمەڵگاکەی دەگۆڕێ.


کەرنەڤاڵی خوێن
لە شانۆیی
(ماکبێس)دا

یەکێک لە بەرهەمەکانی وەرزی شانۆیی بەڕێوەبەریتی هونەری شانۆ لە سلێمانی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی شانۆوە، شانۆیی ماکبێس-بوو، کە بە هاوکاری تیپی شانۆی چێوارو لە دەرهێنانی هونەرمەند (بەختیار جەلال) بوو، ئەم ماکبێسەی بەختیار لە شانۆنامەی ماکبێسی ولیەم شکسپیرەوە وەرگیراوەو سەرلەنوێ بەشێوازێکی تر دارێژراوەتەوە.

بەختیار دیکۆرێکی زۆر قەبەو قەشەنگی بۆ بەرهەمەکەی دیزاین کردبوو، کە شێوازی کۆشکێکی بریقەداری ئاوێنەبەندو بەشێوە جوانو دڵگیرو بەناوەڕۆک نوقمی خوێنو تاوانو پیلانگێڕان بوو، دەیویست بڵێ هەرچی تاوانی گەورەو پیلانی بێ مروەتی هەیە، لە کۆشکەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەر بۆ ئەوەی ئەو بەرگی خیانەتو پیلانانە بە باڵای سەردەمی دوای ڕووداوەکەو هەموو سەردەمێکدا ببڕێ، هاتووە لەجێی شمشێر،

دەمانچەی بەکارهێناوە، بەڵام بەهەمان رەنگدانەوەی شمشێر کە پاش کوشتن دەستیان پاک دەکەنەوە، ئەمەشیان باوەڕناکەم هەروا بە ئاسانی بەسەر بەختیاردا تێبپەڕێت، چونکە خۆی دەزانێ بەکارهێنانی دەمانچە لە دوورەوە دەست خوێناوی ناکا، ئیدی دیارە دەرهێنەر ویستوویەتی پێمان بڵێ دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوورە.
دەتوانین بڵێین لەم نمایشەدا هەموو لایەنە هونەرییەکان تەواوکەری یەکتر بوون‌و وەک یەکەیەکی جوانکاری سەرجەمی بەرهەمەکەیان بە یەکترەوە گرێدابوو، مۆسیقا لە سەرەتای نمایشەوە تا کۆتایی بەردەوام لەگەڵ رووداو و هەڵوێستەکاندا دەورێکی باڵای دەبینی، رووناکی بە تەواوی گرێدراوی باری سایکۆلۆژی کارەکتەرەکان‌و رووداو بوو، زیاتر رێخۆشکەر بوو بۆ گەیاندنی بیرۆکەی بەرهەمەکە. هەڵسوکەوتی ئەکتەر دەکرێ بڵێین بەشێوەیەکی ئەکادیمی کاری بۆ کرابوو، نەخشاندنی تابلۆی چاوتێرکەرو مانا بەخش بوو بووە کرۆکی تەعبیری حاڵەتەکان، بەگشتی بەرهەمێک بوو بە ئاشکرا ماندوبوونی بەشدارانی تیا بەدیدەکراو بینەر هەستیدەکرد کە رێزی لێگیراوەو کارێکی تۆکمەی هونەری هەمەلایەنی بۆ نمایشکراوە، بەرهەمێک کە توانایەکی زۆری بۆ تەرخانکراوەو تەقەلایەکی چاکی لەگەڵ دراوە، بەڵام...دەکرێ بۆ ئەو بەڵامە کورتە باسێک دەربارەی ئەو شاکارە بەپێزەی شکسپیر بکەین‌و پێشەکی ئەوە لەبەرچاو بگرین کە شاکارێکی وا بەناوبانگ دەبێ مامەڵەی زۆر تایبەتی لەگەڵ بکرێ، دەکری تێڕوانینی خۆی هەبێ بۆ دەقەکەو بەو شێوازە نمایشی بکەی کە خۆی بە شایستەی دەزانێ، بەڵام ناکرێ دەستکاری خودی دەقەکە بکەیت‌و بەهەمان ناویشەوە پێشکەشی بکەیت، چونکە کاتێک دەڵێی ماکبێس، ئەوە چەندین لایەنی درەوشاوەی هونەری تیادایەو دەکرێ کاریان لەسەر بکرێ‌و ببێ بە بەرهەمێکی زۆر هونەریی‌و لەگەڵ ئەوەشدا پەیامی دەرهێنەر بگەیەنێ، بەڵام کاتێ ماکبێسی جەنگاوەرو فەرماندەی سوپا بهێنی‌و لەگەڵ هاملێتی رۆشنبیری دانیمارکی تێکەڵی بکەیت‌و بەشێکی

ئۆدیبیشــی بەباڵا ببڕی، ئەوە هەقی تەواوی نووســەرەکە دەخۆیتو لایەنــە هونەرییەکانی هەر ســێ کارەکتەرەکــەش لاواز دەکەیت، تۆ کاتێک باسی خیانەتو تاوان دەکەیت، ماکبێسو لیدی ماکبێس بەسە بۆ ئەوەی بتوانی هەموو دیدی خۆت بخەیتە ســەر شانۆو بەتایبەت ئەو نازو خۆشەویســتیو ڕۆمانســیەتەی لیــدی ماکبێس کە بووەتە پەردەیــەکو بۆگەنــی خیانــەتو تاوانکاریی لەژێردا حەشــاردراوە، خۆی لە خۆیدا بابەتێکی زۆر بەنرخو مانایە بۆ نمایشکردن، بەبڕوای من پانتایی تاوان لە دەقەکەی شکســپیردا زیاترە بە کوشــتنی (شا)و تاوانبارکردنی کوڕەکانی، بە کۆبوونەوەی (شەڕ) لای جادووگەرانو لیدی ماکبێس، بەڵام کاتێ لیدی ماکبێس دەکەیتەوە بە دایکی هاملێتو دایکی ئۆدیب، تەنیا ئەوە دەســەلمێنێ کە زۆرترین شەڕو خیانەت لە ئافرەتدا کۆدەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە عەشــقو خۆشەویســتی نێوان هاملێتو ئۆفیلیاش دەخرێتە گەمەکەوەو جەمســەری گرێکەو چنینی کارەکتەرەکــە لاواز دەکا، هەریەکــێ لــەو شــاکارانە ئەوەندە جوان چنــراون، دەکرێ هــەر لایەنێک لەو ســیفەتە مرۆڤایەتییانەی بکرێت بــە کرۆکــی بەرهەم کــە دەرهێنەر مەبەســتێتی، تۆ دەکــرێ کار لە هاملێتدا بکەیت زیاتر جەخت لەســەر لایەنی عەشــقو خۆشەویستی بکەیــت، یــان تۆڵە بکەیت بە ســەرباسو کاری لەســەر بکەیت، یان خیانــەت ببێتە کرۆکــی بەرهەمەکەت..بەڵام پێویســتە لە هەموو ئەو لایەنانەدا هاملێت هەر خۆی بێو دایکی هاملێت هەمان کارەکتەر بێ و ئۆفیلیاو....هەموو ئەوانەبن کە شکســپیر نەخشــەی بۆ کێشــاونو هەر بەرهەمەش بەجیا چوونەتە قووڵیی مەســەلەکانەوە، ئەو ئۆدیبە لــە کــوێ بەگژ خواوەندەکانــدا دەچووەوەو دایکی خۆی خواســتو وەک یاخییەک دەیویست چارەنووسی خۆی بگۆڕێ (هەرچەندە بۆی نەکرا)، ئەمە چــۆن لەگەڵ هاملێتێکی ڕۆشــنبیر بەیەکتر دەچوێنرێن کــە قوربانییەو لــە ڕێی تارمایی باوکییەوە دەزانــێ کە مامی باوکی کوشــتووەو دایکیشی خواســتووە، هەموو ئەمانە چۆن دەبێ لەگەڵ ماکبێســێکدا یەکانگیر بکرێن کە جەنگاوەرێکــی جوامێرەو بە پیلانی

جادووگـەرانو مەکـری لیدی ماکبێـس تەفرە دەدریٚو ئـەو تاوانە گەورەیە ئەنجامدەدا، کاتیٚ بەکاریٚکی وا هەڵدەسـتی، دەبیٚ بزانی کە ناچـار دەبیٚ تاکلایەنە مامەڵەیـان لەگەڵدا بکەیتو زۆر لایەنی تریان پشتگویٚ بخەیتو کارەکتەرەکان داڕوخێنی.

ئەکتەر:

دیاربوو کـە ئەکتەرەکان پابەنـدی ڕێنماییەکانـی دەرهێنەر بوونو خۆشـیان هەوڵی خۆیانـداوەو داهێنانی خۆیانکـردووە، کاتیٚ (دالیا عوسمان چێوار) لە دەوری (لیدی ماکبێس)دا دەیبینین ماندووبوونو توانـای خۆی خسـتبووە کار تا بتوانـیٚ لەو چەنـد کارەکتەرە لیٚک گرێدراوەدا خۆی بدۆزێتەوە، کاریٚکی ئاسان نییە لە دایکیٚکی دڵسۆزو میهرەبانەوە ببیتەوە بە تاوانباریٚکی بیٚسنوور لە بەرگی شەیتاندا، پڕ لە قینو بیٚ بەزەیی لە پێناوی بەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتدا، شتێک لەم بەرهەمەدا بە هەڵە بەکارهاتبوو دەمەویٚ لەم دەرفەتەدا باسـی لیٚوە بکـەم، ئەویش خودی ناوەکەیە (لیدی ماکبێس)، لیدی بە مانای خانم یان خاتوون، ماکبێسـیش نازناوی خێزانەکەیە، ئەمە لە سـکۆتلەنداو لـە زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا خێزانیٚک یەک نازناو هەڵدەبژێریٚ ئیـدی نازناوی پیاوەکە بیٚ یان ئافرەتەکـە، بۆیە کاتیٚ دەڵیٚی خاتوو لیـدی وەک ئـەوە وایە بڵیٚی خاتوو خاتوو، یـان خانمی لیدی یەعنی خانمـی خانـم، ئینجا نازانم ئەو هەڵە گەورەیە چۆن بەسـەر هەموو کاسـتەکەدا تێپـەڕ ببـوو، بەهەرحـاڵ دالیا لـەو دەورەیدا شـێوەی جووڵەو توانای دەنگی زۆر لە باربوون بۆ ڕاگرتنی ئەو قورساییەی ئـەو کارەکتەرە پێکچوانە بخاتە بەرگێکەوەو پارسـەنگییەکە وننەکا، لە ڕاسـتیدا دالیای هونەرمەند توانایەکی بەهرەدار بوو و توانیبووی بوونی خۆی لەسـەر شانۆ بسـەلمێنیٚ، هەوڵو تەقەلای دالیا ئاشکرا بوو، بەڵام ماندوبوونێکی وای پێوە دیار بوو کە هەسـتتدەکرد تەنیا یەک نمایشـی پیٚ ئەنجامدەدریٚ، ئەمـەش گرفتی زۆربەی ئەکتەری کوردە کە بەردەوام مەشـقی جەستەو دەنگ ناکەنو لەیەک نمایشدا ئەوەندە فشار دەخەنە سەر خۆیان، کە هەستدەکەیت ناتوانیٚ بۆ چەند

ڕۆژێـک بەهەمان وزەو توانــاوە بەردەوامبێت، بۆیە پێویسـتە دالیا دەنگو جەسـتەی خۆی بە مەشـقکردنی بـەردەوام ڕابهێنێ، چونکە بەهرەو توانایەکی زۆر چاکی هەیە کە تەنیا بە مەشـقو ڕۆشنبیری زاخاو دەدرێو دەبێتە توانایەکی کەم هاوتا.
جووڵەو سـەمای تارماییەکان تەواو شـیاوبوون لەگەڵ سـەرجەمی دیمەنەکـەدا، هەروەهـا هەرسـێ جادووگەرەکـە (شـانۆ ئیبراهیـم مەتۆ، بێسـتوون سـاڵح محەمەدو ڕەوەند تەها ئەحمەد) سیانەیەکی زۆر جوانیان نمایشـدەکردو شـێوە هەماهەنگییـەک لەنێوان نرکەو جووڵەیانـدا بوو کە بینەر هەسـتیدەکرد هەوڵێکی زۆریانداوەو زۆر کاریان لەگەڵکراوە تا بتوانن بەو ڕیتمە یەکسانە کاربکەن.
(ئالان هادی جەلال) تاڕادەیەکی زۆر پابەندی ئەو سنوورە تەسکە بوو کە دەرهێنەر بۆی دەستنیشـانکردبوو، ئالان توانایەکی بەهرەمەندەو لەچەندین بەرهەمی تردا توانای خۆی سەلماندووەو لەم بەرهەمەشدا بە هەموو توانای خۆی هەوڵیدابوو، بەڵام لە کارەکتەرێکی شێوێنراودا (ماکبێـس‌و هاملێت‌و ئۆدیب) ماکبێسـێکی جەنگاوەری کەوتووی ناو تەونی مەکرو پیلان‌و هاملێتی عاشق‌و ئۆدیبی یاخی چۆن دەتوانێ بە ڕوونی هەموو لایەنەکانی کارەکتەرەکەی شیبکاتەوەو بە چرکەساتێ هەسـتو سـۆزو هزریش بگـۆڕێو پابەندیـش بێ بە سـەرجەمی نمایشـەکەوە، بـەڵام لەگەڵ ئەو هەموو قورسـاییەش کـە خرابووە سەر کارەکتەرەکەی، ئالان توانیبووی تا ڕادەیەک خۆی لە نووتەکی کارەکتەرە ئاڵۆزەکە دەربازبکاو توانای خۆی بسەلمێنێ.
(دەریا جەمال شوکر) لە دەوری کارەکەری یەکەم‌و ئۆفیلیای عاشق‌و هێمـای جوانی‌و ویژدانـی پاک‌و تەنیا تروسـکایی لە شـەوەزەنگی نووتەکی کۆشکدا، توانیبووی ئەو مەرگەساتە بەرجەستەبکا کە سۆزو خۆشەویستی‌و پاکی ناتوانن زریانی قین‌و خیانەت‌و خوێن بەربەست بکەن، هەروەها سـەرجەمی بەشـداربووانی تریش توانیبوویان، ببنە بەشـێکی تەواوکەری نمایش‌و ڕاگـری ڕیتمی بەرهەمەکەو گەیاندنی ئەو بیرۆکەیەی ئامادەکارو دەرهێنەر مەبەستیان بووە.

دیکۆر:
لــەم نمایشـــەدا دیکۆرێکی زۆر جوانـــی پتەو بـــە ئەنجامگەیەنرابوو، وەک وتمان دەرهێنەر مەبەســتی بوو کۆشــکێکی زۆر قەشــەنگمان بـۆ دیاری بکا کە ژیان تیایدا وەک دۆزەخە، لەگەڵ ئەوەشــدا دەکرا دەرهێنەر مامەڵەیەکی ئەکتیڤی لەگەڵ ئەو دیکۆرە گەورەیە بکردایەو ئــەو هەموو ئاوێنە بــەرزە جوانەی بەکاربهێنایە، نــەک تەنیا چاوی بینەر تێربکا.
هەروەهــا رووناکیــش بەتەواوی لەگــەڵ رووداوەکانــدا (نەک یەک رووداو) دەڕۆیو توانیبووی لەگەڵ هەر چرکەســاتێکدا رۆڵی خۆی ببینیو رەنگدانەوەی باری ســایکۆلۆژیی کارەکتەرەکان بیو دەوری تەواویشی هەبوو لە قووڵکردنەوەو روونکردنەوەی پانتایی.
لەلایەنێکی تری نمایشــدا مۆســیقا ریتمی ســەرجەمی نمایشــەکەی راگرتبوو، پانتاییەکی باشــی داگیرکردبوو بۆ کارکردنە سەر هەستی بینەرو یاریدەدەری جوڵەو بەرجەستەکردنی ئەکتەرەکانیش بوو.
لــە کۆتاییــدا دەمەوێ ئــەو راســتییە بدرکێنم کــە ئێمە لەو شــێوە بەرهەمانەمــان زۆر دەگمەنــە کــە هەموو لایەنــە هونەرییەکان بەو شــێوازەو ئەو هەمــوو کارکــردنو ماندووبوونە بەرهــەم بهێنرێو شێوەیەکی کەرنەڤاڵیی شیوەنئامێزی خوێنمان بۆ نمایشبکا.
من دەمەوێ لە بەختیاری هونەرمەند بپرســم: ئایا ناکرێ بە هەمان میتــۆدو شــێواز بەرهەمێکی ســەمائامێزی رۆمانســی بخاتە ســەر شــانۆ کــە هەر یەکێــک لەئێمە لــەم کۆمەڵگــە جەنجاڵەدا پێویســتی پێیەتی؟! ( لەراســتیدا نامەوێو هەقی ئەوەشــم نییە دەست لە کاری دەرهێنــەر وەردەمو گرنگتریــن لایەنــی بــۆ دەستنیشــان بکــەم کە هەڵبژاردنی دەقە، بۆیە لەشــێوەی پرســیاردا ئاراستەی دەکەم) ئایا کاتــی نەهاتووە لایەنەکەی تری بەها مرۆڤایەتییەکان نمایشــبکەینو لایەنە مەعریفییەکەش بە ستاتیکاوە گرێ بدەینەوە تا کەمێک ناخمان بشواتەوەو هەست بە بوونی خۆمان بکەین؟

*ئەم شانۆییە لە ٢٨-٢٠٠٨/٣/٢٩ لە هۆڵی رۆشنبیریی سلێمانی نمایشکراوە.


شانۆگەری
(زنە)و شێوازی
دەربڕین

بەدەر لەهەر ڕێبازو شێوازێکی دەربڕینو میتۆدی کۆنو نوێو لەهۆڵی شانۆو دەرەوەو بەدیالۆگو بەوێنەو دانس یان تابلۆ وابەستەی ئەم ئایدیۆلۆژیا یان ئەو فەلسەفەو بەهەر شێوەیەکی دەربڕین، بەرهەمی شانۆیی کاتێک دەتوانێ جێگیر بێو کاری خۆی بکا کەشتێک لای بینەر بەجێ بهێڵێ. کاتێ بینەر لەشوێنی نمایش هاتە دەرەوە بیرۆکەیەک، هەڵوێستێک لەهەست یان هزریدا جێگیر بوو بوو، ئەوە بەدڵنیاییەوە نمایش بەشێکی سەرەکی ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندووە.

شانۆگەری (زنە)ش بەرهەمێکی هاوبەشی ستۆدیۆی ئەکتەرو بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ/ سلێمانی بوو لەنووسینو دەرهێنانی هونەرمەند کاروان عەبدوڵلا سۆفیو لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی رۆژانی ١١/٢٩ تا ٢٠٠٨/١٢/٢ پێشکەشکرا. ئەم بەرهەمە بابەتێک (یان چاکتر بڵێین) چەند بابەتێکی هەستیاری وروژاندبوو. وابەستە بەشێوازی ریالیزمو زۆر ساناو بێ قۆرتو قورس کردن دەربڕیبوو، کەدەڵێین ساناو سەلسو بێ قۆرت، مەبەست لەوە نییە دەقەکە لاواز بێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە خاڵێکی بەهێزی نمایشەکەیە و بەسەرجەمی ئەو ئاسانکارییە توانیویەتی زیاتر لەڕووداودا قووڵ بێتەوەو کاراکتەرەکان بەبینەر بناسێنێو بتوانێ هزریش لەگەڵ سۆزدا بەرەو یەک ئامانج

بـەرێ.. چونکـە لەڕاسـتیدا ئەگـەر قوڵترین فیکـرو ئاڵۆزتریـن بابەت بەوشـەو جووڵەو مەنـزووری ئاسـان دەربڕی زۆر ئاسـانتر دەگات لەوەی بیرۆکەیەکی ئاسان ئاڵۆز بکەیتو سەری گلۆڵەکە لەهونەرمەندو بینەریش بزر بکەیت.

لەنووسـینی دەقێکی هاوشـێوەی (زنە)، دەبێ نووسـەر زۆر بەئاگابێ لەبینـای کاراکتەرەکانـی، چونکـە کاراکتـەر رووداو دروسـت دەکاو هەڵوێسـت وەردەگـرێو دەبێتە هەوێنی کێشـەو بـەرەو پێش چوونی رووداو، ململانێو، کاروانیش لەسەر ئەو شێوازە کاری کردووەو بینای کاراکتەرەکانـی ئەنجام داوە. هنریک ئیبسـن دەڵـێ: (من کاراکتەرەکان دەنەخشـێنمو ئـەوان شـانۆنامەکە ئەنجـام دەدەنو، هەنـدێ جاریش بـەو شـێوەیە ئەنجامەکە بەدەسـتەوە نـادەن کەمن مەبەسـتم بووە). کەواتـە بنیادنانی کاراکتەر لە نووسـینی شـانۆییدا مەرجێکی بنەڕەتیە بـۆ سـەرکەوتوویی دەق، نەک تەنیا لەشـێوازی ریالیزمیدا، بەڵکو هەر لەکلاسـیکو نیو کلاسیکو رۆمانسـیو.. تا دەگاتە ئەبسۆردو تەنانەت رێبازە نوێیەکانی دەربڕینی دەقی شـانۆییش، هەر بۆ نموونە دەپرسین ئەگـەر بیکێت کاراکتەرەکانی باش بنیـاد نەنایە دەیتوانی (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) بەو شـێوازە بنووسـێ؟. بەهەمان شـێوە لەهەمـوو ئەو دەقە شانۆییانەی لەئەسخیلۆسەوە تا ئیمڕۆ بەدەستمان گەیشتوون بنیادنانی کاراکتەر سەرەتای نووسینی دەقی نەمر بوون، تەنانەت هارۆڵد پنتەریش لەشـانۆنامە کورتە دیالۆگ پچڕپچڕەکانیـدا کاراکتەرەکانی وابنیادناون کەبیانگەیەنێتـە ئەو ئەنجامەی خۆی مەبەسـتێتی. بۆیە دەتوانین بڵێین کاراکتەرەکانی شانۆنامەی (زنە) جوان نیادنرابوونو توانیان ململانێکە بهێننـە کایەو لەلایەکـەوە خۆیان بەبینەر بناسـێننو لەگـەڵ رووداوو ململانێشدا گۆڕانکاری بەسەر خودی خۆیاندا بهێنن.

لەلایەکـی ترشـەوە رابـردووی خۆیـان بەیان بکـەن بـێ گێڕانەوەی پێشوەختی ناوەخت.

دیـارە ئەوەی لێرەدا باسـی لێوە دەکەین کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤیشـی هەیە لەسـەر ئەو ئەکتـەرەی کاراکتەرەکە بەرجەسـتە دەکاو دەتوانێ

لەڕێی داهێنانی خۆیەوە زیاتر ئەو کاراکتەرە بەبینەر ئاشنا بکات.
کاروان بیرۆکەیەکی لەقاڵبدراوی نەهێناوە لەسەر یەک هێڵ بڕوا، بەڵکو دینامیەکی تیا بەدی دەکرێ کەتەنیا هەڵشـانو داکشـانی شاقوڵی نییە، بەوەش زیاتر توانیویەتی پانتاییەکی زیاتر بۆ بیرۆکەکەی بڕەخسێنێو زیاتر بابەتێک بوروژێنێ بێ ئەوەی بینەر هەر بەبارسەنگی گەمەی چەند بابەتێک بکا، چونکە بابەتەکان وابەستەی یەکترنو لێک جوێ ناکرێنەوە.
دەبینین باس لەو چارەنووسو کارەساتە دەکات کەلەئەنجامی کۆڕەوەکە کەوتووەتەوە، ئیدی بێ لەوەی دروشـم بەکاربهێنێو راسـتەوخۆ لەو رژێمـە خوێنڕێژە بکا کەبووە بەهـۆی ئەو هەموو نەهامەتییە. لەلایەکی ترەوە بـاس لەتوندوتیژی بەرامبەر مێینـە دەکا، بەڵام لەجیاتی ئەوەی راسـتەوخۆ باسی لێوەبکا، کردوویە بەرووداو، خستوویەتییە قاڵبێکەوە کەبینەر هەست بەو نەریتە قێزەونە بکا.
کەواتـە دەتوانین بڵێیـن بنیادنانی کاراکتەرەکانی (زنە) نەخشـەیان بۆ کێشـرابوو و بـەو شـێوەیەی کەبتوانن مامەڵـە لەگەڵ یەکتـر بکەنو ململانـێو قۆرتو گرێی دراماکە بەجوانـی بچنو رووداو بهێننە کایە، هەربۆیـە کاروان نەیتوانیـووە (یـان چاکتـر بڵێین) نەیویسـتووە لای خۆیەوە زیادەڕۆیی بکاو دەست لەرووداو وەردا.
لەگەڵ ئەو هەموو جوانکارییەی لەدەقەکەدا کاری لەسەر کراوە، هەندێ سەرنجیش هەڵدەگرێ کەباسی لێوە بکرێ. بۆنموونە ئەگەر سەرجەمی بینراوەکانـی بکەین دەبینین بازدانی لەهەڵوێسـتێکەوە یان بینراوێکەوە بـۆ ئـەوی دی بێ لەتێرکردنـی دیالۆگەکەو پەڕینەوە بـۆ لایەنێکی تر، زیاتر دەقەکەی بەرەو درامایەکی تەلەفزیۆنی دەبرد کەسیناریۆیەکی بۆ نووسرابێو بەگرتەی خێرا بپەڕێتەوە. دیارە ئەوەش ریتمێکی خێراتری بەبەرهەمەکە بەخشـیبوو لەگـەڵ ئەوەی کەنەدەکرا لەو شـێوە دەقەدا زمانی تایبەتی شانۆ بەکاربێ، کەزۆر جیاوازە لەزمانی ئاسایی خەڵکی، دەبـوو شـێوازی بەکارهێنانی رسـتەو وشـەی کاراکتـەرەکان (بەپێی ئەو نەخشـەیەی بۆ بنیادنانیان کێشـرابوو)، لەیەکتـر جیابکرانایەتەوە. لەلایەکـی تـرەوە نووسـینی ئـەو نامانانـەی لەکابرایەکـی فارسـەوە

دەنووسـرێ بەناوی کوردێکی باشـوورەوە، لەشێوازی نووسیندا زۆر جیـاوازە، چونکە هەموومان دەزانین کەدانیشـتوانی ئێـران بەخەتێکی تایبەت دەنووسنو زۆر جیاوازە لەنووسینی کوردێکی باشوور، پاشان ئەو فارسـەی کەبەتەواوی زمانـە کوردییەکەی پاک نەبووەتەوە، چۆن دەتوانێ بەو زمانە کوردیە پاراوە نامە بنووسێ.

**دەرهێنان:**

کاروان ئەو دەقەی بەو نیازە نووسیوە کەخۆی کاری دەرهێنانی بۆ بکا هەروەها ئاشکرایە کەلەگەڵ نووسینیدا نەخشەی دەرهێنانیشی کێشاوە، یان بەشـێوەیەکی تر بڵێین نووسـینی دەقو پلانی دەرهێنان هاوتەریب بوون.

لەم بەرهەمەدا کاروان لەسەر یەک پانتایی کاری کردووەو هەوڵی داوە چۆن دەقەکە بێ رتوشـی نووسـراوە، هەر بەو شێوە سانایەش بیخاتە سەرشانۆ لەپێناو گەیشتنی کرۆکی بابەتەکە. بۆیە جووڵەی بێ مەرامو بێ پاشـاو زۆر کەم بەدی دەکرا. دیارە کارکردن لەسـەر یەک پانتایی بیرۆکـەی دەقەکە زاڵ دەکا بەسـەر تەکنیکی دەرهێنانـدا بەو مانایەی ئیسـتاتیکا لەناو خودی مەعریفەدا بەدی دەکرێ، لەو حاڵەتەشـدا دەبێ بەلایەنەکانـی تـری تەکنیکی دەرهێنان معالەجە بکـرێ، وەک کارکردن لەسـەر ریتم، بۆیـە کاروان زیاتـر هەوڵی دابوو زۆربـەی حاڵەتەکان بەریتمێکی خێرا بەرجەستە بکا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەخۆی بەئـاگاوە کاری بـۆ کردبوو. ئەو دەیزانی کە دیکـۆرو رووناکی لەگەڵ جووڵـەی بـێ موبالەغەی ئەکتەر چـاوی بینەر تێر دەکـەن، هەر بۆیە مەودای ئەو پانتاییەی بۆ داهێنانی ئەکتەری فەراهەم کردبوو، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی کاراکتەرەکان لەلایەن ئەکتەرەوە، ئەمەش زیاتر هەلی بۆ ئەکتەرەکان رەخساندبوو، بتوانن توانای هونەری خۆیان بسەلمێننو جەمسەری ریتمەکە لەژێر کۆنترۆڵیاندا بێ، هەرچەند جاروبار هونەرمەند ئازاد فاتیح (رەنگە بەهۆی ئەو دیالێکتە تایبەتەی بۆ دیـاری کرابوو) نەیدەتوانی قفڵی دیالۆگ وەرگرێتەوەو بەلاوازیش قفڵی

دەدایەوە، ئەوەش بەشـێوەیەک لەشێوەکان کاری دەکردە سەر ریتمی هەندێـک لەدیالۆگەکانو کاراکتەرەکانی تریشـی ناچار دەکرد بەهەمان شێوە دیالۆگی لێوەرگرنەوەو ئەو خەلەلی ریتمە چارەسەر بکەن.
کاروان نەهاتووە سەرشانۆ قەرەباڵغ بکاتو سەرنجی بینەر بەلای شتی لاوەکیدا راکێشـێ، بۆیە توانی هەرچی لەمـەودای بینیندا بوو بەکاریان بهێنێو کاریان لەسەر بکا، بەردەمی ئوتێلێکو شەقامێکی پان، خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شێوازی دەقە ریالیزمیەکە ئەوە دەبوو رووداو لەژووورە داخراوەکاندا بووایە نەک لەسـەر شەقامێکی گشتی بەتایبەت لەبینراوی ئەو نیمچە سـەیرانەدا کەگۆشـتی تیا دەبرژاو لەسەر چەقی شەقامەکە بەئەنجام گەینرا، هەرچەندە بەکورسییەکی شوێنە گشتییەکان واهەست دەکـرا کەئوتێلەکـە باخێکی بچووکـی لەپەراوێزدا بێ، بـەڵام ئەو باخو رارەوەش بۆ ئەو بینراوە بەکارنەهات. هەروەها ئەو بینراوەی کەخاوەن ئوتێلەکە دەیەوێ (زنە) لەسـەر چەقی شـەقامەکە ئەتک بکا، ئەمیشیان دەکەوێتە دەرەوەی لۆژیک. دیسـان ئەگەر جارێکی تر هەڵوێسـتەیەک لەسـەر شـوێنەکە بکەین، دەبینین شەقامێکی گشـتی بەر ئوتێلێک تەنیا ئەو پێنج کەسـە تەراتێنی تیا دەکەنو تەنانەت رێبوارێکیشـی پیا تێپەڕ نابێـت، رەنگە ئەم حاڵەتەیـان بەهۆی ئەو بەرجەسـتە کردنە جوانەوە ئەوەندە هەستی پێ نەکرابێ.

## ئەکتەر:

کاروان لەنووسـینی دەقەکەدا کارئاسـانییەکی باشـی بۆ ئەکتەرەکانی کردووە بەبنیادنانـی توندوتۆڵی بێ قۆرتی کاراکتەرەکان بۆیە دەبینین ئەکتـەرەکان هەریەکەیان بەپێی توانای داهێنانو رادەی رۆشـنبیریو وزەی جەسـتەو دەنگ رۆڵەکانیان بەرجەسـتە دەکردو لەهەمووشیان دیاتر هونەرمەند (رێباز محەمەد غەریب) بوو کەرۆڵی خاوەن ئوتێلێکی بەتەمەنـی دەدی، ئـەو کاراکتەرە چاوبرسـیو تەماعـکارە، ئامادەبوو لەپێناو پارەدا هەموو شتێک بکا، بەرامبەر ئەوەش کەدەکەوێتە باوەشی تاوانەوە ترسی لێپرسینەوەی یاسا (نەک ویژدان) بەهۆشی دەهێنێتەوە،

هەر ئـەو ململانێ دژبەیەکەی کاراکتەرەکەش هەنـدێ لایەنی کۆمیدی پێ دەبەخشێ.
ڕێبازێکی گەنج توانیبووی بەبەهرەمەندی خۆی بیسـەلمێنێ کەدەتوانێ لەکاتی نمایشـدا قەناعەتمان پێ بکا کەئەوە پیاوێکی پیری بەساڵاچووە، نەک ڕێبازی گەنج. لەراستیدا ڕێباز لەگەڵ دەرکەوتنیدا دەیتوانی هەموو سەرنج بینەران بۆلای خۆی ڕاکێشێو تەواوی شانۆکە داگیر بکا. دیارە ئەمەش ئەو منافەسـە شەریفانەیەیە کەبەرامبەرەکەشی ناچار دەکا یان خۆی ماندوو بکاو داهێنان بکا، یان لەسەر شانۆ بکەوێتە پەراوێزەوە.
کاراکتەری (مریەم) دیسـانەوە کاراکتەرێکی هەمە لایەنەیەو هونەرمەند (سـۆزان بابا عەلی) توانیبووی زۆر سـەرکەوتووانە بەرجەستەی بکا. کچێک دایکو باوکی خۆی نەدیوە، لەنامۆییدا لەباوەشـی خۆشکەکەیدا پەروەردەکراوە، کەئەویش خۆی منداڵ بووە. کاتێ فامی کردووەتەوەو بـووە بەئەکتـەرو تەونـی جاڵجاڵۆکەیـی مۆراڵی ناجۆری تـاران هەر لەهەرزەییـەوە دەیخاتــە بەر فشـاری بوختانێکی بەدڕەوشـتی، بەڵام لەگەڕانەوەیدا بۆ باشووری کوردستان هەست بەجۆرە دڵنیاییەک دەکا، دەگەڕێتەوە ئامێزی ئەو نیشـتمانەی لێی زەوت کرا بوو، بۆیە دەبینین دەیەوێ ممارەسەی ژیانی هەرزەیی خۆی بکاتەوەو ئەو وزە کپکراوەی بەپراکتیک بگەڕێنێتەوەو لەسـنووری مۆراڵیش دەرنەچێ، بۆیە دەبینین دڵسـۆز، عەیـار، وەک دەفتەرێک کراوەو بێ گرێ، دەیـەوێ یاخی بێ بەڵام تەونی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی فرسـەتی بۆ ناڕەخسێنێ، بەڵام بێ باکە لەوەی ئەو تاوانە پێوەلکاوەی پووچەڵ بکاتەوە چونکە کەس گوێ لەپاکانەکانـی ناگرێ، بەڵام ئەم لەناخەوە پاکەو لەسـەر ئەو بنەمایەش هەڵسوکەوت دەکا. سـۆزان توانیبووی پڕاوپڕ ئەو کاراکتەرە لێکچووە لێوان لێو لەکێشـەو ستەمدیدەیە بەرجەسـتە بکاو بوونی لەسەر شانۆ بسەلمێنێ.
(زنـە) پاڵەوانی سـەرەکی شـانۆگەریەکەیەو هونەرمەنـد (هێرۆ جواد) بەرجەسـتەی دەکات، ئـەو کاراکتـەرە کەلەتەمەنـی سیانزەسـاڵییەوە ئەرکی بەخێوکردنی خوشکە ساوا تاقانەکەی لەژیانی نامۆییدا لەئەستۆ

دەگـرێ‌و لە کۆمەڵگایەکی داخراوی بێ بەزەییـدا وەک نوقومبوویەکی مەلە نەزان تەنانەت پەنا بۆ چڵە پووشێکیش دەبا لەپێناو دەرباز بوونی لەو تووندڵە نووتەکەی ژیانی غەریبی، بۆیە ناسینی (ئەیووب)ی کوردی باشوور دەبێتە ڕۆشناییەکی پیرۆزو هەموو ناخی داگیر دەکا. ئەیووب تەنیـا ئومێـدی زنەیە، بـەڵام کاتێ ئەیـوب دووردەخرێتـەوەو لەلایەن هاوڕێیەکی فارسـیەوە زیندانی دەکرێ، زنە بەدوایـدا وێڵە، هەرچەندە جەنگیز کەلەپێناوی خۆشەویسـتیدا بۆ (زنـە) ئەو تاوانەی ئەنجامداوە، زنـە هەر دەسـتبەرداری ئەیووب نابـێ‌و نایەوێ ئەو ئومێـدەی زیندە بەچـاڵ بکرێ. ئەم کاراکتەرە لەگـەڵ نابەزەیی کۆمەڵگە ڕاهاتووە بەڵام بەلەدەستدانی ئاواتەکانی شکست دەخواو هەرەس دێنێ. هێرۆ جوادیش توانیبووی ئەو کاراکتەرە پڕ لەقۆرت‌و کێشەیە بەرجەستە بکاو هەموو توانایەکی دەخستە گەڕ تا بتوانێ ڕیتمی ڕووداو بهێنێتەوە بەڵام چونکە زۆربەی ڕۆڵەکەی لەگەڵ جەنگیزدا بوو، زۆر هەوڵی دەدا.

جەنگیز کاراکتەرێکی فارسـەو لەخۆشەویستی زنە خۆی فێری کوردی کـردووەو بەنیازی خراپەوە هاوڕێیەتی ئەیووب دەکا تا لەزنەوە نزیک بـێ. ڕۆڵی ئـەم کاراکتەرەش هونەرمەند (ئازاد فاتیح) نمایشـی دەکرد. ئـەم کاراکتەرە هەموو تاوانێکی لەژێر پـەردەی هاوڕێیەتی‌و خۆ نزیک کردنـەوەدا حەشـاردا، ئـازاد توانیبـووی هـەر لەسـەرەتاوە هەندێک لەقورسـی‌و ناجـۆری ئـەو کاراکتـەرە بەرجەسـتە بکاو بـەر لەوەی دەرکەوێ کەتاوانبارە ڕۆڵی چاودێرێکی دەگێڕا بەسەر زنەو مریەمەوە، بـەڵام دیارە ئـەو دیالیکتیکە تێکەڵە فارسـی‌و کوردیـەی کاراکتەرەکە کارێکی نێگەتیڤی کردبووە سەر نمایشی ئازاد، چونکە ئەوەندەی خەیاڵی لای فۆنێتیکـی زمانەکە بوو ئەوەندە نەئەپەرژایە سـەر ڕاگرتنی ڕیتمی سەرجەمی بینراوەکان.

بەڵام یوسـف کەخۆشەویسـتی مریەمەو لەکوردستانی باشوور مریەم دەناسێ، کاراکتەرێکی گەنجەو دەیەوێ بەرگری لەمریەم‌و زنە بکاو تەنیا کاراکتەری پۆزەتیڤی پیاوە لەسـەرجەمی شـانۆگەریەکەدا، بەڵام دیارە لەبەرئەوەی کاراکتەرێکی زۆر سـاناو سـادەو بێ کێشەی ناخی خۆی

بوو، ڕۆڵەکەی بەیەک شـێواز بەرجەستە دەکرا وەک چۆن هونەرمەند (سۆران ئەکرەم) بەرجەستەی کرد.
دیارە لەسەر نەخشەی شانۆنامەکە کەلەشێوەی سیناریۆدا نووسرابوو بەڵام هەمووی لەیەک شوێندا کۆکردبووەوە، دەبوو دیکۆرەکەی جێگیر بـێ‌و ئاوێنەی حاڵەتـە دەروونییەکان بێ بۆیە دەتوانیـن بڵێین دیزاینی دیکـۆر لەلایـەن هونەرمەند (بەختیـار جەلال)ەوە بەجوانی کێشـرابوو هونەرمەندانی جێبەجێ کاریش (ئاریان عومەرو عاسی محەمەد ڕەمەزان) بەشـێوازێکی زۆر جوان‌و جێگیر ئەنجامیان دابـوو، دیکۆرو ڕووناکی ئەوەنـدە چاوتێرکـەر بـوون کە هەسـت بەهیچ کەماسـیەک نەدەکراو وەک تەواوکەری یەکتر سەرشـانۆیان نەخشـاندبوو بەشـێوەیەک کە وەک گرتەیەکی سـینەمایی یان فۆتۆگراف خـۆی دەنواند. دیارە کاری ڕووناکیـش هونەرمەنـدان (هێمن نـەوزادو ئەمیـر ڕەزا) بەئەنجامیان گەیاندبوو.
دانـا محێدین کەکاری مۆسـیقای بۆ کردبوو زیاتر نزیـک بوو لەناخی کاراکتـەرە سـەرەکیەکانەوە (زنەو مریـەم‌و جەنگیز) کەپـەروەردەی ئێرانن‌و ئێستا لەباشووری کوردستانن، مۆسیقا تام‌و بۆیەکی مۆسیقای ئێرانی پێوەبوو، بەنەفەسێکی کوردی.
جێـی خۆیەتـی جارێکی تـر بگەڕێینەوە سـەر کۆتایی شـانۆگەریەکە کەبەکراوەیی ماڵئاواییمان لێدەکا، کاروان نەهاتووە لەسـەر شێوازێکی میلۆدرامـی هەموو گرێکانمان بۆ بکاتەوەو لەچرکەیەکدا هەموویمان بۆ یەکالا بکاتەوە، بەڵکو زیرەکانە بابەتێکی هەستیاری وروژاندووەو باقی حەلەکەشی بۆ بینەر بەجێهێشتووە.
ئەوەی ماوە بیڵێین پیرۆزباییو دەستخۆشـیە لەهەموو بەشدارانی ئەو بەرهەمە کـەزۆر بەخەمخۆریەوە کاریان تیا کـردووەو توانیویانە ئەو نمایشـە جوانە بەرهەم بهێنن، لەکاتێکدا کە بزاڤی شـانۆییمان پێویستی بەهەموو شێوازو ڕێبازەکانی دەربڕینە.


شانۆ وەک
شێوازێکی
خەبات لە
کوردستان

نووسینی : هاوڕێ زەنگەنە
رانانی : ئەنوەرقادر رەشید

ئەوەندەی من ئاگادار بم ئەم کتێبە تەنیا کتێبە کە بە زمانی ئەڵمانی باس لە شانۆی کوردی دەکات (بەتایبەت لە باشووری کوردستان) کتێبەکە بە قەبارەی مامناوەندییەو دووسەد لاپەڕەی لەخۆ گرتووە و (بەرهەمی کلتووری جیهانی) لە ساڵی (٢٠٠٢)دا بە چاپی گەیاندووە, کتێبەکە لەلایەن هونەرمەند هاوڕێ زەنگەنەوە نووسراوە کە لەدایکبووی شاری کەرکووکەو ئێستا لە شاری میونیخی ئەڵمانی نیشتەجێیەو دەبێ تێزی دکتۆراکەی ئامادە کرابێ بۆ تاوتوێکردنی ئەم کتێبە بە پێشەکییەکی دوو بەشی دەست پێ دەکات، کە لە بەشی یەکەمیدا باس لە نەتەوەی کوردو دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتدا و ئەو چەرمەسەریانەی لەمیانەی داگیرکردنی خاکەکەیەوە بەسەریدا هاتووەو دێ. بەتایبەتیش لەم بەشەدا باس لە باشووری کوردستان دەکات بە ئۆتۆنۆمیەکەی (٧٠-٧٤) و جەنگی درێژخایەنی عێراقو ئێران،پاشان دێتە سەر رژێمی بەعس کە چۆن هەموو ئامرازەکانی راگەیاندنی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی و یەکێکیش لەو ئامرازانە شانۆ بوون .

لـە بەشـی دووەمـی پێشـەکییەکەیدا دەڵـێ (دەمـەوێ لەڕێـی ئەم بەرهەمەوە هەندێ ڕۆشـنایی بخەمە سەر شـانۆی کوردی و چۆن بووەتە شـێوازێکی خەباتو کاری کردۆتە سەر کۆمەڵگەی کوردی) هەروەها باس لەو بابەتە دەکات کە لە ئەڵمانیا و هەموو ئەورووپاش تەنیا دوو نامەی ماجسـتێری لەبەردەسـتدایە کـە یەکێکیان باس لە سەماو شانۆ دەکات لە باشووری کوردستان لە سەدەی بیستدا، ئەو نامەیەش لە ڤێنای پایتەختی نەمسا نووسراوە، هەروەها دکتۆر (حمه شـوان جافەر)یش نامیلکەیەکی لە فەڕەنسـا نووسیوە بە ناونیشانی (کورد لە هەندەران) و بەشێکیش بۆ شانۆی کوردی تەرخان کردووە, پاشـان دەڵێ کە ئینسـتیتیوتێکی زانسـتیمان نییە بتوانین کەڵکی لێ وەربگرین ئیدی دەچێتە باسـی ئەوەی کە سـەرچاوە لەبەردەسـتدا نییـە بۆ ئەو (نمایشـە شـانۆییانەی) کەپێشـکەش کـراون, تەنانەت ئـەو بەرهەمانـەی بە کامێـرای ڤیدیۆش گیـراون. کوالێتیان خراپەو ئەوانەش کە بۆ تەلەفزیۆنەکان پێشـکەش کراون بینەریان تیادا نییە، هەروەها دەڵێ تەنیا تۆماری ڤیدیۆیی کە لەبەردەستیدا بووە نمایشی (لە چاوەڕوانی سـیامەند)دا بووە. ئیدی بەردەوام دەبێ لەسـەر ئەو بابەتانەی دەستی کەوتووە بۆ توێژینەوە و بەرهەمهێنانی ئەم کتێبە. هاوڕێ زەنگەنە کتێبەکەی کردووە بە چوار بەشـی سەرەکییەوە کە بریتیە لە:.

١- شـانۆ وەک بابەتێکـی ڕاگەیانـدنو کۆنترۆڵکردنـی تـەواوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن: ئەم ناونیشانە سەرەکییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕاگەیاندنو سیاسـەت زۆر بە یەکترەوە گرێ دراونو لەو ڕوانگەیەشەوە ئەم بەشە دەکات بە شەش لقەوە .

١-١ ئایدولۆژیا لە ڕژێمی تۆتالیتاریدا.

لەژێـر ئەم ناونیشـانەدا باس لە ڕژێمە تۆتالیتارییـەکان دەکات کە چۆن ڕاگەیاندن دەخەنە خزمەتی چەسپاندنی ئایدولۆژیای ڕژێمەوە, بۆیە ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن دەبێ هەڵگری هەمان ئایدولۆژیا

بن.
١-٢ شانۆ وەک ئامرازێکی (پەیوەندی Kommunikation)
لەم بەشەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە عێراقدا هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن لە بینراوو بیستراوو خوێنراو, تەنانەت لە فلیمی سینەمایش لەژێر رکێفی رژێمدا بووە و شانۆش لەو سنوورە دەرنەچووە نێرەرو وەرگر کەوتوونەتە هەمان بازنەوە هەرچەندە وەرگر دڵی بەو شێوازە خۆش نەبووە بەتایبەت کە دەرفەتی ئەوەی نەبووە لە راگەیاندنەکانی دەرەوەش کەڵک وەرگرێ.
١-٣ لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا (مەبەستی کوردستانی باکوورە) لێرەدا دەگەڕێتەوە باسێکی مێژوویی کۆلۆنیالکردنی کوردستان لە پەیمانی سیڤەرەوە بۆ لۆزانو گرتنەدەسەڵاتی کەمال ئەتاتورکلەتورکیاداو ئەو تاوانەی بەرامبەر نەتەوەی کورد کرا و دەرفەتی نەدرا دەسەڵاتی نیشتمانەکەی خۆی بگرێتە. ئیدی ئەو ئایدۆلۆژییە ناسیۆنالیستە فاشیزمەی ئەتاتورک دایڕشت ئێستاش لەتورکیادا پەیڕەو دەکرێ .پاشان باس لەو فشارە دەکات کەخراوەتە سەر ئەوبەشەی کوردستانو بێبەری کردنیان لەهەر ڕاگەیاندنێک بەزمانی کوردی ، تەنانەت ئەوانەش کەلەدەرەوەی تورکیا پەخشدەکرێن ، تائەوکاتەی تەلەفزیۆنی مێد MED-TV وەک پەخشێکی ئاسمانی بەزمانی کوردی کارو وەکو بانگەشەو پاڵپشتیەکیش بۆ PKKکەخاوەنی ئەو تەلەفزیۆنە بوو ، هەندێ خزمەتی کولتووری کوردی کرد و زمانی کوردی لەو ناوچەیە رۆشناییەکی کەوتەسەر .
١-٤ لە ناوچە کوردنشینەکانی سوریا .
دەڵێ لە سوریا هیچ گروپێکی شانۆیی کوردی نەبووە، بۆیە دەبوو شانۆکارانی کوردیش بە زمانی عەرەبی بەرهەمەکانیان نمایش بکەن،لە سوریا هەمان پارتی شۆڤێنی عەرەبی (حیزبی بەعس) حوکم دەکات و هەموو ئامرازەکانی راگەیاندنی بۆ پڕوپاگەندەی

ئایدۆلۆژیـای خـۆی قۆرغ کـردووه و بوار به هیچ خۆڕاپسـکانێک نادات.
١-٥ شانۆ له ناوچه کوردنشینه‌کانی ئێران.
له زه‌مانی شای ئێراندا ته‌نیا پاش سانسۆرکردن رێگه به نمایشکردن ده‌درا و ده‌بوو به زمانی فارسـیش پێشـکه‌ش بکرێـن. پاش جه‌نگی دووه‌می جیهانی سوپای رووسیا (سۆڤیه‌ت) له ناوچه‌کانی کوردستانی ئێرانـدا جێگیـر بوون‌و رژێمی شـا له‌و ناوچانه‌دا بێده‌سـه‌ڵات بوو. کوردیـش که‌ڵکیان له‌و قۆناغه وه‌رگرت بـۆ دامه‌زراندنی (کۆمه‌ڵه‌ی رزگاری کوردسـتان) له مه‌هابـادو کارکردن له هه‌مـوو بواره‌کانی کولتووریدا بۆیه (غه‌نی بلوریان‌و دڵشاد نه‌سوری عه‌بدوڵڵای نه‌هری) خۆیان ئاماده کرد بۆ نمایشـکردنی شـانۆنامه‌ی (دایکی نیشـتمان)، قازی محه‌مه‌دیش پشتگیری لێ کردن. ئیدی باس له‌و نمایشه ده‌کات چۆن ئه‌کتـه‌ره‌کان له‌لایه‌ن که‌سـوکاریانه‌وه ده‌رکـراون، (عه‌بدوڵڵا نه‌هری) رۆڵی دایکی نیشتمانی بینیوه .
پاشان ده‌چێته قۆناغی دوای رووخاندنی شاو جێگیربوونی کۆماری ئیسـلامی ئێـران که حکومـی (مه‌کان) له‌جێی یاسـا بـوو، ئه‌مانیش به‌ریه‌ککه‌وتنـی پیـاو و ئافره‌تیـان قه‌ده‌غه کردو ئه‌مه‌ش سـنووری داهێنانی ته‌سک ده‌کرده‌وه .
١-٦ له ناوچه کوردنشینه‌کانی عێراق.
لێره‌وه باس له (سـه‌ددام حسێن) ده‌کات که چۆن دیکتاتۆرێک بووه به ئاره‌زووی خۆی یاسـای هه‌ڵوه‌شاندۆته‌وه‌و یاسای داناوه. ئیدی زیاتـر بـاس لـه رژێمی به‌عس‌و هاتنی سـه‌ددام بۆ سـه‌ر حوکم‌و به‌ڕێوه‌چوونی حکومی دیکتاتۆری شۆڤێنی سه‌ددام ده‌کات.
ده‌زگاکانی راگه‌یاندن له‌لایه‌ن ئاسـایش‌و موخابه‌راتی عه‌سکه‌رییه‌وه کۆنترۆڵ ده‌کران‌و به‌هیچ شێوه‌یه‌ک ئازادیی چاپه‌مه‌نی نه‌بوو.
٢- کورته‌مێژوویه‌کی شانۆی کوردی.
ده‌ڵێ بۆ نووسینه‌وه‌ی مێژووی شانۆی کوردی به‌ربه‌ستێکی زۆرمان

لەبەردایە, چونکە لەو وڵاتانەدا کە کوردیان تیا دەژی هیچ ئازادییەک بەدی ناکرێت، ئەوەی لەبەردەستیشدا بێت هی ئەوانەن کە خۆیان کورد نین، هەرچەندە لە زۆر زانکۆ لێکۆڵینەوەی زمانو کلتووری عەرەبیو فارسیو تەنانەت عوسمانیش هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا کوردۆلۆژی هێشتا لە لێواری ژیاندایە.

هەندێ لە زانایانی کورد وای بۆ دەچن چەند دیاردەیەک کە لە شانۆ نزیکن لە قۆناغی حکومی میدەکاندا

(٩٠٠- ٥٥٠پ.ز) بەدەرکەوتوون، ئیدی باس لەو دیاردانە دەکات بە درێژایی مێژوو.پاشان هەوڵ دەدات هەندێ سرووتی یەزیدییەکان بە دیاردەیەکی شانۆیی بچێنێ و لە فیستیڤاڵی (دینۆسیس)ی نزیک بکاتەوە. ئینجا دێتە سەر وشەی (سەکۆ) و (شانۆ) و پاشان دێتە سەر نمایشەکانی نەورۆز.

٣- شانۆ وەک شێوازێکی خەبات لە کوردستانی عێراق.

ئەم بەشەی کردووە بە دوو بەشەوە .

٣-١ شانۆ لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی رژێمدا بوون کە دابەشیان دەکات بەسەر سێ قۆناغدا.

٣-١-١ نێوان (١٩٧٠-١٩٧٥) شانۆی بێ سانسۆر.

لە پێشەکی ئەم بەشەدا باس لە رێکەوتنی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) دەکات و ئەو نیمچەئازادییەی تا تێکچوونی رێکەوتنەکە (١٩٧٤) کولتووری کوردی دوور لە سانۆر بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دی. پاشان باس لەوە دەکات کە چەند تیپ و گروپێکی کوردی بۆ بەرهەمی شانۆیی هاتنە مەیدان وەک .

- کۆمەڵێ هونەرو وێژەی کوردی – مەڵبەندی گشتی –سلێمانی .
- گروپی گەنجان (هەولێر)
- تیپی شانۆیی پێشڕەوی کوردی .
- تیپی هونەری نوێ (١٩٧٤) هەولێر .
- شانۆی گوند .

- کۆمەڵـی هونەرو وێژەی کـوردی (١٩٧٠-١٩٧١) کەرکووک دەڵێ لـەو قۆناغەدا شـانۆ بوژایەوە و بابەتەکانیشـی دەربارەی رەخنەی کۆمەڵایەتـی و گرفتـی خێـزان، کۆمیدیـا و نەریـت، رێـی راسـت، سیاسەتو شۆڕش.

پاشان باس لە هەندێ بەرهەم دەکاتو بەکورتی دەیانگێڕێتەوە .

٣-١-٢ قۆناغی دووەم (١٩٧٥- ١٩٨٠) شانۆ لەگەڵ فشاری سانسۆردا لێرەشـدا بـاس لە تێکچوونـی رێکەوتننامەی (١١ی ئـازار) دەکاتو پاشـان دێتە سـەر بابەتەکانی شـانۆ کە تەنیا کۆنتاکـت و گەیاندن بوو لەگەڵ جەماوەردا بۆ هاندانی خەباتو چاونەترسیو خۆڕاگرتن لەبەر شـاڵاوی نارەوای رژێمدا (لەم قۆناغەدا کە کارەسـات بەسەر گەلـی کوردا هات زۆر لە هونەرمەندان رێـی هەندەرانیان گرتە بەر و هەنـدێ تیپی شـانۆیی هەڵوەشـانەوە، چونکە دەبـوو هەر دەقێک بچووایە دەزگا سەرکوتکەرەکان بۆ خوێندنەوەی دێڕ بە دێڕو لاپەڕە بـە لاپەڕە مۆر بکرێت (رێگادراوە) یان (رێی نەدراوە)، بۆیە نەدەکرا شانۆکاران بەروونی مەبەستەکانیان دەربڕن.

٣-١-٣ قۆناغـی (١٩٨١-١٩٩١). سـەرەتای بزووتنەوەیەکی لەباری شانۆیی دیارە لەم بەشەدا سەرچاوە سەرچاوەی زیاتر لەبەردەستی نووسەردا بووە و بەهۆی ئەرشیفی چەند هونەرمەندێکی شانۆکارەوە وەک (کەمال هەنجیرە و شەماڵ عومەر و نیگاری حەسیب قەرداغی) و چەند هونەرمەندێکی ترەوە توانیویەتی هەندێ دەقو بەرهەمی ئەو سەردەمە بەسەر بکاتەوە .

لێرەشدا باس لەو شەڕە نالەبارەی عێراقو ئێران دەکات و باس لەو سانسۆرە دەکات کە چنگی لە بینەقاقای راگەیاندنەکان توند کردبوو و سـنووری ئازادییـان تەواو بەرتەسـک کردبووەوە. پاشـان باس لە کیمیابارانو ئەنفالو رەشـەکوژی کـورد دەکات لەلایەن رژێمی بەعسی فاشییەوە ئیدی باسی راپەڕین و کۆڕەوە کە (١٩٩١) دەکات هونەرمەندانی شانۆکار دەگەڕان بۆ رێ دۆزینەوەیەک کە دەربارەی

چەوسانەوەو خەبات و بەرەنگاربوونەوە بدوێن بۆ ئەوەی جەماوەر هان بدەن .
پاشان باس لە چەند شانۆگەرییەک دەکات وەک (نالی‌و مەرگی ئەرخەوانی) کە لەلایەن تیپی شانۆی سالارەوە پێشکەش کراوە (باس لە ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە دەکات), پاشان باسی شانۆگەری (بەرەو خۆر) دەکات لەلایەن تیپی نەتەوەیی پەیمانگای هونەرەجوانەکان‌و تیپی شانۆی سالارەو باس لە ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە دەکات, هەردوو بەرهەمەکەش لە دەرهێنانی هونەرمەند (ئەحمەد سالار)ە.
پاشان دەچێتە سەر شانۆگەریی (قەڵای دم دم) لەلایەن هونەرمەند (سەعدون یونس)ەوە لە هەولێر پێشکەشی کراوەو باسێکی (خانزادێکی نوێ) دەکات کە هونەرمەند تەلعەت سامان کەڵکی لە میتۆدی برێشت وەرگرتووە پاشان باس لە هونەرمەندان نیگار حەسیب قەرەداخی و میدیای رەئووف بێگەرد دەکات لە شانۆگەریی (لە چاوەڕوانی سیامەنددا)ی لە دەرهێنانی هونەرمەند (شەماڵ عومەر) کە جەستە و تەعبیر بنەمای ئەو بەرهەمە بووە .
٣-٢ شانۆ لای ئاوارەکان‌و لەژێر سایەی پێمەرگەدا باس لەو بەرهەمانە دەکات لە ناوچە ئازادکراوەکان نمایش کراون‌و ئەوانەش دەکات بە سێ بەشەوە .
٣-٢-١ شانۆ لەژێرکۆنترۆڵی پێشمەرگەدا.
لەم بەشەدا باس لە ژیانی پێشمەرگەو ئەو ناوچانە دەکات کە لە چنگ رژێم دەرهێنراون‌و ئازاد کراون کە هیچ دیاردەو پێداویستییەکی شارستانیان تیادا نەبووە وەک هۆڵی نمایش و سینەما .
دەڵێ لەناو شارەکانیشدا هونەرمەندان لەژێر فشارێکی زۆردا بوون, بۆ نموونە لە سەرەتای هەشتاکاندا دانا رەئووف بەند کراوەو دڵشاد مەریوانی لەسێدارە دراوەو ...
هەر ئەوەش وای کرد کە زۆربەی هونەرمەندان ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵبژێرن، شانۆ لەناو پێشمەرگەدا دوو ئەرکی لەسەر شان بووە،

لەلایەکــەوە خەباتو لەلایەکی تریشــەوە راگەیاندن. پێشــمەرگە بۆ کاری سیاســیی خۆیانو بەیانکردنی فکری شــۆفێنی رژێم زۆرجار دانیشــتووانی گوندەکانیان کۆدەکردەوەو قسەیان بۆ دەکردن، بەڵام کاتێ شانۆگەرییەک نمایش دەکرا، ژنو پیاو پیرو گەنج دەچوون بۆ بینینی. پاشــان باس لە نمایشی (ژیانی رۆژانی جەنگاوەرێک دەکات لە ناوچەی بادینان لەلایەن (ئەبو داود)ەوە پێشکەش کراوەو (١٥٠) بینەری هەبووە، پاشان نمایشی (شایەتحاڵێک لەپشتاشانەوە) لەلایەن (ئەبو ئەروا) پێشــکەش کراوەو (٥٠) بینەری هەبووە. پاشان باس لە هەنــدێ نمایش دەکات لەگەڵ روونکردنەوەی کارکردن لەو شــوێنە وێرانانەدا بەبێ دیکۆرو مۆسیقاو هۆڵ و ....

٣-٢-٢ شانۆی کوردی ئاوارە .

لێــرەدا بــاس لــەو نمایشــانە دەکات کــە هونەرمەندان بــۆ کوردی ئاوارە پێشکەشــیان کردووەو وەک نموونەش شــانۆگەری (ئاشتی ئەخوازین)ی هێناوەتەوە لە نووسینو دەرهێنانی هونەرمەند (کەمال هەنجیــرە) و پاشــان شــانۆگەری (نێرگس و مەرگــی هەڵەبجە) ی (قادرۆک).

٣-٢-٣ شانۆ لە شێوازی خەمی بەکۆمەڵدا.

لێــرەدا بــاس لەو خــەمو ئازارانــە دەکات کە هەر تاکێکــی کۆمەڵگە دەگرێتــەوە و هەموو یەک خەمی هاوبەشــیان هەیە بەتایبەت دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، ئیدی بۆیە ئەو نمایشــانە لە خەمی هاوبەشی دەدوان وەک خۆپیشاندانێکی جەماوەری دەهاتنە پێش چاو .

٤-لە چاوەڕوانی سیامەنددا یان...

لێــرەدا بــاس لە (توحفەی موزەفــەری) دەکات کە (ئۆســکار مان)ی ئەڵمانی لە ســاڵانی بیستی سەدەی پێشــوودا بەچاپی گەیاندووە و باس لە بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییەکان دەکات وەک (مەم و زین)و (لێرەدا بە هەڵەدا چووە کە نووسراوە وەلی و دێوانە) (خەجو ســیامەند) .ئیدی پانتاییەکی بەرین تەرخان دەکات بۆ ئەم نمایشــە و

لێی دەکۆڵێتەوە .
٤-١ داســتانی خەج و ســیامەند لێرەدا باس لە ناوەڕۆکی داستانەکە دەکات.
٤-٢ کردنی خەجو سیامەند بەنمایشی شانۆیی.
پێشــەکییەکەی باس لە ئامادەکردنی شانۆگەری دەکات و پەنابردنی هونەرمەنــدان بۆ چەنــد ڕێی پێچاوپێچ تا بتوانن خۆیان لە ترســی سانســۆر بدزنەوە دەڵێ یەکەم کەس (فواد میســری) ئەو داستانەی بۆ شانۆ ئامادە کردووە و لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە بەرهەمەکەی داڕشتووە لەنێوان دەوڵەمەندی باڵادەستو هەژاری بێ پشتو پەنا، ئیدی باس لە فەتوا دەکات لە ئایینی ئیســلامدا. پاشــان دێتە ســەر حیکایەتخــوان لە شــانۆی کوردیدا و کاردانەوەی میتۆدی برپشــت لەسەر شانۆکارانی کوردی .
ئینجــا دێتە ســەر ئەو دەقەی کە (تەلعەت ســامان) پێنج ســاڵ پاش (فوئاد مەجید میســری) (خەجو ســیامەند)ی بە شێوازێکی تر ئامادە کردووە بۆ شــانۆو ڕۆڵێکی ســەرەکی دەدا بە قۆناغی منداڵی خەجو سیامەند.
٤-٣ شانۆی ئەزموونگەری لە کوردستان.
دەڵێ لە کۆتایی ســاڵانی حەفتا (سەدەی ڕابردوو) هونەرو ئەدەب لە کوردســتاندا بزووتنەوەیەکی نوێی بــە خۆیەوە دی، بۆیە لە کۆتایی حەفتاو سەرەتای ساڵانی هەشتادا هەوڵێکی نوێ لەسەر تەختەی شانۆ بەدی دەکرا. دەڵێ ئــەو گەنجانەی لە ئەکادیمیای بەغداد دەیانخوێند نوێخوازییەکیان تیا بەدی دەکراو ئەو هەڵوێستەشیان دەمەتەقێیەکی گەرمی لە نێوەندی شانۆییدا هێنایەپێش ئەو لاوە کوردانەی ئەزموونی بەغدادیان هێنایە کوردســتان، بەتایبەتی شــانۆی (دێنە) کە لەلایەن (صــلاح القصب)ەوە لــە بەغداد ڕابەری دەکرا، ئــەو بزووتنەوەیەش پشتگیرییەکی باشی لە میدیاکانەوە لێ کرا.
٤-٣-١ شانۆی ئەزموونگەری بەپراکتیک.

پرۆژەی شــانۆی ئەزموونگەری لەلایــەن نەوەیەکی نوێوە هاتەکایە. ئەمەش لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی شانۆگەرییە بیانییەکان و پاشان بــە پەنابردنە بەر کلتــووری کوردی لە چیــرۆکو فۆلکلۆر چیرۆکە میللییە بلا□وەکان (مەبەست لە بەیتو داستانەکان) بۆ شیکردنەوە.

٤-٣-٢ گروپی شانۆی ئەزموونگەری.

دەڵــێ بیرۆکەی دامەزراندن لەو گروپە لە ســاڵی (١٩٨٥) لە شــاری سلێمانی لەلایەن دانا رەئووفو کەریم عوسمانو شەماڵ عومەرەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنو دوو ساڵ پاش ئەوە مۆڵەتی کارکردنیان پــێ دراو یەکەم بەرهەمیان لە دەرهێنانــی دانا رەئووفو دووەمیان لەلایەن شــەماڵ عومەرەوە دەرهێنرابوو، ئیدی باســی لە پشتگیری میدیای کوردی دەکات بۆ ئەو گروپە و پەیدابوونی چەندین میتۆدی دەربڕینی تر لە شنۆی کوردیدا و پاشان باس لە جەنگی عێراقو ئێران و سیستمی سەرکوتکردن و برسیکردنو وەک وەرچەرخانەوەیەکی شێوەکاران بۆ سەرگوزشتەی کەڵەپیاوە مێژووییەکانی کورد (نالی و مەرگی ئەرخەوانی) نووســینو دەرهێنانی هونەرمەند ئەحمەد سالار بەنموونە دەهێنێتەوە.

٤-٤ (لــە چاوەڕوانی ســیامەندا)ی گروپی شــانۆی ئەزموونگەری دەڵێ ئەو تیپە میتۆدی تایبەت بە خۆیان هەبوو بۆ کارکردن، جیاواز لە هەموو شــێوازەکانی تری دەربڕین کە ئەندامانی ئەو تیپە رەتیان دەکردنەوە بەتایبەتی کە دەقەکان بە وشــەو دەربڕینەکانی دەربڕن، بەڵکــو ئەمانە کرۆکــی بابەتەکەیــان وەردەگرتو دایاندەڕشــتەوەو دەبوو بە ئەزموونێکی نوێ.

پاشــان وەک کارکردنــی ئەو گروپە لە دەقی جیهانیشــدا باســی لە شانۆگەری (مارا-ساد) دەکات لە نووسینی (پیتەر ڤایس)، ئیدی لێرە بەدواوە پانتاییەکی بۆ (لە چاوەڕوانی سیامەند دا) تەرخان کردووە.

٤-٤-١ رۆڵی ئافرەت لە شانۆی کوردیدا.

کاتێ باس لە دەوری ئافرەت دەکەین لە شانۆدا، دەبێ ئەو فاکتەرانەمان

لەیاد نەچێ کە کاردانەوەیان بەسەر ئەو مەسەلەیەوە هەیە، وەک ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی، لێرەدا زیاتر باسی ئایینی ئیسلام دەکات کە ڕۆڵی ئافرەتی بەرتەسک کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک دەکات کە ئافرەتو پیاو تێکەڵ دەبن و دەست لەناودەست هەڵدەپەڕن, بەڵام لەسەر شانۆدا لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە زیاتر پیاوان ڕۆڵی ئافرەتیات دیوە، چونکە نەریتی کۆمەڵگە چوونەسەر شانۆی ئافرەتی بە کارێکی نەگونجاو لەقەڵەم داوە.

٤-٤-٢ ئەو پیاوانەی ڕۆڵی ئافرەتیان نمایش کردووە دەڵێ لە سەرەتادا پیاوان ڕۆڵی ئافرەتیان نمایش کردووە، پاش ئەوەی بەرگی ئافرەتانیان پۆشیوەو ئارایشتیان وەک ئافرەت بۆ کراوە.

٤-٤-٣ پیاوان لە دەوری ژناندا لە شانۆنامە بیانییەکاندا .

لە شانۆنامە بیانییەکانیش وەک دەقەکانی شکسپیر (بازرگانی ڤینیسیا، هاملێت، ئۆتیلل) پیاو دەوری ژنی نمایش کردووە، پاشان باس لەو شانۆنامانە دەکات کە ئامادە کراون بۆ کوردی (بەکوردی کراو) وەک شانۆنامەی (پیسکەی تەڕپیر)ی مۆلێر کە هونەرمەندان (ڕەفیق چالاک) و (نوری وەشتی) لە ساڵی (١٩٧٥) لەس لیمانی کاری دەرهێنانیان بۆ کردووە. پاش چواردە ساڵیش هەمان بەرهەم لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد سالارەوە پێشکەش کراوەتەوە .

لە (١٩٧١/١٠/٧) خەڵاتی باشترین ڕۆڵی ئافرەت لە شانۆدا بەخشرا بە هونەرمەند (عومەر چاوشین) کە خۆی پیاوە و ڕۆڵی ئافرەتی نمایش کردووە.

٤-٤-٤ دەرهێنانی (لە چاوەڕوانی سیامەنددا).

لێرەوە ئیدی باس لە دەرهێنانو نمایشو شیکردنەوەی ڕووداوەکانی دەکاتو لێکۆڵینەوەکانی کردووە بە چەند بەشێکەوەو لەسەریان دەدوێ.

**تێبینی:**

١- ڕەنگە شێوازی نووسینی ئەم کتێبە ئەگەر بە کوردی نەچوایەتە ریزبەندی کتێبی مەنهەجە نایەبەکان، بەڵام نووسینی بە زمانی ئەڵمانی مەنهەجیەتی تەواوی پێ دەبەخشێ، چونکە خوێنەری ئەڵمان شارەزای ژیانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی نەتەوەیی کورد نییەو ئەگەر هەموو لایەنەکانی بۆ روون نەکرێتەوە، ناتوانێ بەڕوونی لە بزووتنەوەی شانۆی کوردی تێبگات.

٢- هونەرمەند (هاوڕێ زەنگەنە) سەرچاوەی شانۆی کوردی زۆر کەم لەبەردەستدا بووەو تەنیا کەڵکی لە ئەرشیفی چەند هونەرمەندێک وەرگرتووە، بۆیە نەیتوانیوە لە هەموو لایەکانی ئەو بزووتنەوەیە بکۆڵێتەوە کە لە باشووری کوردستان سەری هەڵداوەو بەشەکانی تری کوردستانیشی بەشێوەیەکی بەرچاو فەرامۆش کردووە.


کارگەی خەون
TRAUM FABRIK

(پرۆژەیەکی کولتووریو وەرزشیو شانۆیی)

## ئەم پرۆژەیە بۆچی؟

ئەگەر هەر نووسینو لێکۆڵینەوەیەکو لەهەر بوارێکدا کەڵکی خۆی هەبێ ، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو بابەتانەی کەڵک بە زانستو هونەرو کولتووری نەتەوەکەمان دەگەیەنن یان پەیوەندییان پێوەی هەیە، دەبنە پێویستیەکو ئەرکێک کە ناکرێ خۆتی لێ بدزیتەوەو پشتگوێی بخەیت.

کارگەی خەونیش وەک هەموو داهێنانێکی هونەری، بیرێکی تیوری پتەوی لەپشتەوەیەو پراکتیزەکردنیشی لەو چاوڕوونیو شیکردنەوە هەمەلایەنەوە سەرچاوەی گرتووە:

هەموو دەزانین هەر بەرهەمێکی هونەریو هەر داهێنانێکی نوێ پەیوەستی بیرێکی قووڵو داڕشتنی زانستیانەیەو هەر ئەزموونێکی هونەریش، ئەگەر بنەمایەکی تیوریو بەرچاوڕوونیی لە پشتەوە نەبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەبێتە پرۆژەیەکی بێ بناغەو لە چاکترین حاڵەتدا دەبێتە بەرهەمی لاساییکردنەوەو هەر زوو دەپووکێتەوەو ئاسەواری نامێنێ.

ئەگـەر بە وردی دیقەتـی کەڵە داهێنەرانی شـانۆی جیهانیی بدەین، دەبینیـن بەرلەهەمـوو کارێـک لایەنـی تیوریەکەیـان لای خۆیـان دارشـتووەو بیرۆکەی داهێنانیشیان لە خەیاڵی بەرینی بێ سنووری خودی خۆیانو بیرو هزری خۆیانەوە هێناوە، لە ئەنجامی ئەزموونو دیـدی بەربڵاوو بەرچاوڕوونیو قووڵیی رۆشـنبیرییانو لە میانەی ئەزموونە سەرکوتووە جیهانییەکانەوە، مەیدانێکی داهێنەرانەی خۆیان دەستنیشـانکردووەو بـە خوێندنەوەیەکـی نوێی مێـژووی فیکریو سیاسـیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو هونەری و، لە قۆناغێکی جیاوازو بـە دیدێکـی جیاواز لە داهێنەرانـی تر، میتودێکی نوێـی دەربڕینیان هێناوەتە ئاراوە.

هـەر یەکێک لەو داهێنـەرە مەزنانە لە بری لاسـایی کردنەوەیەکی کوێرانـەی هونەرمەندێکـی تر، هاتوون بە قووڵی لـە رێبازو میتۆدە جیـاوازەکان وردبوونەتـەوەو پـاش تێگەیشـتنو تـاوو توێکردنو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیان، دەربارەی هەردوو لایەنەکەی مەعریفیو ئیسـتاتیکی توانیویانـە بە پێی بیرو بۆچوونو رادەی رۆشـنبیریو توانـای داهێنـانو دەربڕیـنو مەوقیعـی کۆمەڵایەتـی خۆیـان ( بە کارتێکردنی قۆناغو سـەردەمەکەیان ) میتۆدێکی جیاوازی دەربڕین بهێننـە کایەوەو پاش ئەوەی تەمومژو دوودڵی لە لایەنە تیۆرییەکەدا دەرەوێننەوە، ئینجا بە پراکتیک دەیخەنە بەردەست و، بەهەمان وزەو تینو بۆچوونەوە کاری بۆ دەکەنو گەشەی پێ دەدەن.

ئەمانە نەهاتوون خۆیان چەواشە بکەنو هەر رۆژەی لەسەر رایەک بنو شێوازی دەربڕینیان لەهەر بەرهەمێکدا بەشێوەی جیاواز نمایش بکـەن، یان بەرهەمی دەرهێنانی تر بهێننو چەند شـێوازێکی جیاواز بە سـاکاری بکەنـە هەوێنی بەرهەمێـکو ناوی نوێـکاری لێ بنێن، بەڵکـو ئەوەندە بەرچاویان روون بووە کە توانیویانە لەسـەر پلانو نەخشـەیەکی دیاریکراو بـەردەوام بنو جار لـەدوای جار کەڵک لە ئەزموونی کارکردنیـان وەرگرنو زیاتر لە کارەکەیاندا قووڵببنەوەو لە سـەر هەمان نەخشـەو بە هەمـان وزەی کارو توانای هونەریو

زانستییەوە میتۆدەکەیان جێگیر بکەن‌و پەرەی پێ بدەن.
هەر ئەوەش وای کردووە بتوانن دەربارەی بیرۆکەو شێوازی کارکردنیان بدوێن‌و بنووسن‌و کارێکی وا بکەن هاوبیرو هاوشێوەکانیان پشتگیرییان لێ بکەن‌و بەرهەم دوای بەرهەم زیاتر لە داهێنانەکانیاندا قووڵ ببنەوەو داهێنانی زیاترو بە پێزتر پێشکەش بکەن.
ئێمە دەزانین کە بیری نوێ‌و داهێنانی نوێ ، زیاتر لە گۆڕانکارییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ‌و بەپێی گۆڕانکاری لە قۆناغە مێژووییەکانی کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێ‌و زوربەی جاریش زانست دەبێتە هەوێن‌و فەلسەفەی پرسیارە ئەزەلییەکان دەوروژێنێ‌و هونەر بەرجەستەی دەکات ، ئیدی لێرەوە داهێنانی هونەرمەندان جێگیر دەبێ‌و هەریەکەیان لە دیدی خۆی‌و بەپێی شێوازی بیرکردنەوەو مەوقیعی کۆمەڵایەتی‌و رادەی رۆشنبیری خۆیەوە ، نەخشەی دەربڕینی خۆی دادەڕێژێ‌و بە پلانێکی دیاریکراو دەیخاتە قاڵبی پراکتیک .
ئێمە لێرەدا باس لە شانۆ دەکەین ( شانۆیەکی وەرزشی یان وەرزشی شانۆیی ) کە زیاتر بیر لە شێوازی نمایش کراوەتەوەو زیاتر بایەخی بە پەیوەندیی نێوان نمایشکاران‌و جەماوەر داوەو کردوویە بە کرۆکی بابەتەکەی‌و لەو روانگەیەوە کاری بۆ کراوە.
ئەم پرۆژەی وەرزشە شانۆییەش، لەسەر هەمان بنەمای داهێنان‌و بە هەمان پلەی داهێناندا تێپەڕیوەو گەیشتووەتە ئەم رادە بەرزەی ئێستا:
١- داهێنەرانی پرۆژەی کارگەی خەون وەک زۆربەی داهێنەرانی جیهانی لەسەرەتای بەکاربوونیان، کۆسپ‌و تەگەرەیەکی زۆریان هاتووەتە رێ‌و تاڵاوێکی زۆریان چەشتووەو پاشان سەرکەوتنی مەزنیان بەدەستهێناوە، چونکە راینەر پاڤێلکە Pawelke Reiner( دانەری سەرەکیی بیرۆکەکەو داهێنەری ئەو شێوازی دەربڕینە )و قوتابییەکانی باوەڕی تەواویان بە پرۆژەکەیان بووەو لە یەکەم

هەنگاوەوە ورەیان بەرنەداوەو سووربوون لەسەر پەرەپێدانی پرۆژەکەیان.

٢- ئەم پرۆژەیە دەکرێ ببێتە سەرەتایەکی زانستی بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروستو دەکرێ هەر لە باخچەی منداڵانەوە بخرێتە بەرنامەی پەروەردەوەو بەردەوام بێ تا نەوەیەکی بە جەستە لەشساغو بە دەروون کولتوورناسو جوانناسو داهێنەرو دامەزرێنەری بنەمای نەوەیەکی گەشاوە بۆ دواڕۆژێکی رۆشن. هەر وەک چۆن سابرینا هێرمان Sabrina Hermann کە پسپۆری باری دەروونی منداڵانەو، لە بەشێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکەیدا پرۆژەی کارگەی خەونی کردووەتە لایەنێکی پەروەردەی دروست بۆ منداڵان، بەبەشداریکردنیان لەو شێوازە نمایشەدا کەدەبێتە بنەمایەکی زانستی بۆ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵاتییەی منداڵی لەسەر پەروەردە دەکرێو بۆ زیاتر ئاسانکاریی تێگەیشتنو چەسپاندنی بنەما سەرەکییەکانی پەروەردە.

٣- لەلایەکی ترەوە وەک پرۆژەیەکی زانستی لە چەندین دەزگای تەندروستی خراوەتە پرۆگرامەوە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی ئەوانەی گرفتاری نەخۆشی کوشندەن. چونکە وەک ئاشکرایە هەستکردن بە کارەساتی ژیانو تەندروستی خەڵکی تر، لە ترسو خەمو دڵەڕاوکێی نەخۆش کەمدەکاتەوەو باری شانی سووکتر دەکات، ئەمە بێجگە لە سەرقاڵبوونی ماوەیەکی بەنرخ بە بەشداربوون لەو کارە هونەرییە وەرزشییەدا کە هزرو هەستو سۆز بە ئاقارێکی تردا دەباو دەبێتە رێخۆشکەر بۆ بەرزبوونەوەی ورەو هێورکردنەوەی باری دەروونی.

## کارگەی خەون
TRAUM FABRIK

## خەون بە ژیانتەوە مەبینە بۆ خەونەکانت بژی

مامۆستایەکی بە ئەمەکو پسپۆڕی وەرزشی ، نەیدەویست وەرزش ببێتە ئامرازێکیو شک وبرنگو ماندووبوون، بەردەوام بیری

دەکردەوە ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو گرفتە بدۆزێتەوە.
کارگەی خەون شێوەیەکە لە وەرزش‌و پەیوەستە بە کولتوورو تایبەت بە شانۆوە، هەر ئەو تایبەتمەندییەش وای کردووە لە سەرەتادا تووشی گێرمەوکێشەی زۆر بن‌و شانۆکاران بە وەرزشی دانێن‌و مەیدانی هونەری پێ ڕەوا نەبینن، هەر وەک چۆن وەرزشکارانیش دەیانخستە خانەی شانۆوەو بە وەرزشیان نەدەزانی.
ئەم میتۆدە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن ڕاینەر پاڤێلکە Reiner Pawelke وە دارێژراوە کە خۆی مامۆستای پەروەردەی وەرزشیە لە زانکۆی ڕێگنسبورک Regensburg ی خوارووی ئەڵمانیا.
کارگەی خەون وەک پرۆژەیەکی وەرزشی پابەند بە کولتوورەوە، کە دەڵێین کولتوور مەبەستمان لە لایەنی هونەرییەو تایبەتیش هونەری شانۆو سەما بە زوربەی خەسڵەتە هونەریەکانییەوە کە سنوورە بەر تەسکەکان دەبەزێنی‌و لە زوربەی حاڵەتەکاندا دەچێتەوە خانەی گەمەوە .
ڕەنگە گەمە شیاوترین شێوازی بەهێزکردنی پەیوەندی بێ بۆ بازیگەران‌و زووتر دەمامکەکانیان لەڕوو هەڵماڵێ‌و زیاتر لە یەکیان نزیک بخاتەوەو چاکتر ناخیان بۆ یەکتری هەڵڕێژن ، بۆیە ئەم میتۆدە بۆ دەربڕینی ناخ دەبێتە هاندەرو ڕێخۆشکەر.
لەسەر ئەو بنەما زانستیەو بە بڕوا بەخۆبوونی پاڤێلکەو قوتابیەکانی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ پرۆژەکەیان کەوتە قۆناغی پراکتیک‌و بە هەوڵی هەمووان، وەرشەیەکی کاریان دامەزراندو کەوتنە جێبەجێکردنی پرۆژەکە.
کارگەی خەون لە پانتاییەکی ئەوەندە بەربڵاودا خۆی ئەبینێتەوە، کە ئەکرێ چەندین میتۆدی نوێی لێ هەڵهێنجرێ‌و بکرێنە هەوێنی کاری هاوبەشیی بۆ بەسەرکردنەوەی لایەنێکی تری شانۆی جەماوەری، بەمەبەستی نزیککردنەوەی شانۆو بەشداریکردنی جەماوەر لەو شێوە پرۆژانەدا.
شیاوترین باسکردن‌و ڕوونکردنەوەی شێوازێکی شانۆیی، بە

مەبەستی تێگەیشتن‌و هەڵسەنگاندنی، باسکردنە لە یەکێک لە نمایشەکانی ئەو شێوازە، یان چاکتر بڵێین روونکردنەوەی ئەو میتۆدە لە میانەی خودی شێوازەکەوە، بەو نیازەی بتوانین بە روونی لەسەری بدوێین‌و لە هەموو لایەنەکانی وردبینەوەو کەڵکی لێ وەرگرین.
ئێمەش لەو روانگەیەوە باس لە یەکەمین نمایشی ئەو گروپە ئەکەین کە لە ساڵی ١٩٨٣ لە شاری میونغی ئەڵمانیا لەناو چادرێکی گەورەی سێرکدا پێشکەشیان کردووەو هەر لەوێوە دەروازەی ناساندن‌و بەربڵاوی بەرووی (کارگەی خەون)دا والاکراو زیاد لە پێنجسەد سەروتاری رۆژنامەو زیاتر لە سیی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بەشدارییان تیادا کردووەو باسیان لێوە کردووەو هەر لەوێشەوە یەکەم هەنگاویان نا بۆ خۆسەلماندن‌و گەشەکردن.
ئەو نمایشە لەلایەن پاڤێلکەوە لەدووتوێی کتێبێکدا کە ساڵی ١٩٨٧ چاپکراوە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی‌و بە وێنەوە روونی کردۆتەوەو خستوویە بەردەستی خوێنەران.

**نمایش**

دیارە ئەم نمایشەی ئێمە باسی لێوە دەکەین بنەمایەکی تیوری پشتبەستووی بە پراکتیک هەیەو یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە پاش خۆی گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلی لەسەرکرا و، بووە مایەی تێرامانی پسپۆرانی هەردوو بواری وەرزش‌و شانۆ، هەروەک هەمووشمان دەزانین بەرهەمی نوێ‌و تێڕوانینی دژە باو، دەکەوێتە بەر شالاوی هەندێک‌و پیاهەڵدانی هەندێکی تر. بۆیە بەردەوامی‌و بەدواداچوون‌و قووڵبوونەوە دەبنە مەرجی سەرەکی ئەم شێوە داهێنانە. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە پاڤێلکەو قوتابیەکانی دەبوو بەوپەڕی تواناو وزەوە یەکەم بەرهەمیان بخەنە بەردیدی بینەران ، تابتوانن راستی بۆچوون‌و تواناکانیان بسەلمێنن‌و وەلامیش بێ بۆ بەرهەڵستکارەکانیان. بۆیە هوشیارانە  بەم شێوەیە بەرهەمەکەیان پێشکەش کرد.
لەسەر رێگای چوونەژوورەوەی بینەران، پەردەیەکی گەورەی سپی‌و

ماجیـک دانراوە کەبینەران لــە هاتنــەژوورەوەو چوونەدەرەوەیاندا سەرنجی خۆیانی لەسەر بنووسن یان بنەخشێنن، ئیدی هەرچیەکیان بە خەیاڵدا دێت بینووسن‌و بینەخشێنن، بە نیازی ئەوەی رای بینەران بزانــن‌و کەڵک لە رەخنەو پێشــنیارەکانیان وەرگرن‌و بیکەنە هەوێنی نمایشی تر.
پاشــان بینەران بەناو چادرەکەدا پیاسە دەکەن‌و ئەکتەرەکان لەکاتی خــۆ ئامادەکردن‌و ئارایشــت کردنــدا دەبینــن‌و دەتوانــن لەگەڵیاندا بدوێــن‌و ئەگەر بیانــەوێ دەتوانن خۆشــیان ئارایشــت بکەن . هەر لەوێوە ئاشنایەتیەک لە نێوان بەشدارانی بەرهەمەکەو بینەراندا پەیدا دەبــێ‌و دەبێتــە بنەمــای مامەڵەکردنی بینەر ( وەک بەشــدارێک ) لە بەرهەمەکەدا.
لەپێش دەســتپێکردنی نمایشەکەشــدا پرۆگرامی بەرهەمەکە دابەش دەکرێ، کە چەند دێڕێک لە پێشــەکیەکەیدا نووسراون‌و کەم یا زۆر، بینەر لە بیرۆکەی پرۆژەکە ئاگادار دەکەنەوەو دەیکەنە سەرەتایەکی چڕو پڕ بۆ نمایشەکە.
لەو چەند دێڕەدا نووسراوە :
( ئێمە لە بازنەیەکدا ناخولێینەوە
بێهۆشانە بە کارێکی زەبەلاحو بێ هاوتا هەڵناسین..
دیــاردەی نادیــار بــە نوقوم بوون لــە بێهوودەییدا ســەر دەکەون‌و خەونەکان دەبن بە بەشێک لە خۆمان.
ئێمە لە ناوجەرگەی شارەکەتاندا کارگەی خەونمان بۆ ئامادەکردوون، لــە دەرەوە وەک ســێرکێکی گەورە دێتە بەرچاو، بەڵام لە راســتیدا تەلارێکــە لــە فەنتازیــا و، لــە ئومێدو خواســتەکان بنیادنــراوە. ئەو موعجیزانەی شیاوی بوون نین ئەیانخەینە قاڵبی بوونەوە.
لە بەشێکی ســۆزی گەڕانەوە بۆ جیهانە رەنگاورەنگەکەی منداڵیمان داڕێژراوە.
دەمانەوێ بە پراکتیک بگەینە ئەو جیهانە.
باوەڕ ناکەن؟!!!

وەرن ببیبنن
سەرسام بن‌و خەون ببینن.

## دەستپێکی نمایش
## قیژەو هاوار:

نمایشکاران بە هەموو توانای خۆیان دەزریکێنن‌و داوا لە جەماوەریش دەکەن، دەمامکی شەرم لادەن ، ئینجا بینەرانیش پەردەی خۆکۆنترۆڵکردن دادەدڕن‌و لەگەڵیاندا دەقیژێنن.
پاساوی ئەو قیژوهوورە:
هاوارو گریان‌و نەشوەی شێتگیرانە، پێکەنین، ناماقوڵی‌و توندڕەوی. هەموو ئەمانە لە ناخماندا پەنگیان خواردووەتەوەو پێویستیان بە دەرباز بوونە.
روو چییە؟! روو لە شێوەی دڵدایەو هەر وەک دڵ دێتە بەرچاو.
ئەی دەمامک چییە؟! ئەوەیە کە (ئەو رووە دەشارێتەوە کە لە شێوەی دڵدایە).
هەست‌و سۆز تەنیا ئەو کاتانە دەبینرێن، کە دەمامکەکان دەکەون.
دەبا دەمامکەکان فڕێدەین‌و سەماو نەشئەی حاڵی خۆمان بکەین
با شادمان‌و شێتگیرانە، دەریان ببڕین.
( لەو کاتانەدا کە باس لە دەمامکو روو دەکرێ چەند بەشداربوویەک دێنە سەر شانۆو سەرو روخساریان کراوە بە لوولە کارتۆنێکدا کە تەنیا دوو کون نەبێ بۆ بینین هیچی تر نابینرێ، بەڵام کە ماسکەکانیان فڕێ دەدەن رووی راستەقینەیان ئاشکرا دەبێ )
پاش ئەو هات‌و هاوارو هەست دەربڕینە و، بۆ هێورکردنەوەی جەماوەر، سەمایەکی رۆمانسی دەکەن‌و جەماوەریش دەتوانن لەجێی خۆیانەوە سەمای خۆیان بکەن‌و راستەوخۆ بەشداری ئەو کەرنەڤاڵە نەشئەبەخشە بکەن. دیارە ئێمە کە دەڵێین سەماو گۆرانی‌و هەست دەربڕین، مانای ئەوە نییە کە نمایشکاران خۆیان ئامادە نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبێ ئەو سەماو مۆسیقایە بە تەواوی خۆی بۆ ئامادەکرابێ و، چاکتریش وایە بە بینەران نامۆ

نەبێ، تا لەلایەکەوە بتوانن بەشداری بکەن‌و لەلایەکی تریشەوە بە هۆی یادگارپەکانیانەوە، هەست‌و سۆزیان راژەنێ.

**دیمەنی گاڵتەجاڕی:**

دوای ئەو دیمەنە پڕ هەست‌و نەستە، دیمەنێکی تر پێشکەش دەکرێ کە لە چەند بینراوێکی پێکەنین ئامێز پێک دێن‌و کەسانێک ئەو دیمەنە پێشکەش دەکەن کە بتوانن خۆشی‌و پێکەنین بخەنە سەر لێوی بینەران‌و دیمەنەکەش لە نێوان بەشداراندا خۆشەویستی پێوە دیاربێ‌و لەسەر بنەمای رق‌و تۆڵەو گرژی بنیاد نەنرابێ.

ئەم دیمەنە زیاتر بۆ سەلماندنی رووی بێ دەمامکە بۆ دەربڕینی ژیانی ساکارو بێ گرێ، کە دەکرێ ژیان خۆشترو بە نرختر بێ ئەگەر لە سەر فێڵ‌و فەرەج‌و یەکتر بریندارکردن بنیاد نەنرابێ.

**گرژی‌و دەمارگیری:**

پاش ئەو دیمەنە کە پڕە لە خۆشی‌و شادی، ئینجا چەند کەسێک بە دەمامکی چارەگرانەوە سەمایەکی ترس ئامێزو روو گرژ دەکەن.

ئەمەش بەنیازی بەراوردکردنی هەردوو شێوە سەماکەو سەلماندنی دەربڕینی بێگەردی بێ دەمامکە، کە گەوهەری ناخی مرۆڤ دەردەبڕێ.

ئەم شێوە ریتمە خێراو گرژئامێزەش، ئامادەکردنی بینەرانە بۆ یارییەکی هاوبەش لەگەڵ پاڤێلکە.

گلۆڵە بەن (خوری)

**تۆڕێک لە تیشک:**

لەم نمایشەدا پاڤێلکە لەسەر شانۆیەو گلۆڵە بەنێکی بە دەستەوەیە، سەری گلۆڵەکە دەگرێ ئەویتر فڕێدەدا بۆ یەکێ لە بینەران‌و داوا دەکا بەنەکە بگرێ‌و گلۆڵەکە تووڕدا بۆ بینەرێکی تر, بەم شێوەیە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ بینەراندا دروست دەبێ ، چونکە هەر بینەرەو پەنجەی لە بەنەکە دەئاڵێنێ‌و گلۆڵەکە هەڵدەدا بۆ یەکێکی تر، ئیتر بەو شێوەیە تا چەند گلۆڵە بەنێک بۆ یەکتر دەنێرن‌و لە سەرەوە چەند پڕۆژێکتەرێکی رەنگاورەنگ ئاراستەی بەنەکە

دەکەن کە تۆڕێکی قەشــەنگ لەسەر بینەران دەنەخشێنیو دیمەنێکی نەشــئەبەخش بە بینەران دەبەخشیو دەبێتە کۆنتاکتێکی راستەوخۆ لــە نێوان بینەرو نمایشــکاران لەلایەکو لە لایەکی تریشــەوە جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان خودی بینەراندا دەخولقێنی.

## گەمەی سێبەر (فەنتازیای سرووت)

(گڵۆپێکو پەردەیەکی سپی، سێبەری جەستەو کەمێک فەنتازی)

ئەم دیمەنە پڕ فەنتازیە تەنیا بە سێبەر ئەنجام دەدری و، وەک چۆن لــە باســکردنی خۆیاندا دەردەکەوی، کۆمەڵی حیکایەتو ئەفســانەی مرۆڤایەتی نمایش دەکەن.

(بەسیحری ســێبەری جەســتەمان، دەچینە مەملەکەتی حیکایەتی پڕ نهێنــی، نوقــم دەبینو رۆدەچین بۆ قوڵایی دەریا، فریشــتەی دەریاو گوڵە لۆتسو روەکی خۆئاڵێنەر سەرسامامان دەکەن.

لە وڵاتێکدا بەخەبەر دێینەوە کە خۆری تیا هەڵدی، لەگەڵ دارخورما، مزگەوتو سەما سەیرو سەمەرەکان.

لەوێوە عەودالی خواوەندە هندییە شەش دەستیەکە دەبین.

ئینجا سواری گسکە تەلیسماویەکە دەبینو دەچینە مەملەکەتی دەعبا زەبەلاحەکانەوە

## زۆرانە سەمای جنۆکە

کورتەبــاڵاکان لــە هاوتــای ســەرکەوتنێکی درۆئامێزی ســیحرێکی مەزن.

ئازیزان، ئێوەو سی هەقایەت

هەقایەتی مەملەکەتی بن دەریا

هەقایەتێک لە رۆژهەڵاتەوە و

هەقایەتێک لە مەملەکەتی جادوو.)

دیارە ئەم نمایشــەی (شانۆی ســێبەر) بە پێی نەخشەی سەرجەمی بەرهەمەکە دەگۆڕریو هەرجارەی شــێوەیەک لە ئەفسانەو داستانە جیهانیــەکان پێشــکەش دەکریو ئــەوەی لێرەدا گرنگــە، ئەوەیە کە بینەران بزانن ئەو شــێوە نمایشــانە چۆن پێشــکەش دەکرێنو چۆن

ئــەو هەموو فەنتازیایە بە پەردەیەکو گڵۆپو جەســتەی بەشــداران ئەنجام دەدرێن.

## ئەکرۆباتیک

بەشــداران هەنــدێ گەمەی ئەکرۆبــات دەکەن کە زیاتر لە ســێرکدا ئەنجام دەدرێن ، کە نمایشکارانی تایبەتی ئەوبوارە پێی هەڵدەستنو شادی دەخەنە دڵی بینەران.

## سەمای جۆراوجۆر

کاتێ لەلایەن بەشــدارانەوە سەما دەست پێدەکا، هەوڵ دەدەن شێوە سەمایەک لەگەڵ ریتمی مۆسیقادا بکەن، کەبینەرانیش بتوانن لەئاستی خۆیانەوە بەشداری بکەن.

## گاڵتەجاڕی Clownerie

ئەم دیمەنەیان زیاتر کۆمێدییەو بۆ هێورکردنەوەی ئەو هەڵچوونەیە کە سەماکە لای بینەران دروستی دەکات.

پانتۆمایم

ئــەم دیمەنەش ئەخرێتە ئەســتۆی ئەو هونەرمەندانــەی لەو هونەرە مەزنەدا دەســتیان هەیە و، ئەتوانن ســەرنجی بینەران راکێشــنو لە هەمان کاتدا بەشدارییان پێ بکەن.

ئــەم دیمەنە ئەکرێت لە دەقێکی ئامادەکراوەوە ســەرچاوە بگرێو لە هەمان کاتدا، نیمچە بەشدارییەکی راستەوخۆی لەگەڵ بینەران هەبێ بۆ پارێزگاریکردنی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هۆڵو ســەر تەختەی شانۆ دروستکراوە.

## سیحربازی

لێرەدا هەندێ یاری سیحری ئەکرێو بەشێوەیەکی کۆمێدی، بەشداری بینەران ئەکرێو پاشان تۆپێکی گەورەی سووک لە شێوەی میزەڵاندا هەڵئەدرێ بۆ بینەرانو بینەرانو بەشــداران یەک لەدوای یەک، یاری پێ ئەکەن.

ئەگەر دیقەت بدەین لە هەر بەشێک لەو نمایشانەی کە پێشکەشکراون، ئەبینین، هەر یەکێ لەو بەشانە لەگەڵ لایەنێکی هزرو هەستو سۆزی

مرۆڤدا ئەدوێنو بە شێوەیەک کار لە بینەر ئەکەن.
لێرەدا ئەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە گرنگترین ئامانجی ئەو بەشە هونەرییانە ئەوەیە، بەردەوام بینەر تیایاندا بەشداربێو بەشدارانیش ئەیانەوێ وەک بینەرانو لەگەڵ بینەراندا چێژ لەو کاتە پڕ لە شادیە وەرگرنو بینەران بە میوانی خۆیان بزاننو میوانیش خۆیان بە خاوەن ماڵ بزانن.
لە کۆتایی بەرهەمەکەدا پاڤێلکەو بەشدارانی تر روو ئەکەنە بینەرانو بە داواکارییەوە پێیان ئەڵێن:
قۆڵتان بەرز بکەنەوە
لەسەر خۆ، زۆر لەسەرخۆ
لە مەچەکەوە دەستتان بەرەو پێشەوە بکێشن
جارێکی تر بۆ خوارەوە
بۆ سەرەوە
کەمێ خێراتر، خێراتر
بای بای، بە ئومێدی دیدار
ئیتر بینەران وردە وردە ناو چادرەکە بە جێ ئەهێڵنو ئەوی بیەوێ راو پێشنیارەکانی لەسەر دیوارەکە ئەنووسێ.
دیارە ئەو بەشە هونەرییانەی باسمانکردن، هەر لایەنێکیان بەشێکی زۆر تایبەتن لە هونەرو دەکرێ لە هەر بەرهەمێکدا بە شێوەی جیاواز و بە شێوازی زۆر هونەریو بە پێی تواناو شێوەی بیرکردنەوەی بەشداران نمایش بکرێن.

## بیبلۆگرافیایەکی کورت

تشرینی دووەمی (November)ی١٩٧٩ سەرەتای ئەزموونی پراکتیککردنی کارگەی خەون، بە بنیادنانی وەرشەی کارکردنو دەربڕینی بزوتنەوەی وەرزشی، هاوتەریب لەگەڵ هونەری گونجاو (پانتۆمیم، گەمەی سێبەر، شانۆی رەش ...هتد).
لە تەمموزی(Juli)ی١٩٨٠دا لە رۆژانی فیستیڤاڵی زانکۆدا، کە رۆژی دەرگای والای پێ ئەوترێ، لە زانکۆکەی خۆیاندا (زانکۆی

ڕێگنسـبۆرگ) لەژێر ناونیشانی (ئەزموونی وەرزشی، وەک نمایشی شـانۆیی)، لەهۆڵی دەرس وتنەوەدا پێنج جار پرۆژەکەیان پێشکەش کردووە.
دوومانـگ پاش فیسـتیڤاڵەکە، لە مانگی ئەیلوولـدا (September)، کاری گروپەکە لەلایەن بەڕێوەبەری سـەنتەری وەرزشـیی زانکۆوە قەدەغەکراوە، پاسـاوی بڕیارەکەشـی بـەوە داوەتـەوە، گوایە ئەو پرۆژەو شێوەی کارە، هیچ پەیوەندییەکی بە وەرزشەوە نییەو زیاتر وابەستەی شانۆیە.
کانوونـی یەکەم (Dezember) ی ١٩٨٠ بە ڕەزامەندیی سـەرۆکی زانکۆی ڕێگنس بۆرگ (پرۆفیسۆر هێنریش) توانیویانە دووبارە سێ نمایشـی تر پێشکەش بکەن، هەر لە هەمان کاتدا بەشی پەروەردەی وەرزشی بە کارێکی پەروەردەیی مەنهەجییان لە قەڵەمداوە.
لە نیسانی (April) ی ١٩٨١ بۆ یەکەم جار نمایشی گەورەیان کردوەو هەمـوو بلیتەکانیان پێشـوەخت فرۆشـراون‌و بۆ یەکـەم جاریش لە کەناڵی دووی تەلەڤزیۆنی ئەڵمانیدا (ZDF) لە بەرنامەی سـتۆدیۆی وەرزشیدا میوانداری کراون‌و پاڤێلکە بە شێوەیەکی زانستی بەرگری لە پرۆژەکەی کردووە.
بەم شێوەیە بەردەوام بوون تا ئەیلوولی ١٩٨٣ کە لە شاری میونغی ئەڵمانـی بۆ مـاوەی چوار هەفتـە پرۆژەکەیان پێشـکەش کردووەو نەک تەنیا قەرزەکانیان لەکـۆڵ بووەتەوە، بەڵکو بوونەتە گرووپێکی پرۆفیشـیناڵ‌و وەک دەزگایەکـی ئەکادیمـی وەرزشـی‌و کولتووری کەوتوونەتە کار.

## پرۆگرامی ٢٠٠٩ وەک نموونە

تا ئێسـتاش سـاڵانە دووجار نمایشـی سـەرەکی خۆیان لە ئەڵمانیا پێشـکەش دەکەن‌و زیاد لە نەوەد سیمینارو وۆرک شۆپی تایبەتییان هەیـە لەلایەن هونەرمەندانی جیهانیەوە، بۆ ئەو کەسـانە پێشـکەش دەکرێن کە دەیانەوێ.
وەک نموونـە بـۆ سـەما: ڕاهێنـەری بەناوبانگی جیهانـی بانگهێش

کراون بۆ سەمای ڕۆژهەڵاتیو ریتمی ئەفریقیو سامبای بەرازیلیو سەمای چینیو هندی فلامینکۆی ئیسپانیو سەمای جازو چەندین سەمای ریتمیو فۆلکلۆری نەتەوە جیاوازەکانی جیهانی کە ناوی پێشکەشکارە پرۆفیشناڵەکانی نوسراونو کاتو نرخی بەشداریش لە هەمان پرۆگرامدا هەیە.
پاشان سیمینارو وۆرکشۆپەکانی تایبەت بە شانۆ خراونەتە پرۆگرامەوە بۆ هەمان مەبەستی سەما، وەک: (شانۆی کەلەپوری، شانۆی جوڵە، شانۆی لێبووک، بووکە شووشەی دەستی، شانۆی ئیرتیجالی، هونەری جووڵە، شانۆی نواندن، پانتۆمایم، شانۆی سێبەر، شانۆی رەش، تیاترۆ تانگۆ، سیحرکردن، بۆ پێکەنین).
پاشان بۆ یاریو وەرزشیش چەندین خولو وۆرک شۆپ پێشکەش دەکەن وەک (ئەکرۆباتیک، یاری کۆن، پاسکیلی یەک تایە، سیحری ئاگر، پەت پەتێن).
گەمەی سێرکو چەندی گەمەی تر کە گەمەی کۆنی میللی ئەوروپین، شێوازێکی تر لەخولەکانیان لەژێر ناونیشانی (ریتمو ئەزموونی جەستە)دایە کەپەیوەندی بەچەندین جوڵەو سەمای میللی جیهانییەوەیە کە لەسەر ریتمی تایبەت ئەنجام دەدرێ.
ئەمە ئەزموونی ئەو گروپەیە کەبەهەوڵو تەقەلای خۆیان ئەنجامیانداو کۆڵیان نەدا تا کردیان بەو ئەکادیمیا ناسراوەی ئێستا، ئەوەش بەدڵنیاییەوە وەک وتمان بەرچاویان روون بوو، بەتیۆری بیرۆکەکەیان دارشتبوو، ئینجا بەپراکتیک ئەنجامیاندا.
لێرەدا دەپرسین ئایا ئەم شێوازی کارکردنە (ئەگەر بەشێوەی ساکارترو ئاسانتریش بێ) نابێتە پاڵپشتێک بۆ مامۆستایانی هونەر کە شانۆ لای قوتابیان خۆشەویست بکاتو ئەگەر نەبنە شانۆکاری دوارۆژیش، بەدڵنیاییەوە دەبنە جەماوەرێکی هۆشمەندو بنەمای جێگیرکردنی ئەو هونەرە؟.